# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای (وارڤین) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی بیست و شەش / 68 لاپەڕە/1500 دینار/١ـی سیپتیمبەری ٢٠١٠

جەوهەر نامیق:
هەندی
لایەن
وەک
بووکەشووشە
مامەڵە
لەگەڵ
ژن دەکەن

ڕەمەزان
زەماوەندی
هاوسەرگیری
پەلخستووە

UN
نەینەوا
دەکاتە
دوو
پارێزگا

بڕیاری دادوەرێک
ساکاری بە کوشتدا
لەلایەن باوک و براو
مامەکانیەوە کوژرا



هەرمێی و
هەڵوژەو
قەیسی
منم
عەزیزی
وەیسی

خاوەن مۆنیکایەک
بە15 گرتەی
سێکسی هەڕەشە
لە کچان دەکات



www.no...com

# ماڵی دوبەی

بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ بە تاکو کۆ







**شوشەوات - ستیل - کریستاڵ - جوانکاری - بەنرخێکی گونجاو**

**نرخەکانمان**
**رکابەرە**
**ترکی**
**تایوانتایلەندی**
**یابانی**





ناونیشان هەولێر شەقامی ئیمێرجنسی تەنیشت فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

تەلەفۆن 07702425265 - 07507517774 - 07504565824

www.netewe.com




کچە مەکسیکی (جیمینە ناڤارێتە رۆزێتە) بووە شاجوانی ٢٠١٠

warvin.press@yahoo.com

**WARVIN.ORG**





خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

**لەنجە عەبدوڵڵا**

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

**تەنیا کوردی**

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

**بەهرە حەمەڕەش**

behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:**

فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:**

د. توانا عەبدولڕەحمان

**کۆمەڵایەتی:**

ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:**

ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

warvin.press@yahoo.com

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان


وارڤین

www.netewe.com

# دووژن دەکوژرێ

## بەبڕیاری دادوەرێک لە پەناگە هێنراونەتەوە دەرەوەو ڕادەستی بنەماڵەکانیان کراونەتەوە

شەڵتەرەکانی تایبەت بەپاراستنی ئافرەتان تائێستا بێبوونی یاسایەک کار دەکەن و لەماوەی رابردوودا بەبڕیاری دادوەرێکی هەولێر دوو ژن لەو شەڵتەرانە دەرهێنراون و رادەستی کەسووکارییان کراونەتەوەو پاشان ئەو دوو ژنە لەلایەن خێزانەکانیانەوە کوژراون. بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەدانی ئافرەتی هەڕەشەلێکراویش بوونی سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکان بەپێویست دەزانێت.

وارڤین — تایبەت:

ماڵی داڵدەدانی ژنی هەڕەشەلێکراو لەساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێر دامەزراوە، لەمانگی تشرینی یەکەمی هەمانساڵ کەیسی وەرگرتووە، ئـەو شەڵتەرە سـەر بەبەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدان و چاودێری خێزانی، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

بەهار رەفـیـق، بـەرێـوەبـەری ئـەو ماڵە دەڵێ، کارەکانیان لەو ماڵە وەرگرتنی ئەو ژنانەیە، کە هەڕەشەیان لەسەرە لەلایەن خێزانەکانیان، تاچارەسەرکردنی کێشەکە. بەڵام لەهەولێر تەنیا ئەو ماڵەیە هەیە بۆ داڵدەدانی ئافرەتی هەڕەشەلێکراو، بۆیە چەندین کەیس و کێشەی دیکە، دەچێتە ئەو ماڵەوە."تێکەڵاوبوونی ئەو کەیسانە کێشەمان بۆ دروسـت دەکـات، چونکە کێشەکانیان جیاوازە، ئەمەش وا دەکات کێشە راستەقینەکان، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی هەڕەشەیان لەسەرە، لەبیر بچنەوە، چونکە چەندین جۆری کێشەی دیکە، وەک ئـەوانـەی بەهۆی نەبوونی شوێنی حەوانەوەی بەنددەکرێن لە شوێنە جیاوازەکان، ئەوا دەهێنرێنە ئەو ماڵە".

روونیشیکردەوە، بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی قورسن و هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە لەوێن."بەو هۆیەوە هەر لەسەرەتای

www.netewe.com

هاتنی ئەو کەیسانە کار بۆ چارەسەرکردنیان دەکەین، هەوڵدەدەین پەیوەندییەکان ئاسایی بکەینەوە، کێشەکان نەهێڵین، چونکە ئەو ژنانەی لێرە دالدەدەدرێن چوونەدەرەوەیان نییە، بۆیە ناکرێت ژن هەموو تەمەنی لەو ماڵە بباتە سەر".

بەڕێوەبەری ئەو ماڵە باس لەوەدەکات بەشێک لەکێشەکان زۆر بچووکن، هەندێکیان تەنیا لەبەر ئەوەی ژنەکەیان یا کچەکەیان داوای تۆمارکردووە، کێشە دروست دەبێت، ئەمە وادەکات ژنەکە بنێردرێت بۆ ماڵی دالدەدان.

ئەو رای وایە کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی بوونی کەلتوورەوە چاوپۆشی لەبچووکترین هەڵەی ژن ناکات، تەنانەت ئەو ئافرەتانەی، بەنددەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێن یا لە شەڵتەر دەچنە دەرەوە، کۆمەڵگا بەچاوێکی نزم لێیاندەڕوانێ. ئەو رای وایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنان لایەنی هۆشیاری بگرنەبەر و هەوڵبدەن لەرێگەی کاروچالاکیەکانیان کار لەسەر ئەو بیرو بۆچوونانە بکەن کە ژنان بەوهۆیەوە تووشی کێشە دەبن.

بەهار رەفیق، ئاشکرای دەکات لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو ماڵەوە"٣٠٠ کەیس وەرگیراوە، ١٥٧ کێشە چارەسەرکراوە، تەنیا دوو لەو کەیسانە دوای بردنەدەرەوەیان لەو ماڵە کوژراون"، بەهار، بەنیگەرانییەوە باس لەکوشتنی ئەو دوو کەیسە دەکات، دەڵێ"ئەو دوو ژنەی کە کوژراون، هەردووکیان لەلایەن دادوەرەوە لێرە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە بردراونەتە دەرەوە دواتر لەلایەن کەسووکاریانەوە کوژراون" (لەم ژمارەیەی گۆڤاری وارڤین بەدواداچوونی ورد بۆ یەکێک لەو کەیسانە کراوە).



بەهار رەفیق

بەهار، نارەزایی خۆی لەبوونی ئەو دوو کێشەیە دەردەبڕێت، دەڵێ:"دوای ئەو کێشەیە بڕیارماندا هیچ کەیسێک نەنێرینە دەرەوە تا کێشەکان چارەسەر نەبێت".

بەهار، رای وایە ئاشتبوونەوەی سەر کاغەز کۆتایی بەکێشەکان ناهێنێ، بۆیە بەگرنگی دەزانێت ئاشتبوونەوەی سەر کاغەز دوا ئاشتبوونەوە بێت."ئەو کێشانە پێویستیان بەئاشتبوونەوەی رۆحی هەیە، بۆیە بە گرنگی دەزانم تا ئەو ژنانە لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە رۆح لەگەڵ یەکتر ئاشت نەبنەوە ئەوا نەچنەوە لای یەکدی".

داوا لە دادوەرەکان دەکات بەوردی کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکەن کە هەرەشەیان لەسەرەو بەخێرایی بڕیار لەسەر کێشەکان نەدەن.

بەهار، لە بەشێکی دیکەی قسەکانی ئاماژە بەنەبوونی سیستەمێک دەکات بۆ بەڕێوەچوونی ماڵی دالدەدان، بەبڕوای بەهار، بوونی سیستەمێک بۆ بەرێوەچوونی کارەکانی دالدەدان وادەکات کارەکانیان باشتر لەوەی ئێستا هەیە، بەڕێوەبچێت. ئەگەرچی کارەکانیشیان لەئێستا بەباش وەسف دەکات:"ئەوەی کراوە کەم نییە، رزگارکردنی ژنێک لە کوشتن گەورەترین دەستکەوتە".

نەبوونی باڵەخانەی تایبەت بە ماڵی دالدەدان کێشەیەکی دیکەی بەردەم کارەکانی ئەو ماڵەیە، بەهار، باس لەوەدەکات کە ماڵی دالدەدان نابێت لەناو خانووی ماڵان بێت، چونکە ئەو کەیسانە پێویستیان بەشوێنی فراوانترە"ئەوانە خاوەن کێشەن پێویستیان بەکەشێکی ئارامەو پێویستمان بەچەندین هۆڵی گەورەیە، بۆ نموونە هۆڵی کاری دەستی، راهێنانی وەرزشی..هتد".

لەبارەی بەرنامەی کاریان بۆ داڕشتنی سیستەمێکی نوێ بۆ ماڵی دالدەدان، گوتیشی لەداهاتوویەکی نزیک لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار کار بۆ داڕشتنی رەشنووسێک دەکەین بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمێک بۆ شەڵتەرەکانی دالدەدان، چونکە لە شوێنی دالدەدان پێویستمان بەچەندین هۆبەی وەک تەندروستی و پەروەردەیی...هەیە".

ئەو لەبابەت بوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنان، ئاماژە بەوەدەدات پەیوەندیان هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی باڵەخانەی تایبەت بەخۆیان ناتوانن پەرە بەپەیوەندییەکانیان بدەن.

**ئاڤان فارس**

# UN نەینەوا دەکاتە دوو پارێزگای کورد و عەرەب

## کورد قبووڵیەتی و مەسیحیییەکانیش پاڵشتی دەکەن

دوای تێپەڕبوونی ٤٠ساڵ بەسەر جیابوونەوەی پارێزگای دهۆک لەویلایەتی موسڵ، جارێکیتر بیرۆکەی دابەشبوونەوەی نەینەوا بۆ دوو پارێزگای ( کورد- عەرەب) سەریهەڵداوەتەوەو لە پێشنیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەو هەنگاوە خراوەتەبەردەم لایەنی کورد و عەرەب، لایەنی کورد و کریستانەکان ئەو پێشنیازەیان قبووڵە.

لەساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ ٣٥٠ هەزارو ٣٧٨ کەس بوو کە ٦٩٪ـی دانیشتووانی ئەو رێژەیە کوردبوون. ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایەش لەئێستادا ٣ ملیۆنی تێپەڕیکردووەو بەپێی ئامارێکی فەرمی لەو ژمارەیەدا ٥٥٪ـی عەرەب، ٣٧ ٪ کورد و ٥٪ تورکمان و ئاشوورییە. ئەو پارێزگایە ٩ قەزا (قەزای موسڵ، مەخمور، ئاکرێ، حەمدانیە، شێخان تەلەعفەر، شنگار، ئەلبەعاج و تلکێف، لەخۆدەگرێت). لەساڵی ٢٠٠٥ کورد لەکۆی ٤١ کورسی خاوەنی ٣٤ کورسی پارێزگاکەبوو، لەدوا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەو شارەش، کورد لەژێر ناوی لیستی برایەتی نەینەوا بووە خاوەن ١٣ کورسی، لەکاتێکدا لیستی حەدبا کە لەلایەن ئەسیل نجێفی پارێزگاری ئێستای نەینەواوە سەرۆکایەتی دەکرا ١٩ کورسی بەدەستهێناو لەگەڵ پارتی ئیسلامی عێراقی (٣کورسی) ئیئتیلافی کرد و پۆستە سیادییەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشکرد. ئەم هەڵوێستەی حەدبا وایکرد کوردەکان پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بایکۆت بکەن. لەدووساڵی رابردوودا پارێزگای نەینەوا بووەتە وێستگەی تیرۆریستان و دوای بایکۆتی کوردەکانیش لە پۆستە ئیدارییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا، لیستی حەدبا نەیتوانی ئیدارەی ئەو پارێزگایە بکات و رەوشەکە ئاڵۆزتربووە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان لیستی برایەتی نەینەوا و حەدبا نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیارێکی نوێی خستووەتەبەردەم لایەنە عێراقییەکان و تێیدا هاتووە کە نەینەوا بکرێتە دوو پارێزگای کوردی و عەرەبی.

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەلیستی برایەتی نەینەوا لەیلا رێکانی، لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین، دەڵێ ئەگەر حەدبا لەسەر ئەو هەڵوێستەیان بەردەوام بێت، ئەوا کورد هەوڵی دامەزراندنی پارێزگایەکی تایبەت بەخۆی دەدات، چونکە کورد لەو پارێزگایەدا نوێنەرایەتی زیاتر لە ١ ملیۆن هاووڵاتی رەسەن دەکات. لەیلا، لەگەڵ ئەوەدا کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠بەباشترین چارەسەر بۆ نەمانی کێشە لەو پارێزگایە دەردەبڕێت، بەڵام جێگری لێژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ـی نەرمین عوسمان دەڵێ، جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە لەو ناوچەیە لە گوماندایە."بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە لەناوچە کێشەدارەکان١٧٦ ملیار دینار لەبودجەی ئەمساڵ تەرخانکرا و ئێستاش لە شنگال چەکی قەرەبووی ١٤٠ پێشکەش بەئاوارەکانی ئەو ناوچەیە کرا".

نەرمین عوسمان، هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ئاشکرایدەکات پێشنیازی بوونی نەینەوا بۆ دوو پارێزگا، لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان کراوە، بەڵام ئەو وەک چۆن جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەو ناوچانە بەسەخت وەسف دەکات، بەهەمانشێوەش دابەشکردنی نەینەوا بۆ دوو پارێزگاو جیاکردنەوەی سنووری ئەو دوو پارێزگایە بەسەخت دەزانێت.

### جۆگرافیای نەینەوای نوێ

پرۆفیسۆر د.خەلیل ئیسماعیل پسپۆڕی جۆگرافیاو شارەزا لە جۆگرافیای پارێزگای نەینەوا بۆ وارڤین، دەڵێ بوونی نەینەوا بەدوو پاریزگا کارێکی قورسەو رەنگە کورد لەو هەنگاوەدا زەرەرمەند بێت. ئەو نموونە بەوەدەهێنێتەوە کە لەساڵی ١٩٦٩ ویلایەتی موسڵ هەبوو ئەوکات بۆ نزیکبوونەوەی گفتوگۆکانی کورد و بەغدا بڕیاری پێکهێنانی پارێزگای دهۆک درا، هەریەک لە ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی لە ویلایەتی موسڵ دابڕێندران و دواتر رژێمی بەعس دەستی بەعەرەباندن لە نەینەوا کرد. چونکە لەدەسپێکدا ویلایەتی زۆرترین رێژەی دانیشتوانی موسڵ (٦٩٪) کورد بوون و عەرەبەکان رێژەیەکی کەمی دانیشتووانی ئەو ویلایەتەیان پێکهێناوە. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە کورد مێژووی١٩٦٩ـی بۆ دووبارەببێتەوە بەدروستبوونی پارێزگایەکی نوێ لە نەینەوا، دووبارە زەرەرمەند دەبێت. د. خەلیل، لەگەڵ ئەوەدا نییە کە پارێزگای نەینەوا دابەشبکرێت"سنووری ناوچەکان و شارۆچکەو شارەدێکان لە یەکتری جیاناکرێتەوەو وەک ئەوەی

# موسڵ




## نەخشەی موسڵ

لێدێت ماددەیەکیتری ١٤٠ بچووک لەو ناوچەیە جێبەجێ بکرێت. هاوکات ئەگەر جیابوونەوەش بوو بە ئەمری واقیع ئەوکات پشت بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبەسترێت و کورد بەتەنیا لەلایەک حیساب دەکرێت، عەرەب و پێکهاتەکانی تریش لەلایەک، ئەوکات بەو شێوەیە کورد لە قەزای موسڵ، ئەلبعاج، قیارە، ربیعەو باعزرە سەرکەوتوو نابێت. وێڕای ئەوەی کورد لە ناوچەکانی تەلعفەر، مەخمور، ئاکرێ، شێخان، زمار و بەعشیقە سەرکەوتوو دەبێت".

بەڵام مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین زوبێر رەسوڵ، دەڵێ لەبەرژەوەندی کورد دایە ئەگەر نەینەوا دابەشی سەر دووپارێگای کوردی و عەرەبی بکرێت. ئەو وایدەبینێت کە ئەو دابەشکردنە ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە کورد داوای دەکات، ئەوکات ئەو هەنگاوە لەبەرژەوەندی کورد تەواودەبێت، چونکە ئومێد بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ کەمە.

زوبێر رەسوڵ، دەڵێ:"ئەگەر مەبەستیش لەو دابەشکردنە تەنیا ئەوەبێت کە ئیدارەی کوردی و عەرەبی لەچوارچێوەی یەک پارێزگا جیابکرێتەوە ئەوکات کورد زەرەریەتی، چونکە دەبێتە بازدانێک بەسەر مادەی ١٤٠ و هەرکاتێکیش حکوومەتی بەغدا بەهێز بێت، ئەوا کورد لەدەسەڵاتدا پەراوێز دەخات". ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق موحسین سەعدون، لەبارەی بوونی نەینەوا بۆ دوو پارێزگا دەڵێ، هەڵوێستی لیستی حەدبا پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە، بۆیە کورد چاوەڕێی کابینەی نوێ عێراقەو کاتێکی دیاریکراوی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نەینەوا دەوێت. ئەو ئاماژەیدا کە ١٦ یەکەی کارگێڕی (قەزاو شارەدێکان) لەپارێزگای نەینەوا ئەنجومەنی پارێزگایان بایکۆت کردووەو بەمەش گەر چارەسەرێک بۆ کێشەکە نەدۆزرێتەوە، ئەوا کورد هەوڵی دامەزراندنی پارێزگایەکی کوردی لە نەینەوا دەدات. موحسین سەعدون، دابەشبوونی پارێزگای نەینەوا بۆ دوو پارێزگای (کوردی، عەرەبی) بەپێچەوانەی دەستووری عێراقی نابینێت، چونکە دابەشبوونی پارێزگایەک بۆ پێکهێنانی دووپارێزگا بەو واتایە نییە کە عێراق دابەشدەبێت. ئەو دەڵێ:"تائێستا ١٦ یەکەی کارگێڕی کورد بە قەزاو شارەدێکانەوە کە بایکۆتیان کردووە لە خزمەتگوزاری بێبەشکراون و چیتر کورد چاوەڕێی کاتبەسەرچوون ناکات".

### کریستیانەکان لە نەینەوای کوردی دەبن

نزیکەی ٣٠٠ هەزار کریستان لەناوچەکانی شێخان و حەمدانییەو قەرەقۆش و تلکێف و سەنتەری قەزای موسڵ نیشتەجێن. کریستانەکان لە دوو کۆنگرەی خۆیاندا لە هەرێمی کوردستان داوای ئۆتۆنۆمیان لەدەشتی نەینەوا کردووەو دەیانەوێت ئۆتۆنۆمییەکەیان لەژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا بێت. لە لێدوانێکی پێشووی کەسایەتی سیاسی کریستانەکان سەرکیس ئاغاجان بۆ وارڤین بەروونی دیاریکرد کە ئەوان ئۆتۆنۆمی دەشتی نەینەوا دەخەنەواری جێبەجێکردنەوە. هاوکات رۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی بەیتنەهرێن بۆ وارڤین دەڵێت:" لەدەستووری هەرێمدا مافی ئەوەمان چەسپاندووە کە کریستانەکان ئۆتۆنۆمییان هەبێت و سنووری ئۆتۆنۆمیەکەشمان دەشتی نەینەوایە". رۆمیۆ، دەڵێ ئەوان پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەن و لەگەڵ ئەوەدان ئۆتۆنۆمییەکەیان لەژێر ئیدارەی هەرێم دابێت. هەروەها رۆمیو، لەگەڵ دابەشبوونی نەینەوایە بۆ دووپارێزگاو ئەگەر ریفراندۆمیش کرا ئەوان ئیدارەی نەینەوای کوردی هەڵدەبژێرن.

شەبەک پاڵپشتی نەینەوای کوردی دەکەن

شەبەک بەشێکن لەپێکهاتەی نەتەوەیی کورد و ژمارەیان لە پارێزگای نەینەوا ٣٥٠ هەزار کەس دەبێت. ئەوان نیشتەجێی باکووری موسڵن و زۆرترین رێژەی دانیشتووانیان لە شارەدێی بەرتیلەی سەر بە قەزای حەمدانیەیە. کەسایەتی رۆشنبیری شەبەک و شارەزا لەمێژووی شەبەک جەعفەر فەریق، دەڵێ، ئەگەر نەینەوا دابەشی سەر دوو پارێزگای کوردی و عەرەبی بکرێت، ئەوان نەینەوای کوردی هەڵدەبژێرن و پاڵپشتی لەهەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکەن.

## جەوهەر نامیق بۆ وارڤین:

# هەندێ لایەن و سیاسەتکار زیاتر وەک مۆدەو بووکەشووشە لەگەڵ ژن مامەڵە دەکەن



کەسایەتی سیاسی جەوهەر نامیق لەمیانەی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ وارڤین رایگەیاند کە دوای رزگاری عێراق پرسی ئافرەت چووەتە پێشەوە، بەڵام مەمملەکەتی پیاوسالاری ئیستغلالی پرسەکەیان کردووە. ئەو هەروەها ئاشکرای کرد کە هەندێ لایەن، لێپرسروا و سیاسەتکار، زیاتر وەک مۆدە نەک وەک ماف و پێویست و زۆرجاریش وەک بووکە شووشە لەگەڵ ژن مامەڵە دەکەن.

بەرەڤان ئەحمەد



وارڤین: ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی محەمەد مەلا قادر، دەڵی"بەپێی پێڕەوی ناخۆ هەر ئەندامێکی پارتی لە سێ کۆبوونەوە بەشدار نەبێت و سێ ئابوونە نەدات سیفەتی ئەندامیەتی حزبی نامێنی. کاک جەوهەر پتر لە ١٠٠کۆبونەوەش بەشدار نەبووە، بۆیە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پارتی ئێستا ئەندامی حزب نییەو مافی هەیە لەکۆنگرەدا بەشدار بێت." ئایا تۆ بەفەرمی لەناو پارتیدا نەماویت؟

جەوهەر نامیق: راستە پێڕەوی پارتی وا دەڵێت. وەلێ هەر هەمان پێڕەو شتی دیکەش دەڵێت. بەهەرحاڵ حەق نییە کاکە مەلا و ئەوانەی وەک کاکە مەلای پارتی وا بەتۆخی باس لەپێڕەوەی ناخۆ بکەن، چونکە ئەگەر بەپێی ئەو پێڕەوە مامەلەیان لەگەڵدا بکرێت مەگەر بەدەگمەیان سیفەتی ئەندامەتیان تێدا بمێنێت (بەعوزری مەشروع و نامەشروع)یشەوە، بەڵکو دوور نییە لەواقیعکی حزبی تەندروستدا زۆریان تووشی کێشمەکێشی قەرزاریش بن. بەندە بەبڕیار و قەناعەتی خۆی هەر لەسەرەتای هاوینی ٢٠٠٣ دەستم لەهەموو پۆست و مەسئولیاتێکی ناو پارتی هەڵگرتووە ئەم هەڵوێست و بڕیارەشم لە چەندین گوتار و کۆڕ ودیداردا بەراشکاوی راگەیاندووە کە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیم بە پارتییەوە نەماوەو باشیش دەزانین پێڕەوە چی دەڵێت چۆن کاری پێدەکرێت. کاتی خۆی لە وڵامدانەوەکیماندا لە رۆژنامەی (رووداو ژمارە ١١٤ لە ٢٤-٥-٢٠١٠ ) ئاماژەمان بەلادانی سەرکردایەتی پارتی لە گەلێک لە ماددەو برگەکانی و ئەو پێڕەوە کرد کە کاکە مەلا یان وەک بڵێیت ئەندامێکی مەکتەب سیاسی پارتی پەنای بۆ بردووە.

وارڤین: گۆڤارێکی لۆکاڵی لە کوردستان رایگەیاندووە کە گۆڕان هەوڵدەدات خزمێکی جەوهەر نامێق بێنێتە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەوە. ئێوە تا چ رادەیەک لەو پرسە ئاگادارن؟ گەلۆ نزیکایەتییەک لەنێوان ئێوەو گۆڕاندا هەیە؟

جەوهەر نامیق: منیش ئەو هەواڵەم بینی، سروشتیە، خزمانی ئێمە وەک هەموو هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانە خۆیان سەرپشک و ئازادن پەیوەندی بە چ لایەنێکی سیاسییەوە دەکەن، لەنێوان ئەوانیش پەیوەندی و ئینتیما و هاوکاری بزووتنەوەی گۆڕان ولایەنی دیکەش. سەبارەت بە بەندە هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی دۆستایەتیمان هەیە لەگەڵ برایانی گۆڕان وەک باڵێکی ئۆپۆزسیۆن و هێزێکی سیاسی و هەروەها لەبواری کۆمەڵایەتیش.

وارڤین: وەک ئاگادارن لەکۆنگرەی سێی یەکێتی نیشتیمانی دا ١٠ ژن ( ٢ بەدەنگی خۆیان و ٨ بە کۆتا) چوونە سەرکردایەتی ئەو حزبەوە.



www.netewe.com

پێشبینی دەکەیت کە پارتیش بتوانێت بەو ڕێژەیە ئافرەت بباتە سەرکردایەتی؟

جەوهەر نامیق: ئەوە بڕیاری خودی برایانی پارتییە. لەبیرنەکەین هێشتا پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگاو حزب و دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکاندا بەکار و دەسەڵاتدارە. دوای ڕزگاری عێراق پرسی ئافرەت دەچێتە پێشەوە، مەمملەکەتی پیاوسالاری ئیستغلالی پرسەکەیان کردووە. هەندی لایەن و لێپرسروا و سیاسەتکار، زیاتر وەک مۆدە نەک وەک ماف و پێویست و زۆرجاریش وەک بووکە شووشە مامەڵەیان لەگەڵدەکرێت یان...

بەهەرحاڵ بەڵێ، پێشبینی دەکەم وەک ئەگەرێک، ڕێژەی ئافرەت لە ئاستی سەرکردایەتی و ناوەندەکانی پارتی زیاد بکرێت لەوەی ئێستا. بەشبەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەمە زەمینە خۆش بکرێت بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لەهەموو بوارەکاندا، وەلێ دەبێت لەسەر ئەساسی تواناو کەفائەت خۆبەقەبووڵدانی خودی ئافرەت بێت. ڕێژەی زۆری ئافرەت لە پۆستە حزبی و ئیدارییەکاندا گرنگە، وەلێ لەوە گرنگتر کێن و چۆن دەگەنە ئەو پلەوپایانەو چ دەکەن و چییان پێدەکرێت!

وارڤین: رای ئێوە لەبارەی سەرخستنی ژنان بۆ پلەبەرزەکانی پارتی و یەکێتی چییە. ڕۆڵیان چۆن دەبێت. ئایا دەنگی ژن دەتوانێت لەناوەندی بڕیاری ئەو دوو پارتەدا کاریگەر بێت؟

جەوهەر نامیق: جاری لەگەڵ زاراوەی سەرخستن نیم. واتە ڕەگەزی پیاو خێریان پێبکات. ئەوە خودی ئافرەتانە دەبێ ئەوە ماف و پلەوپایانە وەدستبێنن و بەکەفائەت و لیهاتویی و توانای خویان. سەبارەت بەگرانی دەنگی ئافرەت لەسەر بڕیاری ناوەندی ئەو دووپارتە لەم قۆناغەدا بەزەحمەتی دەبینم، چما زۆرێک لەپیاوانی ناوەندی ئەو دوو حزبە کاریگەرن لەسەر ئەو بڕیارانە؟!

وارڤین: بەڕای ئێوە هۆکاری پێشنەختستنی ژن لەناو پارتیدا چییە؟

جەوهەر نامیق: دەیان کۆسپ و تەگەرە هەیە سەبارەت بەپێشنەختستی ئافرەتان. بەدەرلە جەمسەرە کۆمەڵایەتییەکان، خودی ئافرەت خۆی و ئەوانەی کە دەکرێنە نوێنەر و دەمراستی ئافرەتان و قبوولکردنیان بەو ڕۆڵەو بێدەنگی ئافرەتان لەو شێوەو شێوازە مامەڵەیە، عەقڵیەتی پیاوسالاری ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و ئیداری و دید و بۆچوونیان بۆ ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت و بەکارهێنانی پرسی ئافرەت لەلایەن بازنەیەکی دەستڕۆیشتوو بۆ پرۆپاگەندەو مەرامی شەخسی و ڕوومەتی و تەسویقکردنی لەمەراسیم و بۆنەو دیدارەکاندا.



جەوهەر نامیق

وارڤین: هەندێک لە بەرپرسانی پارتی دەڵێن ئەوان بە نیاز نین ژن و گەنج بەکۆتا بەرنە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی. رای ئێوە لەبارەی کۆتاوە چییە؟

جەوهەر نامیق: ئەمە بڕیاری خۆیانە، وەلێ بەشبەحاڵی خۆم(کۆتا) بە (بدعە)یەکی تازەی ژیانی سیاسی عێراق و کوردستانی دوای ٢٠٠٣ی دادەنێم، جۆرە سەپاندن و ئیقحامێکە، بەدیدی بەندە ئەم ( بدعە)یە لەڕووی مافەکانی مرۆڤ و دەستووری و هەندی بنەمای ئایینی و کۆمەڵایەتی یەکناگرنەوە بۆ نموونە:

١.لەڕووی مرۆڤایەتییەوە: لەماددە (١)ی ڕاگەیاندنی جیهانی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤی (دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨)دا هاتووە:" ١. يولد جميع الناس أحرارا متساوين فى الكرام والحقوق، وقد وهبوا عقلا وضميرا وعليهم أن يعامل بعضهم بعضا بروح الإخاو." هەروەها لەماددەی (٢) هەمان ڕاگەیاندا هاتووە: " ٢. لكل إنسان حق التمتع بكافه الحقوق والحريات الوارده فى هذا الإعلان، دون أى تمييز، كالتمييز بسبب العنصر أو اللون أو الجنس أو اللغه أو الدين أو الرأى السياسى أو أى رأى اخر، أو الّصل الوطنى أو الاجتماعى أو الثروه أو الميلاد أو أى وضع اخر، دون أيه تفرقه بين الرجال والنساء. وفضلا عما تقدم فلن يكون هناك أى تمييز أساسه الوضع السياسى أو القانونى أو الدولى لبلد أو البقعه التى ينتمى إليها الفرد سواء كان هذا البلد أو تلك البقعه مستقلا أو تحت الوصايه أو غير متمتع بالحكم الذاتى أو كانت سيادته خاضعه لّى قيد من القيود."

٢.لەڕووی دستوورییەوە:

• وەک پرەنسیپێکی گشتی کە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) جەختی لەسەر کردووە، سەبارەت بە یەکسانی لەنێوان ئادەمیزادا و مەودانەدان بەجیاوازی لەسەرئەساسی ڕەگەز( الجنس) ماددەی ١٤ی دەستوورەکە دەڵێت" ماددەی ١٤. العراقيون متساوون أمام القانون

www.netewe.com

دون تمييز بسبب الجنس أو العرق أو القوميه أو الاصل أو اللون أو الدين أو المذهب أو المعتقد أو الرأي أو الوضع الاقتصادي أو الاجتماعي ."دەقە کوردییەکەی: " ماددەی (١٤): عێراقییەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێجیاوازی رەگەز یا نەژاد یا نەتەوە یا بنەچە یا رەنگ یا ئایین یا ئایینزا یا بیروباوەڕ یا بۆچوون یا بارودۆخی ئابووری یا کۆمەڵایەتیان."

•ماددەی (٤٩) لە سێ برگەیدا جەخت لەیەکسانی دەکات تەنیا برگە (چوار)ی نەبێت کە دەڵێت:" رابعا: يستهدف قانون الانتخابات تحقيق نسبه تمثيل للنساء لا تقل عن الربع من عدد أعضاء مجلس النواب ." دەقە کوردییەکەی:"چوارەم: یاسای هەڵبژاردن رێژەیەک بۆ بەشداربوونی ئافرەتان دادەنێت بەجۆرێک کەلە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت."هەرچەندە ئەم برگەیە مرومشت هەڵدەگرێت، وەلێ مەبەست لەرێژەی (چارەک) حەدی ئەدنایە واتا نابێت لەوە کەمتر بێت کەچی یاسای هەڵبژاردنی عێراق بە (٢٥٪) جێگیری کردووە لەپرۆژەی دەستووری هەرێم (٣٠٪). لایەنە سیاسییەکان وا تەفسیری ئەم برگە دەکەن کە نابێت لەوە زیاتر بێت یان لەپراکتیدا وایبۆدەچن.!

زۆر خۆم لە لایەنە شەرعییەکەی نادەم، بەڵام دوورنییە لەهەندێ بواردا ( کۆتا) دروست نەبێت" يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم " یان"الناس سواسيه كأسنان المشط"....هتد

پوختەکەی خودی ئافرەتان نابێت ئەم (بدعه)یە قەبووڵکەن جۆرە جیاکارییەکە لەنێوان هەردوو رەگەز وەک مەعلومیش هەر وەکو هەندێ لایەنی شەرعی دەڵێن (كل بدعه ضلاله وكل ضلاله في نار).

وارڤین: بەڕای ئێوە پارتی و حزبەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاتنەوەپێشەوەی ژنان دەبێ چ میکانزمێک پێرەو بکەن؟

جەوهەر نامیق: زەمینەیان بۆ فەراهەم بکەن وەک مرۆڤ و خاوەن کەسایەتی و توانا و ماف، دوورلە دید و ویست و ئارەزووی تایبەتی و ریکلام و خۆهەڵکێشان. با خودی ئافرەتان بەتواناو کەفائەت و کەسایەتی خۆیان شەفافانە بەشداری ململانێکان بکەن و رەگەزی پیاو ئیستغلالی دەسەڵاتی پیاوسالاری حزب و ئیدارە نەکات و ئینتیقائی نەبن ..!

وارڤین: پاش ئەوەی نێچیرڤان بارزانی حکومەتی بەجێهێشت، رایگەیاند کە دەیەوێت لەناو پارتیدا چاکسازی بکات. هەندێک لەچاودێرانی سیاسی دەڵێن رێفۆرمی نێچیرڤان بارزانی بەپراکتیکی لەم کۆنگرەیەوە دەستپێدەکات. بەڕای ئێوە ئایا دەتوانێت ریفۆرم بکات؟

جەوهەر نامیق: ریفۆرم پێناسەی جیاجیا هەڵدەگرێت و لە کەس و دەزگایەکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕدرێت. گرنگ ریفۆرم نییە بەئەندازەی ئەوەی چۆن و بۆ و تاکوێ. بەهەرحاڵ گەشبین نیم لەریفۆرمی بنەرەتی حزب و ئیدارەی ئەمڕۆی کوردستان روومەتی بەڵی دەبێت.

وارڤین: بەڕای ئێوە وەک حزبەکانی دیکە کوتلە لەناو پارتیدا هەیە، ئایا پێشینی دەکەی لەناو کۆنگرەدا شتێکی لەمجۆرە هەبێت؟

جەوهەر نامیق: حزب و ریکخراو نییە گروپ و کوتلەو کوتلەکاری تیدا نەبێت. پێناسەی گروپ و کوتلە دیسان لەیەکێکەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕێت. لەبیرنەکەین هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی لەسێ کوتلە یان باڵ یان رێکخستنی جیا جیا درووستبوو. جگە لە گروپ و کەسایەتی کۆمەڵایەتی بەنفوز وئیمکانیات. بەحوکمی تەمەنی ئەم حزبە گەورەیی و رووداوەکان تا رادەیەک لەهەموو حزبێکیتر گرفتاری ئەوە دیاردەیە بووە. بەپێی قۆناخەکان شێوەو شێوازی جودای بەخۆیەوە بینیوە. نکۆڵیکردن لە بوونی کوتلەو گروپ، نکۆڵییە لە زیندوویی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و سڕینەوەی بەرژەوەندییەکان. کوتلەو باڵ و گروپ بەمانا زانستییەکەی بۆ هەر حزب و ریکخراوێک ناشموولی و بێ ئایدۆلۆجیەتی موحەدەد سروشتی و تەندروستە، بەڵکو نەبوونی مایەی پرسیارە. بەڵێ ناو پارتیدا کوتلەو باڵ هەبووەو ئیستایش هەیەو لە ئایندەیش هەر دەمێنێت. ئەمە سەیر نییە، وەلێ کێشەکە لەوەدایە ئەم باڵ و کوتلانە بۆچییەو چییاندەوێت..؟! یەکرەنگ و یەکدەنگ و یەکبیر و یەک بەرژەوەندی مەحاڵە.

وارڤین: بەڕای ئێوە پارتە کوردستانییەکان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان تا چ رادەیەک پێویستیان بە ریفۆرمە؟

جەوهەر نامیق: پێویستیەکی حەیاتییە، وەلێ بەدیدی بەندە لەزۆر بوارد کار لەئاستی ریفۆرم دەرچووە، زۆرێک لەو پارتانە پیویستی بە گۆران

## پێویستە

## وەک مرۆڤ و خاوەن کەسایەتی و توانا و ماف، دوورلە دید و ویست و ئارەزووی تایبەتی و ریکلام و خۆهەڵکێشان زەمینە بۆ پێشکەوتنی ژن فەراهەم بکرێت

www.netewe.com

# پەرلەمانتارێکی پارتی دادوگەشەپێدان:

# لەدرێژخایەندا پێویستمان بە رێککەوتن لەگەڵ BDP هەیە

پەرلەمانتاری پارتی دادوگەشەپێدانی ئامەد، عەبدولڕەحمان کورت، رایگەیاند کەلەدرێژخایەندا پێویستیان بە رێککەوتن لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی هەیە. ئەو هەروەها ئاشکرای کرد کە پاکێتی ریفراندۆمی پارتەکەی چەندی بۆ تورک تێدا بێت سێ قاتی ئەوە سوودی بۆ کورد هەیە.



دیلار سەولەدار

ئامەد

وارڤین: با لە ریفراندۆمەوە دەست پێبکەین. بۆچی ئەم ریفراندۆمە ئەوەندە گرنگە؟

کورت: لە تورکیا سیستەمێکی کوێخایەتی (سیستەمێک کە کەس یان کەسانێک بەجێی هاووڵاتیان بڕیار دەدەن) هەیە. لە تورکیا دەگوترێت"دەسەڵاتداری بێمەرج و مەرجدار هی میللەتە". بەڵام دەستوورەکەی ئێمە وەها ئامادەکراوە کە جارێکی دی ئەو دەسەڵاتدارییە لە گەل دەستێنێتەوە. چونکە دەڵێ:"گەل لەرێگەی دامودەزگاکانی دەستوورەوە ئەو بڕیارە بەکاردێنێت". ٤١١ پەرلەمانتار لە پەرلەمان دەنگی ئەرێیان دا، بەڵام دادگای دەستوور ئەو بڕیارەی رەتکردەوەو ئیرادەی هەمووانی وەک نەبوو هەژمار کرد. لە تورکیا سیستەمی بڕیاردان لەسەرەوەی هەموو ئیرادەکانە. ئەگەر بەڕاستی بڕیار لەدەستی سیستەمی کوێخایەتیدا نەدەبوو، لەم وڵاتەدا کوشتنە بکوژ نادیارەکان ئەوەندە روویاننەدەدا. ١٧ هەزار کوشتنی بکوژ نادیار پێکهاتووەو کەسیش لێینەپرسیوەتەوە. ئێمە بەو ریفراندۆمە دەمانەوێ سیستەمی کوێخایەتی لەنێوبەرین. بۆ ئەوەش ئێمە بەئیرادەی گەل هەموو بڕیارەکان وەردەگرین.

وارڤین: پاکێتی ریفراندۆم چی بۆ کورد تێدایە؟

کورت: ئەو پاکێتە چی بۆ تورک تێدا بێ، سێ قات زیاتر شتی بۆ کورد تێدایە. بۆ نموونە: دادگای باڵای دەستوور لەم وڵاتەدا پارتەکانی داخستووە. زیاتر دوو لایەن لەو پرسە زیانیان پێگەیشتووە. یەکەم، ئیسلامییەکان یان ئەو پارتانەی کە رێبازێکی نزیک لەئیسلامیان هەیەو دووهەمیش ئەو پارتانەی هەوڵدەدەن نوێنەرایەتی کورد بکەن. باسی رابردووی"هەپ، دەپ، هادەپ، دەهاپ و دەتەپە" دەکەم. ئێمە بەو ریفراندۆمە هەوڵدەدەین کە دەنگی دادگای باڵای دەستوور بەپێی ستانداردەکانی ڤەنیز بێت. لەو پاکێتەدا هەروەها لەبارەی لیژنەی باڵای دۆزگەر و دادوەرەکانەوە خاڵی ئەرێنی هەیە. وەک دەزانن لەرووداوەکەی شەمزینان دا ئەو لیژنەیە بڕوانامەی دۆزگەری لە (باسی فەرهات ساریکایا دەکات- وارڤین) وەرگرتەوەو

www.netewe.com

## بەرلەوەی ببمە

# ئاکپارتی کورد بووم و لەناو ئاکپارتیشدا کوردم و لەمەبەدواوەش هەر کورد دەبم

لەسەرکاری لادا. لە تورکیا رەشکردنەوە هەیە. لەو یاسایەدا کەس رەشناکرێتەوە. وەک دەزانن ئەو کەسانەی کە ناویان تۆمار دەکرێت ئەگەر سبەی رۆژ بیانەوێت ئەرکێکی فەرمی وەربگرن لەبەرئەوەی ناویان رەشکراوە، ناتوانن ئەو ئەرکە وەربگرن. لێرەدا بێبەشکردنێک دەردەکەوێت. بەپێی ئەم پاکێتە مرۆڤ دەتوانن بەشێوەیەکی تاکەکەسی سەردانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بکەن. هەمووو کەسیش دەزانێت کە کورد زیاتر لەهەمووان ئەو دادگایە بەسەردەکەنەوە.

وارڤین: بەرەی"بایکۆت" و "نا" لەوبڕوایەدان کە بەو پاکێتە پێگەیەک تێکدەدرێت، بەڵام لەجێی ئەو پێگەی جەماعەت دێت. ئێوە چیدەڵێن بۆ ئەو رەخنەیە؟

کورت: لەئەوروپا پەرلەمان لە ئێمە زیاتر ئەندامی دادگای دەستوور هەڵدەبژێرێت. بەڵام ئایا لە ئەوروپایش سیستەم کوێخاییە؟ ئایا ترسی ئەو کەسانە لە"کوێخایە"؟ یان لە"لەدەستدانی کوێخایەتی"؟ هەموو مافناسەکان دەتوانن ناوەڕۆکی ئەو پرسە موناقەشە بکەن. هەموو ترسەکان لە لەدەستدانی کوێخایەتییە. ئەگەر سەیر بکەن، هەرگیز ناڵێن"ئەو شتەی ناو پاکێتەکە خراپە". کەس رەخنە لە ناوەڕۆکەکەی ناگرێت. پرسی ئەوانەش کە بایکۆتی دەکەن زۆر ئاڵۆزە. لەوبڕوایەدا نیم کە ئەوان بتوانن وەڵامی رەخنەکانی من بدەنەوە. لەبەرئەوەش نامەوێ ئەو هەڵسەنگاندنانە بکەم. لەلای سیستەمی کوێخایەتی "نا" و "بایکۆت" یەک واتایان هەیە. هەردووکیان دەچنەوە سەر جۆگەلەیەک. چونکە هەردووکیان لەئەگەری"ئەرێ" کەمدەکەنەوە. پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەیگوت"ئێمە کارتی سوور بەو پاکێتە نیشاندەدەین. باشە ئایا ئەو کارتە سوورە بەکەڵکی بەردەوامی سیستەمی کوێخایەتی دێت؟ بەڕاستی وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن"ئێمە دەمانتوانی دەستوورێکی سڤیل دەربکەین، دەرماننەکرد" یان" تەنیا رێگەی دەستووری نوێ ئەو پاکێتەیە؟" کەسانێک کە شارەزای سیستەمی تورکیان وەڵامی ئەو پرسانە بەباشی دەزانن.

وارڤـیـن: تـۆ وەک پەرلەمانتارێکی کـورد دەتوانیت بەشێوەیەکی ئازاد خۆت لەناو پارتی دادوگەشەپێداندا ببینیتەوە؟

کورت: بەرلەوەی ببمە ئاکپارتی کورد بووم و لەناو ئاکپارتیشدا کوردم و لەمەبەدواوەش هەر کورد دەبم. ناتوانم ناسنامەکەم بگۆڕم. هەرگیزیش نامەوێ ناسنامەی کـوردی خۆم بگۆڕم. وەک چۆن بۆ ئەو شتانەی خودا پێیداوم شوکری خودا دەکەم، بۆ کوردبوونیشم سوپاسی دەکـەم. هیچکات ئاکپارتی قسەکانی منی نەگۆڕیوە. لەبەرئەوەی لەوبڕوایەدام لەرێگەی ئاکپارتییەوە چارەسەرییەکی مەعقول دروست دەبێت، بۆیە لەم پارتەدا سیاسەت دەکەم. من هەرگیز لەئەندامێتیم لە ئاکپارتیدا پەشیمان نەبوومە. چونکە ئاکپارتی سەری منی لەبەرامبەر گەلەکەمدا شۆڕ نەکرد. ئـەو شتانەی کەلە کۆماری تورکیادا بەخوێن و شەڕ نەگۆڕدران، بە ئیرادەی ئەم حکوومەتە گۆڕدران.

وارڤین: گۆڕانێکی چۆن؟

کورت: لەهەڵگرتنی رەوشی نائاساییەوە بگرن تا کردنەوەی تەرتەششەش. هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی نکۆڵی و ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەو ە). ئەگەر نەمانتوانیبێت شەڕ و پێکدادانەکان کۆتایی پێبێنین، گەلەک شتمان کـردووە بۆ ئـەوەی خوێنی کەمتر بڕژێت. لەسیستەمی تورکیادا لـەو کـارەی ئێمە زیاتر نـەدەکرا. لەلایەکەوە ئێمە هەوڵی ئەوەماندا کە چەتەکانی ناو دەوڵەت راوەستێنین و لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە هەوڵماندا هاوسەنگی کۆمەڵگاش رابگرین. راستە نەمانتوانی رێ لە هەندێک شت بگرین، بەڵام رێشمان لە زۆر شت گرت. بڕوا بکەن ئەگەر ئاکپارتی نەبوایە لافاوی خوێن هەڵدەستا.

وارڤین: چۆن؟ شەڕو پێکدادانەکان دژوارتر دەبوون؟

کورت: بەڵێ زۆر سەختتر و قووڵتر دەبوون. هێـزە نـادیـارەکـانـی دەوڵــەت شـەڕیـان زۆر زەحمەتتر دەکـرد و مداخەلەی کوردستانی عێراقیان دەکرد. ئامانج ئەوە بوو. با لەبیرتان بێت، لەبەرامبەر ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنووردا ئێمە دووساڵ بەرخۆدانمان کرد. دوای دوو ساڵ توانیمان ئەو ئۆپەرساسیۆنانە بخەینە ژێر رکێفی خۆمان. پێمانگوتن، مەڕۆن، تەقە لەگەڵی سیڤیل مەکەن، بێ ئیزنی حکوومەت هیچ مەکەن. چونکە ئەوکات باسی چوونەناو کەرکوکیان دەکرد. باسی نیشتەجێبوونیان لە قەندیل دەکرد.

وارڤین: سوپای تورکیا چەند مانگ لەمەوپێش باسی دامەزراندنی بارەگایەکی سەربازی لە بامەڕنی دەکـرد. حکوومەت لەوبارەیەوە چی دەڵێت؟

کورت: بە گەرمی پێشوازی لێ ناکەین. دەبێ

www.metewe.com



پەرلەمانتاری پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا عەبدولڕەحمان کورت   فۆتۆ: وارڤین

ئێمە بتوانین ئاسایشمان رادەستی یەکتر بکەین، بگەینە ئەو قۆناغە. ئارامی و سەقامگیری گەلی کوردستانی عێراق ئارامی و سەقامگیری ئێمەیە. دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێت. ئێمە لەبەر ئەو دڵگەرمییە کونسولخانەمان لە هەولێر کردەوە. بیرلەوە بکەنەوە لەدەوڵەتێکی ٨٠ ساڵیدا، هەموو شتێکی کورد"وەک دوژمن" سەیر کراوە. ئەو روانگەیەش لەهەموو دانیشتووانی بۆرۆکراسیدا هەیە. ناوی کوردی لەهەر شوێنێکدا تێپەڕیبێت، نەیارێتی لەگەڵ کراوە. دەبێ ئێمە گەلی تورک تاوانبار نەکەین. چونکە دژەزانیارییەکی زۆر گەورە لەدژی کورد پێڕەو کراوە. ئەوە هەموو بەرهەمی سیاسەتی دژەزانیارییە. ئەو شتەی کە بە تورک گوتراوە لەبارەی کوردەوەو واقیعی کورد چییە، زۆر لە یەکتر دوورن. تورک هەرچەندە لەرووداوی زیندانی دیاربەکر ئاگادار دەبن، ژیانی کورد دەناسن، فێری چیرۆکی کورد دەبن، زیاتر خاوەندارێتی لەو پرسە دەکەن. لە ئەحمەد ئاڵتان، ئیسماعیل بێشکچی و حەسەن جەماڵەوە بگرن تا فەهمی کورۆ و گەلەک تورکی دیکە خاوەنداری لە کورد دەکەن. چونکە لەو رووداوانەی کە بەسەر کورد دا هاتوون، ئاگادارن.

وارڤین: گەلی تورکیش لەو بوارەدا رازی کراوە؟

کورت: زیاتر لەسەردەمی ئاکپارتیدا رازیکران. ئاکپارتی توانی هەندێک شت لە تورکان بگەیەنێت. چونکە ئاکپارتی بیلێت جیاوازەو پارتێکی دیکەش بیلێت جیاوازە. لەبەرئەوەی ئاکپارتی پارتێکی موحافزکارەو لەسەرانسەری تورکیا خۆی بەرێکخستن کردووەو خەڵکی گوێی لێدەگرن و دەڵێن چونکە ئاکپارتی دەڵێ، راستە. لە تورکیا کێشە تەنیا کێشەی کورد نییە، کێشەی دیموکراتیکبوون هەیە. هێشتا کێشەی سەرپۆش لە تورکیا چارەسەر نەکراوە.

وارڤین: هێشتا کات بۆ ریفراندۆم ماوە. ئایا پارتەکەی ئێوەو بەرەی بایکۆت رێکدەکەون؟

کورت: پێویستییەکمان بە رێککەوتن لەگەڵ بەرەی بایکۆت نییە. ئەگەر ئێوە ب.د.پ تەنیا بە بایکۆت هەڵسەنگێنن، پێویستییەکی وەهامان پێیان نییە. بەڵام ئەگەر جگە لە ریفراندۆم، بەشێوەیەکی درێژخایەن بپرسن، ئەوکات ئێمە پێویستمان بە رێککەوتن لەگەڵ ب.د.پ هەیە. چونکە لە ریفراندۆمدا دەنگی ب.د.پ کاریگەرییەکی بنچینەییمان لەسەر ناکات. دەنگەکانی پارتی نەژادپەرست و کۆماری زیاتر کاریگەرن. لەبەرئەوەش بە گوتنی"مامەڵە لەگەڵ پەکەکە" داوا دەکرێت ئەو پاکێتە رەتبکرێتەوە. ئامانجی بنچینەیی ئەوەیە. شتی هەرەگرنگ بۆ ئێمە ئەوەیە: دەبێ سیستەمی کوێخایەتی هەڵبوەشێندرێتەوە. بۆ ئەوەش دەبێ لە ریفراندۆمدا زیاتر ٥٠٪ی دەنگەکان بەدەستبێنین.

وارڤین: پاش ریفراندۆم دەستوورێکی مەدەنی دەخەنە رۆژەڤی خۆتان؟

کورت: بەڵێ. ئامانجمان دروستکردنی دەستوورێکی سیڤیلە. ب.د.پ دەڵێ"با بەڵێنی دامەزراندنی دەستوورێکی سیڤیل بدەن، تا رێککەوین". ئەوە قسەیەکی بێمانایە. تەواوی جیهان دەزانن کە ئێمە هەوڵی چێکردنی دەستوورێکی نوێ دەدەین. لەتورکیا هیچ هێزێک جگە لەئێمە ئەوەی لە دڵ و گیانەوە ناوێت. دونیاش دەزانێت کە بۆرۆکراتی تورکیا بەو شێوەیە بنیاتنراوەو تەنیا لەرێگەی ریفۆرمەوە دەتوانرێت گۆڕان بکرێت. لەوبڕوایەدام ئێمە بەبەڵێنی دەستوورێکی نوێوە لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشدار دەبین. بەئەگەرێکی گەورە هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی گوڵانی ٢٠١١ دا ئەنجامدەدرێت.

وارڤین: ئەو دەستووره چی تێدایە؟

کورت: ئێستا هەرچی بڵێم درۆیە. چونکە ئێستا ئەو قانوونە وەک رەشنووس ئامادەکراوە.

وارڤین: بەرای تاکەکەسی خۆت، دەبێ چی لەو دەستوورە نوێیەدا جێبکرێتەوە؟

کورت: دەبێ چەمکی هاووڵاتیبوون سەرلەنوێ شرۆڤە بکرێتەوە. ئەو راڤەکردنانە دەبێ بەپێی نەژاد نەبێت. کورد، کەلتووری کورد، زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەش دەبێ لەژێر ئەو قانوونەدا مسۆگەر بن.

وارڤین: ئەی پەروەردەی کوردی؟

کورت: پەروەردەی زکماکی مافی هەموو مرۆڤێکە. دەبێ لەتورکیا گەنگەشەکان لەوبارەیەوە کامڵتر بن. بیروبۆچوونی جیاواز دەبێ بتوانرێت بەشێوەیەکی ئازاد خۆی دەرببڕێت. پاش گەنگەشە دەبێ ئەو شتانە بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە. ٨٠ ساڵە زمانی کوردی دەتوێنرێتەوە. دەبێ زمانی کوردی بەدەستی دەوڵەت بەهێز بکرێت. من ئەوەشم بە کۆمارییەکان گوتووە.

www.netewe.com

## لە خولی هاوینەی وەزارەتی ئەوقافدا چی بە منداڵان دەگوترێت؟

# "پێویستە بابەتی ئاگر و دۆزەخ بۆ منداڵ باس نەکرێت"

لەپشووی هاوینی ٢٠١٠ لەهەرێمی کوردستان، ٣٣هەزار منداڵ بەشداری وانەکانی ئایینی ئیسلام دەکەن. پسپۆڕێکی دەروونی دەڵێ کە نابێت بەهیچ جۆرێک ئەو بابەتانەی ترس لای منداڵ دروست دەکەن پێیانبگوترێتەوە. هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەریوان نەقشبەندی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات"لەناو چوار مەزهەبی ئیسلام، مەزهەبی شافیعی توندترین مەزهەبەو لە کوردستان پەیڕەوکردنی ئەو مەزهەبە بووەتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی"و شارەزایەکی وەزارەتی پەروەردەش دژی ئەوەیە ئایین بەمنداڵان بوترێت و دەڵێ، نابێت ئەوقاف ئەوکارە بکات.



بەهرە حەمەڕەش

بەگوێرەی ئامارێک لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەهەرێمی کوردستان، ٨٠ حوجرە بۆ خوێندنی وانەی ئایینی ئیسلامی هەیە. هەر حوجرەیەک ٦تا٧ قوتابی وانەی تێدا دەخوێنن. جگە لەتەکیەو خانەقاکان، بۆ نموونە تەنیا لەخانەقای بیارەدا ٦٠ قوتابی وانە دەخوێنن. لەپشووی هاوینی ئەمساڵدا ٣٣هەزار قوتابی بەشداری لەخولی قورئانخوێندن لەمزگەوتەکاندا دەکەن. ژمارەی مزگەوتەکان٤٥٦٣ کە تەنیا نزیکەی ٩٠٠ مامۆستا دەتوانن بەشێوازی زانستی وانە بڵێنەوەو دەرچووی کۆلێژ یان ناونیشانی"پێشنوێژ و وتارخوێن"یان هەیە.

بەڕێوەبەری راگەیاندن و گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، مەریوان نەقشبەندی دەڵێ ئەو قوتابیانەی لەحوجرەو خانەقاکاندا دەخوێنن، زۆربەیان لەژێر چاودێری وەزارەتی ئەوقافدان، بەڵام هەندێ خول کەلە ماڵاندا دەکرێتەوە، دوور لەرێنمایی ئێمەیەو ئاگادارنین. هاوکات گوتیشی:"لەوانەیە هەندێکجار ئاراستەی خوێندنی وانەکان لەگەڵ ویستی ئێمە نەبێ، مامۆستای وانەبێژ بەگوێرەی ئایدۆلۆژیاو ئاراستەی خۆی وانە بڵێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی لای ئێمە مۆڵەتیان پێدراوە لەژێر چاودێری ئێمەدان".

پسپۆڕی دەروونناس د.یوسف عوسمان دەڵێ"پێویستە منداڵ لەقۆناغی خۆیدا فێری خۆشەویستی و لێبوردەیی بکرێت و بەهیچ جۆرێک باسی کردەیەکی بۆ نەکرێت کە ببێتە هۆی ترسانی، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی دادەنێت. لەجیاتی باسکردنی ترس، پێویستە فێربکرێت، چۆن خودای خۆشبوێت و دایک و باوکی زویر نەکات. رێز لەکەسانی دەروبەرو ژینگەو کات بگرێت، بەپێچەوانەوە منداڵێکی گوماناوی لێدەردەچێت، کەپێیوایە خوا ئەوی خۆشناوێت".

مەریوان نەقشبەندی، ئاماژەی بەحاڵەتێک لەمزگەوتی مەلا عوزێری شاری هەولێر کرد، کە گوایە"کچێکی ٩ ساڵان بەشداری لەخولی پشووی هاوینەی کردووە، دوای ئەوە لەماڵەوە گوتوویەتی لەگەڵ ماڵەوە ناچم بۆ ئاهەنگ، چونکە خوا دەمسووتێنێ". شارەزایان باسکردنی ئاگر بۆ منداڵ بە نەگونجاو دەزانن، چونکە



www.netewe.com

کاردەکاتەسەر سایکۆلۆژیای منداڵ. د.یوسف دەڵێ"پێویستە منداڵ فێری گیانی لێبوردەیی و دوور لەتوندوتیژی بکرێت. باسکردنی ئاگر، دۆزەخ و سووتان، بۆ منداڵ شیاو نییەو کاریگەری دەروونی"پەشۆکی دەرونی" لەسەر دروستدەکات و کەسایەتییەکی دارماو ڕاڕایی لێدروست دەبێت". مامۆستا فایەق سەعید، شارەزا لەبواری پەروەردەو بەشداربوو لەداڕشتنەوەی پرۆگرامی خوێندن لەهەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکات"ناکرێت منداڵ لە ٦ ساڵی یەکەمی قوتابخانەدا وانەی ئایینی پێبگوترێتەوە، چونکە لەوانەیە مامۆستاکان نەتوانن بەشێوەیەکی زانستییانەو دوور لەکاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ وانەکە بڵێنەوە. هەروەها ئەگەر خول بۆ منداڵان بکرێتەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بیکاتەوە، نەک وەزارەتی ئەوقاف، ئەوان ئازادن لەوەی کەچۆن مامەڵە لەگەڵ گەورەکان دەکەن، بەڵام ئازاد نین لەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکەن، وەزارەتی ئەوقاف، کار لەسەر هەندێ بابەت دەکات کە هێشتا مێشکی منداڵ لەروانگەی قۆناغەکانی بیرکردنەوەدا، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە باسی ئایین و هەندێ کردەی ترسناکی بۆبکرێت". مامۆستا فایەق، شێوازی وانەگوتنەوەی ئایینی لەکوردستاندا بە"زۆر خراپ" وەسفدەکات لەبەرئەوەی"خۆیان دەکەن بەلایەنگیر لەئاییندا، ئەوەش لەروانگەی پەروەردەییەوە کێکە لەهەڵە گەورەکان. کاتێک ئەو شێوازی وانەگوتنەوەیە بەمنداڵانی خوار ١٨ساڵ دەگوترێت، دەرگا بەڕووی بیرکردنەوەی منداڵدا دادەخات. کۆمەڵگەیەکمان بۆ دروستدەبێت کە تەنیا توانای دووبارەکردنەوەی شتە کۆنەکانی دەبێت و توانای داهێنانی نابێت. کردنەوەی ئەو خولانە نازانستین و بۆمنداڵان نەگونجاون".

مەریوان نەقشبەندی، هۆکاری دروستبوونی بیرۆکەی توندوتیژی و ناتەندروستی شێوازی وانەگوتنەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە"لەهەرێمی کوردستاندا پەیڕەوی ڕێبازی ئیمامی شافیعی دەکرێت، ئایینی پیرۆزی ئیسلام چوار مەزهەبی هەیە، لەکوردستان پەیڕەوی ئیمامی شافیعی دەکرێت، کە توندترین مەزهەبی ئیسلامە، ئەوەش وایکردووە کە زۆرجار مامۆستایانی ئایینی نەتوانن بەشێوەی دروست تەفسیر بۆئایینی ئیسلام بکەن". نایشارێتەوە کە"زۆر لەو مامۆستایانەی وانە دەڵێنەوە لەوانەیە بەزمانی هەڕەشە بیڵێنەوەو ئەو موژدانە هەر باس نەکەن کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون، تەنیا لایەنی سزاو ئاگر دەخەنەڕوو. ئەوەش منداڵان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و هەڵسووکەوتی ناسروشتی دەکات".

بەگوێرەی ئامارێک لەهەرێمی کوردستان، ڕۆژانی هەینی ٦٠٠ هەزار کەس گوێ لە وتاری هەینی دەگرێت. بەپێی دوایین ئامار لەرەمەزاندا یەک ملیۆن کەس گوێ لەوتاری مامۆستایانی ئایینی دەگرێت. لەکاتێکدا تەنیا ٩٠٠ مامۆستای ئەکادیمی هەیە. ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە زۆرجار کەسانی ناشارەزا بەپڕەنسیپەکانی وتاربێژی وتاربدەن و خەڵکێکی زۆر بەگوێیان دەکات.

د.یوسف عوسمان، دەڵێ"باسکردنی ئەو بابەتانەی کە باسی ترس دەکەن، وا لەمنداڵان دەکات، شەوان خەونی ناخۆش ببینن. دەبێتە هۆی ئەوەی، کەسایەتییەکی تێکشکاوی هەبێت و منداڵێکی ترسنۆکی لێدەربچێت، هەمیشە باری جەستەیی و دەروونی و عەقڵێ تێکدەچێت. ئەو خەونە ناخۆشانە وای لێدەکات، تۆڵە لەخۆی بکاتەوە گۆشەگیردەبێت گومانی لەبوونی خۆی دەکات. هەمیشە گومان لەوەدەکات کە خوای گەورە لێی خۆش نابێت". مەریوان نەقشبەندی پێیوایە"پێویستە منداڵ فێری خۆشەویستی بکرێت و لەقوتابخانەکانیشدا وانەی ڕۆشنبیری ئایینی هەبێت، بۆ ئەوەی نەوەکان بەکەلتووری هەموو ئایینەکان ئاشنا بن، چونکە ئیسلام لەجیهاندا زۆرینە نییە".

www.netewe.com





گروپێک لە منداڵان کە خولی هاوینەی قورئانیان تەواو کردووە

## ساکار...

# ئەو کچەی باوک و براو مامەکانی کوشتیان

**باوکی و برایەکی و سێ لەمامەکانی دوای بەریانگ کۆبوونەوەو بڕیاری کوشتنی ساکار سەلیم (٢٢)ساڵانیان دا. دوای ئەوەی ساکار، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو بەبڕیاری دادوەر، لەماڵی داڵدەدانی ژنان دەردەهێنرێت، لەلایەن باوک، برایەکی و مامەکانیەوە لەنیوەشەوێکی سەرەتای ئەم مانگەدا، دەکوژرێت و تەرمەکەی لەپشت سوپەرمارکێتێکی هەولێر فڕێدەدرێت، هێشتا دۆسیەی ئەو تاوانە لەدادگا یەکلانەکراوەتەوە.** ساکار، لەلایەن باوک و براو مامەکانییەوە بەهەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا تۆمەتبار دەکرێت و دوای شووکردنیشی تۆمەتی ناپاکی هاوسەرگیری دراوەتە پاڵ و بەوهۆیەوە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە تەڵاقدراوەو بۆ ماوەی ٣ مانگ لە خانەی چاکسازی ژنان، ژیانی بەسەر بردووە.

ساکار، لەبارەی بوونی ئەو پەیوەندییەو ناپاکیکردن بەرامبەر بەهاوسەرەکەی لەدانپێدانانی خۆی لەبەردەم پۆلیس لە ڕێکەوتی ١٣-٥-٢٠١٠، گوتوویەتی:"٥ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک هەبووە بەناوی (ت.ی). ئەوکات کچ بووم ماڵمان لەگەڕەکی سورچیان بوو. دواتر هاتین بۆ گوندی کەلەکین، دوای ٧هەفتە خوازبێنیم هات. مێردم بەکوڕێک کرد، بەناوی (م)". ساکار، لەو هاوسەرگیرییەی دوو منداڵی بووە. بەڵام ئەو کوڕەی کە ٥ ساڵ خۆشەویستی لەگەڵ کردووە، ڕۆژێک لە بازار دەیبینێت و بەگوێرەی دانپێدانانی خۆی"ڕۆژێک لە بازار منی بینی لەگەڵ مێردەکەم ئیتر دوامانکەوت تا ماڵەکەی ئێمەی زانی، دواتر پەیوەندیمان بەست، کوڕەکە دوو سیمکارت و موبایلێکی بۆ کڕیم. ماوەی دوو ساڵ زووزوو دەهاتە لام و پەیوەندی سێکسیمان هەبوو". (ت.ی) کە لەدایکبووی ١٩٨٥، تۆمەتبارە بەبوونی پەیوەندی نهێنی و سێکسی لەگەڵ ساکار، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو ٥ ساڵ لەمەوبەر پەیوەندی هەبووبێت لەگەڵ ئەو ژنە"من نزیکەی ساڵێک و هەشت مانگە لەگەڵ ئەو کچە یەکترمان ناسی، ژمارەی مۆبایلمان دا بەیەکتر، سەرەتا وامزانی کچە، بەڵام دوای سێ مانگ زانیم ژنە. هەر شەوێک مێردەکەی لە ماڵ نەبووایە دەچوومە لای". ساکار، لە دانپێدانانەکەیدا باس لەئاشکرابوونی پەیوەندییەکەیان دەکات و دەڵێ"شەوێک کاتژمێر یەکی شەو لەگەڵ پیاوەکەم خەوتبووم. (ت) هاتە ماڵەوە، منیش لە خەو هەڵسام و ڕۆشتمە لای بۆ ژوورەکەیتر، دواتر مێردەکەم لەخەو هەڵسا هاتەژوورەوە پەلاماری من و ئەویدا، بوو بەشەڕ لەنێوانیان، (ت) دەمانچەی لە مێردەکەم راکێشا. دواتر ڕۆشتم بۆ بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی شکات بکەم". (ت) کە کارمەندی ئاسایشە، نایشارێتەوە دەڵێ"لە ١٢-٥-٢٠١٠، من چوومە لای ساکار، مێردەکەی لەوێ بوو، ئیتر بوو بەشەڕمان و ئەوان پەلاماری منیان دا، منیش هەڵاتم و ساکاریش رایکرد بۆ بنکەی پۆلیس". بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە، هەریەک لە (ساکار و م. ت )، دەستگیر دەکرێن. ساکار، لە خانەی چاکسازی ژنان لە هەولێر بۆ ماوەی سێ مانگ بەند دەکرێت، دواتر هاوسەرەکەی و ئەو کوڕەی پەیوەندی لەگەڵ ساکار هەبووە (سوڵح) دەکەن. سەرکار، تەمەن ٢١ ساڵ برای ساکارەو هاوکات بکوژی خوشکەکەیەتی، وەک باسیدەکات ساکار، بەتۆمەتی خیانەتی هاوسەری دەستگیرکراوە"ئەو شەوەی دەستگیرکرا، لەماڵی مێردەکەی پیاوێک لەگەڵی لەژوورەوە بوو، ژمارەی هەموومانی دابوو بەخزمەکانی هەڕەشەی دەکرد، ئەو کەسە لەئاسایشی گشتی بوو. ئەو کوڕە، سێ ساڵ پەیوەندی لەگەڵی هەبووە". گوتیشی:"ساکار، سێ مانگ لە چاکسازی بوو، دواتر لە شەڵتەر بوو، ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی مێردەکەم تەڵاقیدام، منیش بەقسەی خۆش هێنامەدەرەوە". بەبڕوای باوکی، کچەکەی" ناپاکی هاوسەری" کردووە. سەلیم عەلی، باوکی ساکار دەڵێ"کچەکەم خیانەتی زەوجی کردبوو، لەگەڵ پیاوێک پەیوەندی هەبوو، سێجار ماڵی بە من بارکرد، لە منداڵییەوە ئاشقاتی دەکرد". لەلایەکی دیکەوە برا بچووکی ساکار کە سەرکەوت (١٨)ی ناوە ئەوە ڕەتدەکاتەوە خوشکەکەی کەسی لەگەڵ گیرا بێت و دەڵێ"هیچ ڕۆژێک پیاویان لەلای خوشکەکەم نەبینیبوو. کێشەکان لەسەر تەلەفۆن بوو. ماوەیەکی زۆر کوڕێک تەلەفۆنی دەکرد، دەیگوت:"ساکار"م خۆشدەوێت، خوشکەکەم گوتی من ئەو کوڕە ناناسم، زوو شکاتمان لەو تەلەفۆنە کرد". دواتر سەبارەت بەبینینی ئەو کوڕە لەماڵی خوشکەکەی، سەرکەوت دەڵێ"من لەگەڵ ساکار قسەم کرد گوتی من چووم ئاوم کردۆتەناو موبەریدە (ت) لەپشتەوە دەمانچەی لەسەرسەرم داناو گوتی ئەگەر نەیەیتەژوورەوە لەگەڵم وێنەت بڵاودەکەمەوەو هەڕەشەی لێکردبوو، خوشکەکەم گوتی مێردەکەی پێی زانی بوو.کوڕەکە ویستی هەڵبێت، هاتبووە دەر شەڕیان کردبوو، خوشکەکەم هەڵات و لە بنکەی پۆلیس دانی بەتاوانەکەی دانا، بۆ ماوەی سێ مانگ لە چاکسازی بوو، باوکم ئەوکاتیش پەنجەمۆری کرد، برایەکەم و باوکم ڕۆشتن ئەو خوشکەمیان هێنایەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی کەلە گوتەکانی ساکار دا هاتوون، ساکار لە ٢٨-٤- ٢٠١٠ بەتۆمەتی هەڕەشەو گێچەڵپێکردن بەمۆبایل لەلایەن کەسێک بەناوی (ت) سکاڵا تۆماردەکات، بەڵام (ت) هەر لەوکارەی بەردەوام دەبێ و دەستگیر ناکرێت. دوای ئەوەی ساکار، بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لەهەولێر، دەردەهێنرێت و رادەستی کەسوکاری دەکرێتەوە، کەسوکاری پیلان بۆ کوشتنی دادەنرێت. سەرکاری برای ساکار دەڵێ"ڕۆشتمە لای کەسوکارم گوتم دەمەوێت بیکوژم، هەموو مامەکانم رازیبوون، گوتیان بیکووژە، ئێمە دەیشارینەوە". سەلیمی

باوکی، باس لەچۆنیەتی دەرهێنانی کچەکەی دەکات لە شەڵتەرو لەوبارەیەوە گوتی:"کاک ژیلەمۆ، بەڕێوەبەری تونودوتیژی تەلەفۆنی کرد و گوتی وەرن کچەکەتان ببەنەوە، بەڵێننامەمان پرکردەوە، ئەوە دووەمجار بوو بیهێنمەوە (پێشتریش بۆ ماوەی چەند مانگێک لەچاکسازی گیراوە)، ساکار گوتی دێمەوە، کەچی شەو دەیگوت بەیانی دەچمەوە شەڵتەر، کوڕەکەم گوتی با بەجارێک بیکوژین هەر خەم و خەفەتە بۆمان". سەرکار، کەبە دانپێدانانی خۆی خوشکەکەی کوشتووە دەڵێ:"هاتمەوە ماڵەوە، ئەوان خەوتبوون، بە باوکم کوت دەیکوژم، ڕۆشتمە ژوورەکەی ساکار، گوتم هەستە خێزانم نەخۆشە، بردمە ژوورەکـەی خۆم، ساکار، گوتی بۆ گڵۆپ پێ نییە، منیش دەستم لە ملی نا بیخنکێنم و زۆری هاوارکرد، گوتی لێمگەڕێن، منیش دەستم کرد بەخنکاندنی بەدەست نەمتوانی بیخنکێنم، براکەم هات من بگرێت من لامدا ئەویش رایکرد، هیچ هێزم نەبوو، ڕۆشتم سەرپۆشی خێزانەکەم هێنا سەرپۆشەکەم لە ملی ئاڵاند، زۆرم هەوڵدا بیکوژم، بەڵام نەمرد". سەرکەوتی برا بچووکی ساکار، تاکە کەسی بنەماڵەکەیانە دژی کوشتنەکە بێ و ئەویش بەدەم هەنسکی گریانەوە باسی ئەو چرکەساتە ناخۆشانەی کوشتنی خوشکەکەی دەکرد"خوشکەکەم دەیگوت دەمکوژن، هەستدەکەم دڵم توندە، براکەم هاتەژوورەوە، براکەم بە ساکاری گوت وەرە، ئەویش زۆر پاڕایەوە، بەبراکەم گوت بۆ خاتری ڕەمەزان وازی لێبێنە، باوکم توند منی گرت، سەرکار، دەستی لەسەر ملی ساکار دانابوو، دەیویست بیخنکێنێ، ئەو هاواری دەکرد، منیش خۆم لە باوکم پچرییەوە، هەڵاتم، سەعات ١ شەو بوو، بۆ ئەوەی پۆلیس ئاگادار بکەمەوە". ساکار، بەوەندە نامرێت و سەرکەوتی برای هەواڵەکە دەگەیەنێتە پۆلیس و باوکیشی تەلەفۆن بۆ براکانی دەکات بۆ ئەوەی بێن و هاوکارییان بکەن. لەو بارەیەوە سەرکار، گوتی:"باوکم تەلەفۆنی بۆ مامەکانم کرد، ئەوان هاتن، بەتانیمان هێناو ساکارمان تێکرد، ساکار نەمردبوو، هەناسەی دەدا، چووینە تەیراوە بۆ ماڵی باپیرم، مامەکانم بردیانە ژوورەوە نەخنکابوو، چەقۆم هێنا لەملیم دا بۆ ئەوەی بمرێ، دوای ئەوەی کوشتمان لەگەڵ دوو مامەکەم پیاسەیەکمان کرد. گوتمان بزانین بارودۆخ چۆنە، مەیتەکە لەدیار موبەریدە بوو، گوتمان چی بکەین؟ باوکم گوتی نابێ لەوێ بێت، بیبەن فڕێ بدەن، پاشان مامێکم تەرمەکەی برد لە نزیکی سوپەرمارکێتی کۆک فڕێیدا".













چوار کەس لە بکوژانی ساکار

سەنگەر عەلی، لەدایکبووی ١٩٨٣، مامی ساکار، باس لەوردەکاری کۆبوونەوەی براکان دەکات بۆ کوشتنی ساکار و گوتی:"کات هەشتونیوی شەو بوو هەموو براکانم کۆبووینەوە، چووینە کۆڵانی سورچیان، کوڕی براکانم هەموو لەوێ بوون، براو باوکی گوتیان دەیکوژین، هەر حەوت برا گوتمان دەیکووژین". بەگوێرەی پیلانەکە واداناراوە کەس نەزانێت و کارەکە بەنهێنی بێت وەک ئـەوەی سەنگەر باسیدەکات"گوتمان وا دەیکوژین کەس نەزانێ، ئێنجا سەعات ٢ ڕۆشتین بینیمان هێشتا نەمردبوو". دواتر سەرکار، بە چەقۆ لە ملی دەدات و دەیگوازنەوە کۆڵانی سوورچیان و لەوێوە دەیبەنە پشت سوپەرمارکێتی کوک. سالم عەلی، یەکێکی دیکەیە لە مامەکانی ساکار، دەڵێ"بەمنیان گوت تۆ فڕێی بدە من مازدای تاکسیم پێبوو، بارکردنەکەی زەحمەت بوو، چووم و فڕێم دا". باوکی ساکار، کە ئێستا لەکارەکەی پاشگەزبووەتەوە دەڵێ"وەک باوک پێمخۆشنەبوو ئەوکارە بکرێت، ئەو بەمنداڵی ئاشقایەتی دەکـرد. پەشیمانم، ئێشەکە هات، نامووس زۆر گەورەیە". عەقیدی مافپەروەر، جەمیل محەممەد ئەمین سلێمان ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لـە تـاوانـی کوشتن لـەوبـارەیـەوە دەڵێ:"شەوی١٦- ٨ کوڕێک هات گوتی براو باوکم دەیانەوێت خوشکەکەم بکوژن". مەبەستی لەو کوڕە سەرکەوتی براچووکی ساکار بووە، کە بەکوشتنی ڕازینەبووەو یەکسەر پەنای بردووەتە بەر پۆلیس. عەقید جەمیل گوتیشی"کە چووینە ماڵەکە، کەس لەوێ نەبوو، کاتژمێرێک دواتر ئاگادار کراینەوە بەفڕێدانی تەرمی ژنەکە، دواتر توانرا شەش کەس لە تاوانبارانە دەستگیر بکەین". بەگوێرەی ڕێچکەی کاری شەڵتەرەکانی داڵدەدان هیچ ژنێک ڕادەستی کەسوکاری ناکرێتەوە تا کێشەکەی چارەسەر نەکرێت، بەڵام دەرچوونی ساکار، لە شەڵتەر و ڕادەستکردنەوەی بە کەسوکاری پرسیاری هۆکاری ڕوودانـی ئەو حاڵەتەی هێناوەتە ئـاراوە. بەهار ڕەفیق، بەڕێوەبەری ماڵی داڵـدەدانی ئافرەتی هەرەشەلێکراو، باس لەوە دەکات ئەو ئافرەتانەی لەو ماڵە دەبن زۆر پارێزراو دەبن. تا ئەوکاتەی کێشەکانیان چارەسەر دەبن. ئەو بەنیگەرانییەوە باس لەوە دەکات لە کێشەی ساکار دەکات کە پێشتر لای ئەوان بووە"بەداخەوە ماڵەوەیان نەیانهێشت کێشەکە چارەسەر بێت". ڕوونیشدەکاتەوە ساکار، ڕۆژی ١٥ی ئاب کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ لە شەڵتەرەکە ڕۆشـتـووەتـە دەرەوە لـەسـەر داوای دادوەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە نەوەک، ڕادەستکردنەوەی بۆ ماڵی باوکی، گوتی:"من ئێستا دەڵێم ساکارم بۆ بهێننەوە، دادوەر بۆ لێکۆڵینەوەی برد، کەچی کوژرا".

www.netewe.com

# بەسەرهاتی ژنێک لەتاراوگەدا

"ئەوم نەدەناسی، بەڵام بەهۆی هەندێک ناسیاوی ئەوان لەگەڕەکەکەمان، هاتنە داوام گوتیان ئەو کەسێکی باشە، خێزانەکەیان دەوڵەمەندن، خۆی لەدەرەوەیە، ئەوکات سەردەمی چوونەدەرەوە بوو. منیش قسمەتم وابوو، ئەوە بوو زەواجەکە ڕێککەوت، منی هێنا دەرەوە". ئەمە سەرەتای دەستپێکی ئەو چیرۆکەیە، کە دواتر کەژاڵ خۆی دەیگێڕێتەوەو تێدا باس لەئازارو مەینەتییەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ پیاوێکدا دەکات.

ئەڵمانیا

"ڕۆژ هات و ڕۆی، تادەهات ژیانم ناخۆشتر دەبوو، بۆم دەرکەوت پیاوێکی ڕەزیل وپیسکەیە، دوای چەند مانگێک ناسیاوێکمان دەگەڕایەوە وڵات نامەیەکم بۆ ماڵی باوکم نووسی، باسی خراپی گوزەرانی خۆم و خراپی پیاوەکەم بۆ نووسین، بەڵام بەختی من ئەو ماڵەی گەڕابوونەوە، نامەکەیان نەگەیاندبوو. لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە بۆ ئێرە، لەجیاتی نامەکە بدەن بەمن دابوویان بە پیاوەکەم، دوای ئەوەی نامەکەی خوێندبووەوە، زۆر خراپ لێیدام، ئیدی لێدان وجنێودان و شەڕ لەماڵماندا بەردەوام بوو. زۆرجار ماڵی باوکم ئاگادار دەکردەوە، دەیانگوت دەی عەیبە، بەڵکو باش دەبێت، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبوو".

"ئـەو نـیوەشـەو دەهـاتــەوە، هــەرچـی پــارەی وەرماندەگرت، هەمووی بۆ ڕابواردنی خۆی لێدەبردین، زۆرجار بەتەنیا لەماڵەوە شەوان دەترسام تەلەفۆنم بۆدەکرد"لەکوێندەری وەرەوە"، دەیگوت: بۆ خۆت بخەوە چاوەڕێی من مەکە، کە دەهاتەوە سەرخۆش بوو، چی قسەی ناشیرین هەبوو پێیدەگوتم، ئەگەر قسەیەکم بکردبایە، وەڵامی لێدان بوو. زۆرجار بەخراپی لێیدەدام، ڕۆژێکیان کاتی نانخواردن بوو فەخفورییەکی تێگرتم، خەریکبوو خوێنی سەرم بیرژێنێ ڕامکرد بۆ ماڵە دراوسێکەمان، ئەوان بیانی بوون گوتیان با تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەین، بەڵام گوتم نا مەبەستم ئەوەبوو، کێشەکە گەورە نەبێت، بەڵکو باشتر دەبێت".

"جارێکی دیکە زۆر بەخراپی لێیدام ناسیاوێک کە جیرانمان بوو هاتەژوورەوە دەستی پیاوەکەمی گرت، بەڵام پیاوەکەم لەگەڵی کردی بەدەنگە دەنگ و گووتی تۆ بۆ تەدەخولی ئێمە دەکەیت، زۆرجار لەگەڵ کەسوکاری قسەم کرد، بەڵام بێسوود بوو ئەوانیش دەیانگوت:"کوڕی ئێمە عەیبی نییە، چی بڵێ دەبێ تۆ بەقسەی ئەو بکەیت، منداڵەکانم ڕۆژێکیان گوتیان بابە ئاتاریمان بۆ بکڕە منداڵی هەموو خەڵک هەیانە، لەوەڵامدا گوتی دانیشن بێدەنگبن ئەگەر منداڵی خەڵک خۆیان لەسەر بان فڕێبدەنە خوارەوە دەبێ ئێوەش خۆتان فڕێبدەن. ڕەحمی پێنەدەکردن، بۆیە منداڵەکان هیچ کات باوکیان خۆشنەدەویست، ئەگەر شتێکم پێ جوان بوایە حەزم دەکرد بیکڕم دەمگووت ئەوە دەکڕم، دەیگووت:"کەی دایکت کڕی ئەوکات تۆش بیکڕە". زۆر لێی پڕ بووم بەڕاستی چیتر ئۆقرەم نەما، ڕۆژێکیان لایەنی پەیوەندیدار بەکێشەی ژنانم ئاگادار کردەوە، ئەوانیش ئاگاداریان کردمەوە، ژووری بـەتـاڵ لـە کەمپی ژنـان هـەیـە، منیش هەندێ جل و منداڵەکانم لەگەڵ خۆم بردو چووم، یەکسەر پارێزەریان بۆگرتم بەسەر هاتی ژیانی خۆم لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ گێڕانەوە. هەموو وەسڵی پارەکانی کە بەقوماری دابوو پێمدا، داوای جیابوونەوەم کرد. ئیدی دوای چەند ڕۆژێک ئاگادار کرایەوە، کەلە داگا ئامادە بێت، دادوەر زۆر قسەی لەگەڵ کرد، ژیانی خیزانی وا نابیت تۆ بۆچی پارەی منداڵەکانت دەبـەی قوماری پێبکەی، ئەی ئەو منداڵانە چی بخۆن ئەو پارەیە تەرخانکراوە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ژیانی مانگێکی منداڵەکان، بۆیشت نییە بەهیچ شێوەیەک لەو ژنە نزیک ببیتەوە. هەر شتێک بکەیت سزادەدرێی، مۆڵەتی بۆ دیاریکرد، دەبێت خانووەکەشم بۆ چۆڵ بکات، دادوەر قسەی لەگەڵ منداڵەکان کردو لێیپرسین ئایا لەگەڵ من دەبن یان باوکیان، گوتیان بە هیچ جۆرێک لەگەڵی نابین، ئێمە لەگەڵ دایکمان دەبین".

دوای جیابوونەوە، هاوسەری کەژاڵ هەڕەشە دەکات و داوای گەڕانەوەی دەکات، لەبارەی ئەو بەشەی بەسەرهاتی ژیانیەوە کەژاڵ گوتی:"لەڕێگەی خەڵکی ناسیاوی شارەکەمان زۆر هەوڵیدا بگەڕێمەوە لای، هەڕەشەی کردبوو گوتبووی ئەگەر نەگەڕێتەوە لەکوردستان کەسوکاری دەکوژم، لەکوردستانیش هەڕەشەیان لەماڵەوەمان کردبوو".

"دوای ئـەوەی لـەگـەڕانـەوەم بێهیوابوو لەکاتی دیاریکراودا خانووەکەی چۆڵ کرد، پارێزەرەکەم کلیلەکانی بۆ هێنام، ئێستا خۆم و منداڵەکانم بەتەنیا دەژین، پارەی مانگانەی خۆمان دەنێردرێتە سەر حیسابی بانکی خۆم، پێشتر هەموو پارەکە دەچـووە سەر حسابی ئـەو، من حسابم نەبوو. بەڵام دوای بڕیاری دادگا حسابێکی بانکم کردووە، بەڕاستی ئێستا لەگەڵ منداڵەکانم ژیانێکی زۆر ئاسوودەم هەیە ".

ڕەگەز.م. ئەحمەد

www.netewe.com

# دزی شەو دەستگیر کرا

وارڤین — تایبەت: لەوکاتانەدا مارکێتەکان دادەخران و کاتژمێر دەبووە٢ و نیوی شەو، دەرگای مارکێت و دوکان و ماڵەکانیان دەکردەوە، لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا ٨ دزییان ئەنجامداو لەکاتی دەستگیرکردن دانیان بەتاوانەکانیاندا نا.

بەپێی زانیاری وارڤین، نووسینگەی ڕۆژئاوای نەهیشتنی تاوان لەشاری هەولێر دوو تۆمەتباری بەناوی (م. ر) و (ک.ش) دەستگیرکردووە کە لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا هەشت دزییان لە مارکێت و ماڵەکاندا ئەنجامدابوو. (م.ر) دانیشتووی گەڕەکێکی شاری هەولێرەو ١٥ساڵانە. ئەو ناخوێنێت و کاریش ناکات. (ک.ش) دانیشتووی گەڕەکی ئاری شاری هەولێرەو تەمەنی ١١ ساڵە. هەردوکیان دوای دەستگیرکردنیان دانیان بەتاوانەکانیاندا ناوە کە تا ١١ی ئەم مانگە بەهاوبەشی، هەشت دزی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە.

دزیی یەکەم: (م.ر) و (ک.ش) لە ٤ی ئەم مانگە کاتژمێر ٢:٣٠ خولەک چوونەتە ماڵی هاووڵاتییەک بەناوی (ل) چوارسەد هەزار دیناریان دزیوە.

دزیی دووهەم: لە ٥ی ئەم مانگەدا کاتژمێر ٢ونیوی شەو چوونەتە ماڵی هاوسێیەکی (ک.ش) و بڕی سەدو پەنجا هەزار دیناریان دزیوە.

دزیی سێهەم: لە ٨ی ئەم مانگەدا هەردوو کەسەکە چوونەتە مارکێتی (م) و ٣٥ هەزارو چەند کارتێکی مۆبایلیان دزیوە.

دزیی چوارم: لە ٩ی مانگدا مارکیتێکی تریان بەناوی (ئا) بڕیوە، بەڵام دانیان بەوەدا نەناوە کە چییان لەو مارکێتە دزیوە.

دزیی پێنجەم: لە ٩ی مانگدا هە ما نکە س بەیارمەتی (ک.ش) کاتژمێر دوو و نیوی شەو چوونەتە مارکێتی (ە) سەد هەزار دینارو ٣ کارتی مۆبایلیان دزیوە.

دزیی شەشەم: لە ٧ی ئەم مانگەدا و کاتژمێر دوو ونیوی شەو لەگەڕەکی سورچیان چوونەتە دوکانێکی شوشەوات و دەرگای دوکانەکەیان شکاندووە.

دزیی حەوتەم: لە ٨ی ئەم مانگەدا چوونەتە مارکێتێکیتر، ١٥ هەزار دینارو چەند کارتێکی مۆبایلیان دزیوە.

دزیی هەشتەم: ئەو دوو کەسە چوونەتە مارکێتێک لە گە ڕە کی زانایان و پەنجا هەزار دیناریان دزیوە.

دواتر دادوەر بەماددەی ٤٤٣ لەیاسای سزادانی عێراقی، بڕیاری بەندکردنی هەریەک لە (م.ر) و (ک.ش) دا.



www.netewe.com

# ئیسلام ژن ناچەوسێنێتەوە

* ئەبوبەکر عەلی

ئیسلام، وەک ئایین دژی توندوتیژی دژ بەئافرەتانەو بەتوندیش رەتیدەکاتەوە. ئەمەش لەو سۆنگەوە نالێم کە گومانێک لەگۆڕێدا بێت و بمەوێت رەتیبکەمەوەو ناڕاستی بسەلمێنم. بەڵکو بەرەنجامی خوێندنەوەی چەندین ساڵەو قەناعەتی خۆمە، بۆیە بەتەواوی پێموایە کە توندوتیژی نواندن لەزبانەی خێزان و لەئاستە فراوانەکەی کۆمەڵگادا دژبەئافرەتان پێش هەمووشتێک پێشێلکردنی پەیمانی ئیسلامی هاوسەرایەتی و بەگشتی بنەما خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئیسلامە. واتە لەهەرکوێدا ستەم لەژن هەبوو لەوێشدا ستەم لەئیسلام و بەهاکانی هەیەو جۆرێ لەسووکایەتی بەبنەماکانی ئەم ئایینە دەکرێت.

موسوڵمانبوونی ئەوانەی کە توندوتیژییەکە ئەنجامدەدەن هیچ تکایەکیان بۆ ناکات، بەڵکو ئینتمایان دەخاتەژێر پرسیارەوەو نیشانیدەدات کە یان لەرووحی ئیسلام تێنەگەیشتوون، یاخود تێیگەیشتوون و گوێپێنادەن و لەبیرکردنەوەو رەفتاریاندا ناگەڕێنەوە بۆلای بەهاکانی و رەچاویان ناکەن. ئێمە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان چەندەها بەڵگەو دەقمان بەدەستەوەیە کە لێرەدا جێگای ئەو تاوتوێکردنە درێژە نییە، بەڵام ئەگەر تەنیا چاوێ بەو ئایەتە قورئانیەدا بخشێنین کە تێیدا خوای گەورە سروشتی پەیوەندی نێوان ژن و پیاومان بۆ دیاریدەکات و پێماندەڵێت خێزانێک لەسەر بنەما ئیسلامییەکان درووستبووبێت چییەو چۆنە، بەسە بۆ ئەوەی ئاراستەی دژەتوندوتیژی و میهرەبانی ئیسلاممان لەمڕووەوە بۆ دەربکەوێت. تێبگەین کە پەنابردنەبەر توندوتیژی جەستەیی، مەعنەوی و نامیهرەبانی نواندن بەرامبەر هاوسەر یاخود دایک، خوشک و کچ لەهەموو رەوایەتێکی ئیسلامیدا شۆراوەو خوای گەورە لێی بێبەرییەو دەچێتە خانەی ئەو شتانەی ئیسلام قەدەغەی کردوون و هەندێکیشیانی بەدابونەریتی نەفامی ناوبردووە.

خوای گەورە دەفەرموێت{ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ } سورەتی روم/ ٢١. "لەبەڵگەو نیشانەکانی خوای گەورە لەم بوونەدا ئەوەیە، کە هەرلە رەگەزی خۆتان هاوسەرانێکی بۆ خولڤاندون، تا دڵتان لایان ئارام بگرێت. هەروەها سۆزو بەزەیی و پلەیەکی باڵای خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوەو. هەموو ئەمەش بەڵگەو نیشانەن بۆ ئەوانەی بیردەکەنەوە". لەم دەقە خواییەوە گەر نەشگەڕێینەوە بۆ هیچ دەقێکی دیکە، دەردەکەوێت کە پەیمانی هاوسەرێتی لەئیسلامدا لەسەربناغەی سۆزو بەزەیی و ئەوپەڕی خۆشەویستی (مەودە) دامەزراوە. ئەوەی خوای گەورەی بۆ پەیوەندی نێوان دووهاوسەر لێیرازییە هەستی پاکو ئەو ئیحساسە ئەخلاقییە مەزنەیە. گەر توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەرەنجامی دڵڕەقی و لاوازبوون یاخود نەمانی خۆشەویستی و بەزەیی بێت، ئەوا لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەمکارە

# ئیسلام دەسەڵاتی پیاوسالاری فراوانتر کردووە

* شیلان حەمەنوری

ئایین لەسەر بیرکردنەوەو ئاکاری تاکەکانی کۆمەڵگا کاریگەرە. بەهەمانشێوە لەسەر پرسی ژن و بەتایبەتی توندوتیژی دژبەژنان و نایەکسانی جێندەریش وەک بەشێک لەو توندوتیژی کاریگەرییەکی زۆری هەیە .لێرەدا دەکرێت چەند خوێندنەوەیەک بۆ ئایین بکەین لەڕووی پەیوەندی بەتوندو تیژی دژبەژنانەوە. ئەگەر ئێمە بەچاوی کەسێکی داکۆکیکار لەمافی ژنان و یەکسانی جێندەرییەوە تێیبنوارین. زۆرێک لەنایەکسانی دەبینینەوە وەک پێدانی مافی فرەژنی بۆ رەگەزی نێرینە کە ئەمە بۆ ژنان حەرامە، تەمبێکردنی ژنان لەلایەن مێردەوە ئەگەر لە فەرمان دەرچوو. ئەی ئەگەر پیاوان بێفەرمانی ژن و خێزانیان کرد ئایا بۆ ژنان هەیە کە تەمبێیان بکەن یان سەرجێگە بەجێبهێڵن؟ مژدەی پێدانی حۆری بەپیاوانی ئیماندار لەدنیای کۆتایی، دەبێت ژنانی موسڵمان لەپاداشتی ئیمان و خوداپەرستیدا لەدنیای کۆتاییدا چییانپێبدرێت؟ هاوسەرگیری موتعە کە بۆ پیاوان هەیە لەکاتی دوورکەوتنەوەو سەفەردا. ئەوجۆرە لەهاوسەرگیرییە هیچ مافێک بە ژنەکانیان نادات...هتد. ئەمانە هەمووی بەدەقی ئایەتی قورئانی هاتووەو نابەرابەری و ناهاوسەنگی تێدایە بۆ رەگەزی مێینە. ئەگەرچی هەموو ئایینەکان هەڵگری ئاڵاو دروشمی یەکسانین، بەڵام لەنێو دەقە پیرۆزەکاندا ئەوە بەرجەستە ناکرێت. خەتەنەکردنی رەگەزی نێر بۆ تەندروستی کۆئەندامەکەو زیاتر وروژاندنی حەزی توخمتێری (سێکسی)پیاوانە، بەڵام بۆ ژنان نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئەو حەزەیەو جگە لەوەی کە کێشەی تەندروستییان بۆ درووست دەکات. جگە لەوەی کە ژنان نەبوونەتە پێغەمبەر، ئەگەر سەیری هەرەمی ئایینەکان بکەین دەبینین کە هەموو ئەو پایانە بۆ پیاوانن وەک (پێغەمبەر، خەلیفەکان، ئەسحابەکان، مجتهد و خاوەن مەزهەبەکان، قەشەو مەتران و مەلا و....هتد). واتە لەهەموو ئایینەکاندا پیاوانی ئایینی هەیە نەک بەبەشداری هەردوو رەگەز. ئەگەرچی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ژنان دەوری کارایان هەبووە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە، بەڵام هەمیشە رۆڵیان پەراوێزخراوەو کاریگەرییەکانیان نەخراوەتە بەرباس، بەڵکو تا ئەوکاتەش ژنان بەشێک بوون لەغەنیمەو دەستیان بەسەرداگیراوە.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئایین بکەین دەبینین لەهەندێک ئایەتدا داوا دەکرێت کە بەباشی مامەڵە لەگەڵ ژن بکرێت و ئەگەرنا

www.netewe.com

لادانە لەفەلسەفەی ئیسلامی بۆ ژیانی خێزانی و ئەو ژیانە روحی و ئەخلاقیەی ئیسلام بۆ ئەندامەکانی خێزان و بەگشتی کۆمەڵگای دەیەوێت. دیارە سۆزو رەحمەت، ناونیشانی گەورەیی رەوانەکردنی پێغەمبەر و پەیامەکەیەتی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەروەک خوای گەورەدەفەرموێت{وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ} سورەتی ئەنبیا/ ١٠٧. لەروانگەی ئەو ئایەتەو چەندین ئایەتی دیکەوە زانایەکی وەکو(ابن قیم) گەیشتۆتە کۆمەڵێ بەرەنجامی گرنگ و جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە هەرشتێ رەحمەت و دادپەروەری و بەرژەوەندی تێدانەبوو ئەوە لەئیسلامدا نییەو لەبەهاکانیەوە دوورە. گەرچی سەدجار بەبوختان و تاوان مۆرکی ئیسلامی پێوە بنرێت.

بۆیە، هەر کەسێک لەناوەڕۆکی پەیمانی ئیسلامی بۆ ژیانی خێزانی تێبگات و بیربکاتەوەو ژیانی لەسەربنەمای بیرکردنەوەیەکی راست رێکبخات و کوێرانە لاسایی ئەمو ئەو نەکاتەوەو خۆی نەدات بەدەست تووڕەبوونی کوێرەوە، کە زۆرجار ئازارو تاوانەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوانە بەخراپ مامەڵە دەکەن ئەوا لە پەیامی ئیسلام تێنەگەیشتوون.

هەرچی پەیوەستە بەئایەتی(نشوز) ی سورەتی(النساء) یشەوە کە هەندێ کەس بۆ رەوایەتی لێدانی ژنی هاوسەر بەکاریدەهێنن هەڵەتێگەیشتن و ناهەقیەکی زۆر گەورە روویداوە، چونکە ئەو ئایەتە هەرگیز رەوایەتی نادا بەتوندوتیژی، چونکە وشەی (چرب) کە لەئایەتەکەدا هاتووە بەگشتی بەمانای(لێدان) بەکارهاتووە، باس لەلێدانی ژن ناکات، بەڵکو باس لەژنی(ناشزە)دەکات، کە حاڵەتێکی دەگمەنی ناو ژیانی خێزانییە. ژنێک کە ئامادە نییە ئەرکە ژن و مێردایەتییەکان و لەوانەش ئەرکە (جنسییەکان)ی بەرامبەر پیاو جێبەجێبکات.

ئەگەر وشەی(چرب)یش بەمانای لێدان وەربگرین و(چرب)یش تەنیا و تەنیا بۆ(ناشزە)بێت، ئەوا دەبێ بزانین پیاو مافی نییە بەرامبەر ئەمجۆرە هاوسەرەش یەکسەر پەنابەرێتەبەر لێدان، بەڵکو دەبێ سەرەتا ئامۆژگاری بکات دوای ماوەیەک ئەگەر هەربەردەوام بوو پەنابەرێتەبەر هۆکاری دووهەم کە جێگا جیاکردنەوەیە گەر بەوەش هەر سووربوو ئینجا لێدان. لێدانیش لێرەدا لای ئەو زانایانەش کە مانای (چرب)یان بەلێدان کردووە، لێدانێکی رەمزی دەبێ وەک لێدان بەسیواک یاخود قەڵەمێک. ئەمە لەکاتێکدا من هەر باوەڕم بەوەنییە وشەی(چرب) مانای لێدان بێ و لێرەدا جێگای ئەو باسە نابێتەوە. بەڵام ئەگەر باسەکە لێدانیش بێت بەو هەموو قۆناغ و مەرج و کۆت و بەندەی پێشووەوە لەهەموو ئەو ژنانەی لەوڵاتەکەماندا توندوتیژی بەرامبەرکراوە دوو کەست دەست دەکەوێت بەمانای(ناشزە) بووبن؟ خۆ ئەگەر ناشزە بووبن ئایا ئەو هۆکارانەیان لەگەڵدا بەکارهێنراوە کە ئایەتەکە باسیان دەکات؟ ئایا لێدانەکە رەمزی بووە؟

ئیتر لێرەوە سەیری سەدان ژنی کلۆڵ و ستەم لێچووی ئەم وڵاتە بکەو بزانە ئیسلام لەکوێی شانۆکەدا وەستاوەو لەکوێدا بەهاکانی ژێرپێنراون و حیساب بۆ لۆژیکە یاسایی و داواکارییە ئەخلاقییەکانی نەکراوە؟

لەبەر روناکی ئەو کورتە باسەی سەرەوە دەمەوێ بڵێم کێشەی توندوتیژی بەپلەی یەکەم رەگەکانی بەسەر زەمینی دابونەریتی دواکەوتووی خێڵەکی، شپرزی کۆمەڵایەتی، عورف، باری ئابووری و دۆخی سیاسیدا رۆچووە.

بەهەڵەتێگەیشتن لەئیسلام و تێکەڵاوبوونی ناتەندروستی هەندێ بنەمای ئایینی بەدابونەریت، رەنگە رۆڵێکی لاوەکیان هەبێت و ئەمەش دەبێ بەخودی ئیسلام چارەسەری بۆ بکرێت. بۆیە دەتوانین جاڕی بێبەرییبوونی ئیسلام لەرواڵەتەکانی توندوتیژی دژبەئافرەتان بدەین و رێکخراو و چالاکوانانی ژنانیش گرنگە لەمڕاستییە شارەزابن و لەهەڵمەتی دژایەتیکردنی توندوتیژیدا ئیسلام بکەن بەچەکێکی کاریگەری دەستیان دژبە دڵڕەقی و نامیهرەبانی.

* بیرمەند و سیاسەتمەدار

سزای هەیەو باشترین کەس لەلای خوداوەند بەئیمانترینیانە. گەلێک ئایەت دەبینیتەوە کە داوای مامەڵەی باش لەگەڵ ژن دەکات.

بەڵام لێرەدا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لەبەر بێبەشبوونی ژن لەهەرەمی ئایینی و نەبوونیان لەنێوەندی ئەوانەی کە شیکاری و خوێندنەوە بۆ ئایەتەکان دەکەن وایکردووە پیاوان هەروەک چۆن راهاتوون لەسەر ئەو دەسەڵات و پایەیەی هەیانە، هەروا لەو روانگەیەوە شیکاری بۆ ئایین بکەن و ئەو ماناو شیکردنەوانەی، مەبەستیانە نایدرکێنن و بەکاریناهێنن بەتایبەتیش، ئەو سورەتانە هەڵگری چەند مانایەکن بەپێی شوێن و کات، بۆ نموونە ئایەتی (الرجال قوامون علی النساء) چەند شیکردنەوەیەکی جیا هەڵدەگرێت و هەریەکە بەپێی خواستی خۆی مانای بۆ دەکات. ئەمە وایکردووە ئەو ئایەتانەی لەبەرژەوەندی یەکسانی جێندەری و رەگەزین ون بن یان ماناکەی بشێوێت و ئەوەی لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی پیاوانە باسی لێبکرێت.

جگە لەوەی هەریەکە لەمەزهەبەکانی ئیسلام خاوەن بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەتی کە تێڕوانینیان بۆ یەک پرس جیاوازەوەو پیاوان لەهەر پرسێکدا کام مەزهەب لەبەرژەوەندییان بێ ئەوا بەپێی ئەو مەزهەبە جێبەجێی دەکەن، بێگوێدانە بەرژەوەندی ژن. بۆ نموونە خەتەنەکردنی ژنان کە تەنیا لەمەزهەبی شافعیدا هاتووەو لەمەزهەبەکانی دیکەدا نییە. ئەوان لەپرسی خەتەنەدا پشت بەمەزهەبی شافعی دەبەستن. ئەگەرچی بەدەقی قورئان بوونی نییە. بەڵام لەهەر بابەتێکی دیکە دەتوانن بەپێی مەزهەبەکانی دی چارەسەری بکەن و هەرچۆنێک لەبەرژەوەندییان بێت. هەروەها نائاکادیمی یان نزمی ئاستی خوێندەواری هەندێک لەوانەی کە رێبەرن یان مەلان یان شیکردنەوە بۆ ئایین دەکەن لەسەر کۆمەڵگا کاریگەری نەرێنی زۆری هەیەو بەهەڵەیدا دەبات و وایکردووە کە بەهەڵە ماناو مەبەستی ئایین بگەیەنن. لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ژن بوونیان لەهەرەمە ئایینیەکاندا هەبێ، دەکرێت ئەو شیکردنەوانە بەوشێوە لەبەرژەوەندی پیاوان نەشکێتەوە. بەتایبەتی کە دەقەکانی قورئان شایەنی چەندین شیکردنەو لێکدانەوەن. ئەگەر پیاوانی ئایین ئەکادیمی بن و بڕوایان بەمافی مرۆڤ و مافی ژن هەبێ، ئەوا زۆرێک لەو تێڕوانینانە دێتەگۆڕین. بۆیە پیاوان هەمیشە پشتئەستورن بەو شیکردنەوەو لێکدانەوانەو پشتئەستورن بەو پیاوە ئایینیانە کە رێبەرایەتی دەکەن و بەتایبەتیش کە ئەو دەقانە بووەتە بەشێک لەیاساکان. ئەمەش بووەتە بەشێک لە کەلتوور و پیاوسالاری لێکەوتوەتەوەو بووەتە هۆکارێک بۆ شەرعیەتدان بەتوندوتیژی دژبە رەگەزی مێینە. وەگەرنا لەکاتێکی وەک ئێستادا لە پەرلەمانی کوردستان پیاوانی نێو پەرلەمان بەلایانەوە نەنگی و عەیبە نەدەبوو کە دانیشتنێکی پەرلەمان بۆ بابەتێکی گرنگ و هەستیاری وەک خەتەنە دابنێن و بیکەنە پرۆژەیاسا. بەڵکو لەوە ترسناکتر زۆرێک لەو پیاوانە لایەنگری خەتەنەن، یان ئەوە ماوەی چەند ساڵە پرۆژەیاسای توندوتیژی خێزانی لەبەردەم پەرلەماندایە، دوانەدەکەوت.

توێژەری کۆمەڵایەتی و راهێنەری جێندەری

www.netewe.com

# لە کفری ئۆباڵی سووتانی ژنان دەخ

لەماوەی سێ مانگی رابردوودا هەریەک لەحاڵەتەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی دژبەژنان و هەڵکوتانەسەریان، خۆکوشتنی گەنجان، کوشتنی ناوەخت، لە شارۆچکەی کفری روویان لەزیادبوون کردووەو توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش دەڵێ"کەناڵەکانی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون توندوتیژی بەرهەمدێنن، چونکە ئەو کەناڵانە لەژێر کۆنترۆڵی سیستەمی سیاسی یان هەژموونی حزبی چەکداردا هەناسەدەدەن".

کفری

## توندوتیژی دژبە ژنان

توندوتیژی دژبەژنان، بەئاشکرا و نهێنی درێژەی هەیەو تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان، نەیانتوانیوە، سنوورێکی بۆ دابنێن. (ش.س) ژنێکی گەنجە، ماوەی ٥ ساڵە هاوسەرگیری کردووە، لەسەرەتای مانگی ئایاردا بەهۆی کێشەیەکی خێزانی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو بەسەختی سووتا. بەگوێرەی گوتەی سەرچاوەیەکی نزیک لەخێزانەکەی "مێردەکەی ماوەیەکە هەڕەشەی ئەوەی لێکردووە، کە ژنی دووهەمی بەسەردا دێنێت"، بەڵام بنەماڵەکەی رووداوەکە بەجۆرێکی دیکە دەگێڕنەوەو دەڵێن"بەهەڵە بەنزینی کردووەتە ناو تەباخ و تەقیوەتەوە".

هەر لە کفری و رۆژی ٢١ ئایاری رابردوو لەگەڕەکی ئازادی، کەسێکی نەناسراو هەڵیکوتایە سەر ماڵێک و ژنێکی بەناوی "ئ.ع" و دایەبەر چەقۆ. ژنەکە ٧چەقۆی بەرکەوتبوو و جەستە خوێناوییەکەی بەمەبەستی چارەسەرکردن گواسترایەوە بۆ سلێمانی. لەبارەی دۆسیەکەیەوە پۆلیس گوتی:"پەراوی بۆ کراوەتەوەو چەند کەسێکی تۆمەتبار دەستگیر کراون، بەڵام تائێستا تاوانەکە لەسەر هیچ کەسێک ساغنەبووەتەوە".

لەکۆتایی مانگی ئایاردا، لە گەڕەکی باوە شاسوار، کە دەکەوێتە نزیک بازاڕی کفری، دوو گەنج دەبێتە شەڕیان و دواتر گەنجێکیان بەناوی (م.ج)، بەچەک هەڵدەکوتێتە سەرماڵی گەنجەکەی دیکەو دەیانداتەبەر دەستڕێژی گوللەو لەئەنجامدا دایکی گەنجەکە بریندار دەبێت.

هەروەها لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی رابردوودا، کچێک بەناوی (م.ج)، کە ماوەی چەند مانگێک بوو مارەبڕابوو، سووتا. خێزانەکەی رایانگەیاند، کچەکەیان بەهۆی تەباخەوە سووتاوە، لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیشدا ئەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە کە ئەو کچە"تەباخی پێداتەقیوەتەوە".

هەرچەندە پۆلیس لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەدوای هۆکاری روودانی حاڵەتەکاندا دەگەڕێت، بەڵام چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنان گومانی لەو ئەنجامانە هەیە"شتی زۆر لەسەر سووتانی کچان دەگوترێت، بەڵام پێویستە حکوومەت بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەو جۆرە کەیسانە بکات، چونکە لەو هاوینە گەرمەدا، چۆن خەڵک تەباخ بەکاردەهێنێت! یان دەتەقێتەوەو ژنێک دەکوژێت! پاساوی زۆر لەو ژنانەی دەسووتێن، تەباخ تەقینە". ئەمە گوتەی نەرمین عوسمان چالاکوانی بواری مافەکانی ژن بوو.

## خۆکوژی گەنجان

لەماوەی سێ مانگی رابردوودا لەشارۆچکەیەکی بچووکی وەک کفری چەند کوڕ و کچێکی گەنج خۆیان کوشتووەو چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنیش داوای بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ناوچەکەیان دەکەن.

لە ٢٧حوزەیرانی ٢٠١٠ گەنجێک بەناوی"ع،خ" ٢٦ ساڵ خۆی کوشت. ئەو کوڕە دەستگیراندارەو دەستگیرانەکەیشی خوێندکاری زانکۆیە. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین کچەکە داوای دانانی ماڵی لێکردووەو ئەویش نەیتوانیوە، بۆیە خۆی بڕیاری خۆکوشتنی داوە".

شەوی یەکشەممە١١-٧-٢٠١٠ مامۆستایەک بەناوی (ە. س)، لەماڵەکەی خۆیدا خۆی هەڵواسی. پۆلیسی کفری رایگەیاند"ئەو کوڕە خۆی خنکاندووەو کردەکە خۆکوژییە". بەگوێرەی قسەی هاوڕێیانی ئەو مامۆستایە ژنی هێناوە. لەبەرئەوەی ١٣ساڵ لەخۆی گەورەترە، ماڵی باوکی پەیوەندیان لەگەڵ ئاڵۆز دەبێت. بەهۆی گوشاری ماڵی باوکییەوە پەیوەندی لەگەڵ

www.netewe.com

# ـــڕێتە ئەستۆی تەباخ

ژنەکەشی تێکدەچێت". سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کفری گوتی"بەگوێرەی ئەو گوتەیەی کە لەژنەکەی وەرگیراوە، ئەو پیاوە چەندجارێکی دیکە گوتوویەتی، خۆم دەخنکێم".

بەرپرسی سەنتەری کفری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، قادر محەمەد، ئاماژە بەزیادبوونی حاڵەتەکانی خۆکوژی لەشارۆچکەی کفری دەکات و دەڵێ"کردەوەی خۆکوژی بەرەوزیادبوون دەچێت، ئەوەتا لەماوەیەکی کەمدا لەم شارە بچووکەدا چەند گەنج خۆیان کوشتووە". ئەو بەپێویستی دەزانێت هەموو لایەک لەخەمی چارەسەری ئەو حاڵەتانەدا بن "پێویستە حکوومەت پڕۆژەی گونجاوی بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان، هەبێت. چونکە ئێمە توانای ئابووری ئەوتۆمان نییە کە بتوانین ئەو جۆرە پڕۆژانە ئەنجامبدەین".

**کوشتن**

لە گوندێکی هەڵکەوتوو لەباکووری خۆرهەڵاتی کفری، لەسەرەتای حوزیرانی ڕابردوودا، بەهۆی کێشەیەکی موڵکداری، چەندکەسێک هەڵدەکوتنەسەر ماڵێک کە پێشتر نێوانیان ناخۆش بووە. شەڕێک بەرپا دەکەن و لەو شەڕەدا تەور، باڵتە، دەمانچە، تالیبەر، بەکاردەهێنن. لەئەنجامدا دوو کەس بەسەختی بریندار دەبن. بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە ئەو دوو بریندارە گواستراونەتەوە بۆ سلێمانی.

لە٢٥ی حوزیرانی٢٠١٠ دوو گەنجی هاوڕێ بەهۆی دەمەقاڵێیەک بەشەڕهاتن، یەکێک لەگەنجەکان بەناوی"ئ.ع" دەرنەفیسێک لەهاوڕێکەی دەداو دەیکوژێت. بەگوێرەی قسەی کەسانی نزیک لەڕووداوەکە"دوای ئەوەی دەمەقاڵێیەک لەنێوانیاندا ڕوودەدا ئەو دوو گەنجە بەشەڕدێن، دواتر لەلایەن چەندکەسێکەوە ئاشت دەکرێنەوە، بەڵام هاوڕێکانیان دەستدەکەنە گاڵتەکردن بە"ئ.ع" کە گوایە لێدانی خواردووەو قسەش ناکەیت. بۆیە لەپڕێکدا هەڵدەستێت و دەرنەفیسێک لەلا ملی هاوڕێکەی دەدات و دەیکوژێت". تەمەنی بکوژ و کوژراو ٢٥ساڵە.

سەبارەت بەزیادبوونی ژمارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەکفری، توێژەری کۆمەڵایەتی خالید عەبدولکەریم دەڵێ، توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی دوو هۆکاری هەیە: یەکەمیان پەیوەندی بەخودی تاک و ژینگەو باری دەروونییەوە هەیەو کاریگەرییەکانی سنووردارە. هۆکاری دووهەم، پەیوەندی بەو سەرچاوەو کەناڵانەوە هەیە، کەلە دەرەوەی ئیرادەو خواستی تاک توندوتیژی بەرهەمدەهێنن.

ئەو لەوبڕوایەدایە لەئێستادا زۆرجار"کەناڵەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون واتە خێزان، قوتابخانە، مزگەوت، شوێنە گشتییەکان، حزب و ڕێکخراوە پیشەییەکان، توندوتیژی بەرهەمدێنن، چونکە ئەو کەناڵانە لەژێر کۆنترۆڵی سیستەمی سیاسی یان هەژموونی حزبی چەکداردا هەناسەدەدەن".

سەبارەت بەرابردووی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەش گوتی:"لەرابردوشدا هەروابووە، خێزان لە قەیرانێکی ئیداری و سیاسی گەورەی نەخوازراودا بووە. نەیتوانیوە تاک وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بخاتە نێو کۆمەڵگا، چونکە خۆی لەناو تەنگەژەدا بووە. کەناڵێکی دیکە، کە نەک هەر نەیتوانیوە ڕێ لەکەلتووری توندوتیژی بگرێت بەپێچەوانەوە بەرهەمی هێناوە، پەروەردەیە. لەمنێوەندەدا ئەوەندی ململانێی ئایدۆلۆژیای حزبی زاڵبووە ئەوەندە پرۆسەی پەروەردەی تاک و کۆمەڵگاو دروستکردنی کۆمەڵێ تەندرووست لای خوێندکاران گرنگی پێنەدراوە".

**هیوا محەممەد**



بازاڕی تەباخ فرۆشەکان

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

www.netewe.com

# کچێکی سعودی یەکەم میدالیای ئۆڵمپی بۆ وڵاتانی کەنداو بردەوە



کچەئەسپسوارێکی سعودی بۆ یەکەمجار توانی میدالیایەکی ئۆلمپی بۆ تەواوی وەرزشوانانی وڵاتانی کەنداو بەدەست بهێنێت.

ئەسپسواری سعودی ”دلما موحسین" یەکەم وەرزشوانە لە کەنداودا کە توانی میدالیایەکی ئۆلمپی بۆ وڵاتـەکـەی و تەواوی وڵاتانی کەنداو بباتەوە، ئەمەش لە میانەی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئۆلمپیادی لاوان، کە لە سەنگافورە بەڕێوە دەچێت.

ئەو کچە کە تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵە، لە رکابەریی تاکی ئەسپسواریدا توانی میدالیای برۆنزی بباتەوە، کە بە خۆی و ئەسپەکەیەوە بەسەر بەربەستەکاندا بە شێوەیەکی جوان بازی دەدا. جێی سەرنجە دلما موحسین یەکەمجارە بەشداریی خولی ئۆلمپیاد دەکات.

لە وڵاتانی کەنداودا گرنگییەکی زۆر بە وەرزش بە گشتی دەدرێت و پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێت و یاریگە و دامەزراوەی زۆر سەرسوڕهێنەری لێ دروست کراوە، هەروەها راهێنەر و ستافی جیهانی کار لەگەڵ وەرزشوانانی ئەوێدا دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرزشوانانی کەنداو بە دەگمەن دەبنە خاوەن میدالیا و نازناو لە یارییە وەرزشییەکاندا، بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

www.newe.com

## کارۆلین لە پێشەوەی هەمووانە

کچەیاریزانی دانیمارکی بۆ یاریی تێنس "کارۆلین ڤۆزنیاکی" بۆ یەکەمجار لە سەرووی لیستی پۆلینکراوانی یەکێک لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکەی تێنس دەبێت، ئەویش پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمەریکایە کە دووشەممەی داهاتوو دەستپێدەکات.

ڤۆزنیاکی تەمەنی ٢٠ ساڵە و لە ئاستی جیهاندا لە پۆلینی دووەمدایە و ئەمساڵ ٣ نازناوی بەدەستهێناوە، کە دواترینیان نازناوی مۆنتریال بوو لە هەفتەی رابردوو.

هەروەها لە پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمەریکا، کە یەکێکە لە پاڵەوانیەتییەکانی گراند سلام، یاریزانی بەلجیکی کیم کلیستەرز لە پلەی دووەمی پۆلینکراوانە.

جێی باسە لە پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمەریکادا، یەکەمی ریزبەندیی جیهانی، کچەیاریزانی ئەسمەری ئەمەریکی "سیرینا ویلیامز" بە هۆی پێکانەوە بەشداری ناکات، کە هەر ئەمساڵ لە پاڵەوانیەتییەکانی کراوەی ئوسترالیا و ویمبلدۆنیش بەشداری نەکردووە.

سیرینا لە مانگی تەمموزی رابردوو لە یەکێک لە چێشتخانەکان تووشی زامداربوون هات، دوای ئەوەی شووشەیەکی شکاو بریندراری کرد.



## ژنانی چیللی میدالیای زێری ئۆلمپیادی لاوانیان لە تۆپی پێ بردەوە

لە میانەی یارییەکانی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئۆلمپیادی لاوان، کە لە وڵاتی سەنگافورەدا بەڕێوە چوو، لە رکابەریی تۆپی پێی ژناندا هەردوو هەڵبژاردەی چیللی و غینیای ئیستوائی بەیەک گەیشتن، لە ئەنجامدا هەڵبژاردەی ئافرەتانی چیللی توانیان پلەی یەکەم بەدەست بهێنن و میدالیای زێر ببەنەوە، دوای ئەوەی بە لێدانەکانی سزای یەکلاکەرەوە سەرکەوتنیان تۆمار کرد.

لە کاتی ئاسایی یارییەکەدا هەردوو لا بە گۆڵێک یەکسان بوون، پاشان چیللی بە ئەنجامی ٥-٣ گۆڵ بە لێدانەکانی سزای یەکلاکەرەوە سەرکەوتنی تۆمار کرد.

# پەیمان عاسی

# بە تۆپی پێ، منداڵان لە مەترسییەکانی مین هۆشیار دەکاتەوە

کچەیاریزانی ناسراوی یاریی فوتساڵ لە عێراق و کوردستان "پەیمان عاسی"، سنووری حەزەکانی لەگەڵ وەرزش و تۆپی پێدا کۆتایی نایەت. ئەو دوای چەندین وێستگەی گرنگی وەرزشی، ئێستا گەورەترین خزمەت بە منداڵانی وەرزشوانی ناوچە دووردەستەکان دەکات و لە سنوورە دوورەکانەوە کار بۆ ئەوە دەکات منداڵان و مێردمنداڵان لە مین و مەترسییەکانی مین وشیار بکاتەوە و دووریان بخاتەوە.

**وارڤین : ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

پەیمان عاسی، کە ئێستا جگە لەوەی یاریزانی تیپی فوتساڵی (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) یانەی ئافرەتانی هەولێرە، هاوکات وەکو راهێنەرێک لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ لە دەرەوەی شار کار دەکات لە میانەی پرۆژەی یەکێک لە رێکخراوە بیانییەکان، کە ئامانجی ئەوەیە لە رێی تۆپی پێ و وەرزشەوە، منداڵان لە مەترسییەکانی مینە چێنراوەکان لە ناوچە سنوورییەکاندا وشیار بکاتەوە.

پەیمان عاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "وارڤین" لە بارەی بوونی بە راهێنەر و کارکردنی لەگەڵ منداڵانی سەرسنوور و ناوچە دووردەستەکان، گوتی: "پارساڵ رێکخراوی "سێت سۆکەر" کە بەریتانییە و لە لایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیا و ئەمەریکاوە پشتگیریی دەکرێت، لە شەقڵاوە خولێکیان کردەوە و منیش وەکو وەرزشوانێک بەشداریی تێدا کرد، کە ئەو رێکخراوە لەو وڵاتانە کار دەکات کە چەکی پاشماوەی شەڕەکان و مینی لێیە و خەڵک لە مەترسییەکانی مین ئاگادار دەکاتەوە، هەروەها بۆ منداڵانیش لە رێگەی تۆپی پێیەوە وشیارییان پێدەگەیەنێت، من لە خولەکەدا سەرکەوتوو بووم و بوومە راهێنەر، کە تاکە ئافرەت بووم لە نێو بەشداربووواندا، پاشان خولێکی دیکەیان لە سلێمانی بۆ کردینەوە، کە دەربارەی جۆرەکانی مین بوو، چووینە سەرسنووری عێراق – ئێران و ناوچە گوندنشییەکانی ئەوێمان بینی، ماوەی ساڵێک زیاتریشە لەو کارەدا بەردەوامین و تا ئێستا لە زۆر شوێندا کارمان کردووە".

پەیمان هەروەها گوتی: "لە هەر ناوچەیەکدا کار بکەین، منداڵان کۆدەکەینەوە و پۆستەرێکیان پێ دەدەین کە وێنەی یاریزانە ناسراوەکانی جیهانی تێدایە، هەروەها پەڕاوێکیشیان پێدەدەین کە وێنەی مین و جۆرەکانی لەسەرە و هوشیاری لە بارەی مەترسییەکانی ئەو چەکەوە تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆپی یارییان وەکو دیاریی پێدەدەین





www.netewe.com

و لە هەفتەی چەند ڕۆژێک وانەیان پێشکەش دەکەین دەربارەی مەترسییەکانی مین و چۆنیەتیی خۆدوورگرتن لێی، لە پاڵ ئەوەشدا یاریی تۆپی پێ بۆ ئەو منداڵانە ڕێک دەخەین و فێری هونەر و تەکنیکە سەرەتاییەکانی یارییان دەکەین".

پەیمان شانازیی بەو کارە دەکات و دەڵێت بە هۆی خۆشەویستیی خۆی بۆ تۆپی پێ، بەشداریی ئەو پرۆژەیەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: "دەمەوێت لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەوە بتوانم لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی FIFA کار بکەم، چونکە ڕاهێنەرەکەم لە ڕێکخراوە بەریتانییەکە زۆر گرنگیم پێدەدات و زۆریش لە کارکردنم ڕازییە، بۆیە بەڵێنی زۆری پێداوم کە لە داهاتوودا لە ئاستێکی باڵادا کارم بۆ ڕێک بخات".

پەیمان عاسی کە خەڵکی شاری کەرکووکە، بە هیوای ئەوەیە ببێتە یەکەم ئافرەتی وەرزشوانی کورد کە لەگەڵ فیفادا لە عێراق کار بکات.

### وازی لە هەڵبژاردەی عێراق هێنا

پەیمان وەکو یاریزانێکی یاریی فوتساڵ ماوەی چەند ساڵێک لە هەڵبژاردەی عێراق یاریی کرد و بەشداریی چەندین خولی دەرەوەی کردووە، بەڵام ئێستا وازی لە هەڵبژاردەی عێراق هێناوە "بە هۆی بارودۆخی خراپی ئەمنیی بەغداوە وازم لە هەڵبژاردەی عێراق هێنا، چونکە ناتوانم بچم لەوێدا مەشق بکەم، هەرچەندە ئێستا هەڵبژاردەکە هەڵوەشاوەتەوە".

گوتیشی: "ئێستا وەکو یاریزان لە یانەی ئافرەتانی هەولێر وەکو یاریی دەکەم و هیچ گرفتێکم نییە". پەیمان تا ئێستا خاوەن چەندین نازناوە و ٣ میدالیاشی لە خولەکانی دەرەوە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقدا وەرگرتووە.



### سەرپۆش گرفتی بۆ دروست نەکردووە

ئەوەی پەیمان لە کچە وەرزشوانەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو هەردەم حیجاب دەپۆشێت و لە کاتی یاریکردنیشدا سەرپۆش دادەنێت، کەچی یەکێکیشە لە یاریزانە بەتواناکان و هێرشبەرێکی بەهێز و خێرایە. ئەو دەڵێت: "سەرپۆشکردن هیچ کات گرفتی بۆ من دروست نەکردووە و کەسیش ڕێگریی لێ نەکردووم، بەڵکو هانی داوم باشتر یاریی بکەم".

هەروەها گوتی: "لە ئێران بەشداریی پاڵەوانیەتییەکمان کرد، لەوێدا تەلەفزیۆن و میدیاکان هەموویان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مندا دەکرد و پرسیاری ئەو سەرپۆشکردنەیان لێ دەکردم کە چۆن هەڵبژاردەی عێراق ئافرەتی تێدایە سەرپۆش دادەنێت".

پەیمان عاسی کە سەرەتا لە یانەی ئافرەتانی کەرکوک دەستی بە یاری کردووە، پاشان بۆ یانەی هەولێر یاری کردووە و دوو ساڵ لە ٢٠٠٠ و ٢٠٠٣ گۆڵکاری خولی عێراق بووە، ئەو دەڵێت "هەر لە منداڵییەوە حەزم لە تۆپی پێ بوو، لەگەڵ کوڕانی گەڕەک لە کەرکوک یارییم دەکرد و هیوام ئەوە بوو ڕۆژێک بێت لە ئاستێکی باڵادا یاریی بکەم و بگەمە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق".

ئەو کچە وەرزشوانە پێی وایە لە کاتی ئێستادا وەرزشی ژنان لە کوردستاندا لە پاشەکشێدایە "چاوەڕێ بووین ئاستی وەرزشی ژنان زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، بەڵام لە کاتی ئێستادا پێچەوانە بووەتەوە، گرنگیدان کەم بووەتەوە، خول و پاڵەوانیەتی بۆ تیپەکانی کچان نییە، یانەکانیش توانایان نییە، ئەمەش جێی نیگەرانیە و هیواداریین بارودۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام نەبێت و گرنگیی زیاتر بە وەرزشی ژنان بدرێت، چونکە لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر وەرزشوانی کچمان لە کوردستاندا هەیە و هەموویان حەز دەکەن وەرزش بکەن و ئاستیان باشە و هەروەها ڕاهێنەری باشیشمان هەیە، بەڵام گرنگیدان کەمە و توانا و یاریگە و شوێنی پێویست نییە و خول ناکرێتەوە، هەروەها مووچە بۆ یاریزانانی ئافرەت نییە، یان هەیە و زۆر کەمە".

### کارکردن لەگەڵ فیفا، ئاواتی پەیمانە

پەیمان عاسی بە هیوایە تا چەندین ساڵی دیکە لە یاریکردن بەردەوام بێت "ئاواتم ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێی ژنان دروست بکرێت و بتوانم ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان بەرز بکەمەوە، من لە تەک ئاڵای عێراقدا، ئاڵای کوردستانیشم لە خولەکاندا بەرز کردۆتەوە و ئاڵای بچووک بچووکم لەگەڵ خۆم دەبرد و دابەشی سەر جەماوەرم دەکرد".

## ئاواتم ئەوەیە

## هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێی ژنان دروست بکرێت و بتوانم ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان بەرز بکەمەوە

پەیمان عاسی کە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە هەولێر تەواو کردووە، سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە لە وێستگە جیاجیاکانی تەمەنی وەرزشیدا یارمەتیان داوە، لەوانە سوپاسی د. ئەنسارِ عوەیید دەکات، کە ئەمینی دارایی یەکێتی فوتساڵی عێراق بووە، هەروەها سوپاسی هەریەکە لە ڕاهێنەران "سالار هەمزە و مامۆستا ئازاد" دەکات، کە دەڵێت زۆر یارمەتی دەدەن و پشتگیریی دەکەن و ڕێزی زۆری لێ دەگرن، هەروەها دەڵێت: "مستەر سکۆت لی کە ڕاهێنەری منە لە ڕێکخراوە بەریتانییەکە، یەکەم کەسە کە لە دەرەوەی عێراقەوە هاوکاری کردبم، کە زۆر گرنگیم پێدەدات و ڕاپۆرتێکی لە بارەی منەوە لە میدیا جیهانییەکان بڵاو کردەوە، کە زۆر کەس بینی بووی، هەروەها بەڵێنی پێداوم کە کارکردنم لەگەڵ فیفا بۆ ڕێک بخات، باسی منیشی لە لای بەرپرسی وەرزشی ژنان لە فیفا کردووە کە ئافرەتێکم لە عێراق و کوردستان بەو شێوەیە کار دەکەم".

www.netewe.com

## زیاتر لە 50 پزیشک چوونەتە لای

# ژنێک زیخ، ئاسن و دەرزی لە چاو و کرمیش لە پێ دەردەهێنێت

لەماڵەکەی خۆیدا و لەسووچی ژوورێکدا مێزێک کە کلێنس و پەڕۆ و کەرەستەی پزیشکی لەسەربوو دانرابوو و لەپاڵیشیدا خانمی تەمەن (٥٥)ساڵ لەسەر کورسییەک بەرامبەر کوڕێکی گەنج دانیشتبوو. ئەو بە روویەکی خۆشەوە پەڕۆیەکی سپی لەسەر کۆشی راخست و کلێنسی لەدەستی پێچاو داوای لە کوڕەکە کرد سەری دانەوێنێ تا چاوی بۆ پاک بکاتەوە. پاش ئەوەی ناوی خودای هێنا بەهەردوو دەستی برۆ و پێڵوی چاوی کوڕەکەی گرت و جووڵاندی. پاش چەند چرکەیەک زیخ لە چاوی کوڕەکەوە کەوتەسەر پەڕۆ سپییەکەو خانمیش گوتی:"ئەها دەیبینیت؟ ئەوە هەمووی چڵکە".



هەژان خالید

سلێمانی

خانم سەعید، ئەو ژنە کوردەیە رۆژانە لە ماڵەکەی خۆیدا لە شارۆچکەی سەیدسادقی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەمەبەستی چارەسەرکردن، پێشوازی لە چەندین کەس دەکات. ئەو دەڵێ:"٢٨ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەم و پشتاوپشت لەدایکی دایکمەوە بۆم ماوەتەوەو دایکم فێری کردووم، زیخ لەچاو دەردەکەم و ئەگەر چاوێک تووشی حەساسیەت بووبێت یان بخورێت چارەسەری ئەکەم".

وەک خۆی دەڵێ لەناوچەکەدا بە"دکتۆرە خانم" و "دادە خانم" ناسراوە، ئەو گوتی:"کەس نییە لێرە نەمناسێت و پێمئەڵێن دکتۆر. رۆژانە لە شارەکانی دیکەوە خەڵک بۆ پاککردنەوەی ئەو چڵکەی لە چاویاندایە دێنە لام، ئەمساڵ خۆڵبارینیش زۆر بوو و بۆیە پیسی زیاتر لەچاودا کۆدەبێتەوە".

ئەو گوتیشی:"جگە لەدەرکردنی زیخ لەچاو کرمیش لەژێر پێ لەکاتی قڵیشاویدا دەردەکەم، چارەسەری فەقەراتیش دەکەم و ناوکی منداڵیش دەبڕم و ناوکیش دەهێنمەوە".

خانم، باسی لەوەش کرد کە ئەو پیشەیەی لە داپیرانیەوە بۆماوەتەوەو بەنیازیشە وردەوردە کچە بچووکەکەی فێربکات و حەز ناکات هیچ کەسێکی دیکە ئەو پیشەیە فێر ببێت. ئەو پیشەکەی خۆی بەدانسقە ناودەبات و دەڵێ:"ئەوەندەی ئاگادارم یەکێک هەبوو هەمان کاری منی دەکرد، بەڵام کۆچی دوایی کرد".

بەشێکی زۆر لە ژنان ئەگەرچی نەخوێندەوارن و ژنی ماڵەوەن، بەڵام هێشتا شانبەشانی پیاوان خەریکی کارکردن و بژێوی ژیانی خێزانەکانیان دابیندەکەن، خانمیش وەک هەریەکێک لەو ژنانە جگەلە بەڕێوەبردنی کاری ناو ماڵ خەرجی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابیندەکات"دایکی ١١ منداڵی بێ باوکم و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانم بەم پیشەیەیەو جگەلەوەی کاری حزبی دەکەم، بە کشتوکاڵیشەوە سەرقاڵم".

دادە خانم، لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانەی هاتوونەتە بەردەستی گوتی:"پیاوێکی قەڵادزەیی ئاسن چووبووە چاوی لەم ماوەیەدا هاتە لام و ئاسنەکەم لەچاوی دەرهێنا، هەر لەم ماوەیەشدا دەرزیم لەچاوی ژنێکیش دەرهێناوە". ئەو زیاتر باسی لە تواناکانی خۆی کرد و بە باوەڕەوە گوتی:"ئەگەر منداڵێک خێل بێت و تەمەنی ١بۆ



www.netewe.com



دادەخانم زیخ، ئاسن و دەرزی لە چاو و کرمیش لە پێ دەردەهێنێت

فۆتۆ: وارڤین

٤ساڵ بێ دەتوانم چاکی بکەمەوە".

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زۆرەی زانستی پزیشکی هێشتا بەشێکی زۆری خەڵک بڕوایان بەچارەسەری کوردەواری هەیەو لەکاتی تووشبونیان بە ئازار و نەخۆشی پەنای بۆ دەبەن. خانم لەبارەی گرنگیدان و بڕوای خەڵک بەچارەسەری کوردەواری بۆ نەخۆشییەکانیان گوتی:"ئەمە چارەسەری کوردەوارییەو ئەوەی هاتووە بۆ لام سوودی بینیووە، ئەگەر خراپیش بوایە خەڵک چەندبارە نەدەهاتەوە لام و روویتێنەدەکردم و زۆرم لەسەر کەسیش نییەو بەنرخێکی کەمیش کار دەکەم".

ئەو کارەکەی خۆی بە "خێر" ناو دەبات و رەتیدەکاتەوە کە ئەو کارەی فێڵی تێدا بێ و دەڵی:"ناحەزم زۆرەو شکاتیان لێکردووم، تائێستا ١٠ جار بانگکراوم، ئیدی بۆ دادوەرم سەلماند و لەبەرچاویدا کارمکرد و دادوەر گوتی راست دەکەیت و کارێکی باش دەکەی و دوایی وازیان هێنا".

ئەو خانمە ئاشکرایدەکات کە جگە لەو خەڵکە سادەیەی بۆ چارەسەر روویان تێکردووە"زیاتر لە ٥٠ پزیشکیش هاتوون بۆ لام". جەبار ئیسماعیل، (٤٥)ساڵ، یەکێکبوو لەو کەسانەی هاتبوو بۆ لای ئەو ژنە تا زیخ لە چاوی دەربکات، ئەو لە بەردەم خانم دانیشتبوو و سەری داخستبوو تا چاوی بۆ پاکبکاتەوە، جەبار، گوتی:"تائێستا دووجار هاتووم و چاوم حەساسیەتی هەیە، بڕوام بەوە هەیە کە چاوم شتی تێدایەو ئەو پاکی دەکاتەوە". گوتیشی:"هەست بەوە دەکەم چاوم سووک بووەو ئەگەر سوودم لێنەبینیبایە لە سلێمانییەوە نەدەهاتم بۆ ئێرە".

شیلان (٢١) ساڵ، خوێندکارەو لە سلێمانییەوە هاتبووە لای خانم گوتی:"لەدوورەوە کە خەڵک باسی کرد بڕوام نەکرد، بەڵام ئێستا کە هاتووم بەچاوی خۆم زیخەکەم بینی دەزانم کە راستەو هەست بەسووکی چاوم دەکەم".

ئەو گوتیشی:"زۆرجار رەنگە چارەسەری خۆماڵی سوودی زیاتر بێت لە چارەسەری پزیشکی، ئەگەر نا خەڵک بەمشێوەیە سەردانی نەدەکرد".

داده خانم

## ئاشکرایدەکات کە جگە لەو خەڵکە سادەیەی بۆ چارەسەر روویان تێکردووە"زیاتر لە ٥٠ پزیشکیش هاتوون بۆ لام"

www.netewe.com






ئۆتۆمبیل و کەلوپەلەکانی ئەو کورەی کە هەڕەشەی لە کچان دەکرد

فۆتۆ: وارڤین

### ئاسایشی هەولێر کچانی لەهەڕەشەی خاوەن مۆنیکایەک رزگار کرد

# گرتەی سێکسی دەگرت و داوای ٣٠هەزار دۆلاری دەکرد

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە سەرچاوەیەک لە ئاسایشی هەولێرەوە بە وارڤینی راگەیاندووە، خاوەن مۆنیکایەک لەنێو ئۆتۆمبیلەکەی بەنهێنی کامێرایەکی شارەوەی دانابوو و لەو رێگەیەوە وێنەی سێکسی کچانی دەگرت و دەنگیانی رێکۆرد دەکرد. ئەو کەسە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکراوەو پەڕاوەکەی لەئاسایش تەوابووەو بەمنزیکانە رادەستی دادگای تاوانەکانی هەولێر دەکرێت.

تایبەت

## گرتە سێکسییەکان

ماوەیەکە دروستکردنی گرتە سێکسییەکان بۆ ناشیرینکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستان سەریهەڵداوەو لەو رێگەیەوە هەوڵی تیرۆرکردنی کەسایەتی ژن دەدرێت. رووداوی ئاشکرابوون و دەستگیرکردنی کوڕێک بەناوی (د.ش) لەلایەن ئاسایشی هەولێر، درێژکراوەی زنجیرەیەکی دیکەی ئاشکرابوونی ئەو کەسانەیە کە لەرێگەی گرتە سێکسییەکانەوە هەوڵی ناشیرینکردنی پێگەی ژن دەدەن. لەو رووداوەشدا (د.ش) داوای سێکسی بەردەوام و پارەی لەو کچانە کردووە کە بەکامێرایەکی شاراوە لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیدا وێنەی گرتوون.

بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک لەئاسایشی هەولێر بۆ وارڤین (د. ش) لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥و دانیشتووی گەڕەکی خانزادی شاری هەولێرە. خێزانەکەی بژێوی مادییان باشە. (د.ش) ژنی نەهێناوەو بە تەنیا لەگەڵ دایک و باوکی دەژی. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین چەند ساڵ لەمەوپێش برایەکی (د.ش) بەناوی (ک.ر) دەچێتە ئەوروپاو لەدەریای ئیجەی سنووری یۆنان – تورکیا دا خنکاوە. ئەو رووداوە وای لەدایک و باوکی ئەو کوڕە کردووە کە نازێکی زۆری (د.ش)بکێشن. چونکە ئەو هەمیشە هەڕەشەی ئەوەی لەدایک و باوکی کردووەو گوتوویەتی"منیش دەچمە ئەورووپا". پاش ئەوەش دایک و باوکی ئۆتۆمبیلێکی مۆنیکای



www.netewe.com





بۆ (د.ش) دەکرێن تا بەهۆیەوە روو لەئەورووپا نەکات. (د.ش) کە خوێندکاری قۆناغی دووهەمی کۆلیژی یاسایە لەیەکێک لەزانکۆ ئەهلییەکانی هەولێر، لەرێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی بە کچانەوە کردووەو کۆمەڵێک کچی هاورێ پەیداکردووە. ئەو کچانەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەبوون، هەندێکیان لەقۆناغی خوێندنی ئامادەییبوون. پاشان (د.ش) لەرێگەی کامێرایەکی چاودێری شاراوە لەنێو مۆنیکاکەی وێنەی هەموو ئەو کچانەی گرتووە کە سواری کردوون. دوو لەو کچانەی کە وێنەیان گیراوە پەنایان بردووەتەبەر ئاسایش و ئاسایشی هەولێریش پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەرۆژی ١٥-٨-٢٠١٠ توانی (د.ش) دەستگیربکات و دەستبەسەر ئۆتۆمبیلەکەی و کەرەستەکانی نێویدا بگرێت.

### وێنەی ١٥ کچی گرتووە

بەپێی سەرچاوەیەکی تایبەت (د.ش) لەرێگەی مۆبایل و کامێراشاراوەکەی نێو مۆنیاکەکەیەوە گرتەی سێکسی ١٥ کچی گرتووەو دەنگی رێکۆرد کردوون. کامێراکەی نێو مۆنێکاکەی دەنگ و وێنەی هەڵگرتووە. سەرچاوەکەی ئاسایش لەبارەی جۆری کامێرایەکەیەوە گوتی: "هاردێکی دەرەکی هەیە، بەڵام لەکاتی دەستگیرکردندا هاردی کامێراکە نەدۆزراوەتەوە. لە سندوقی مۆنیکاکە کەرەستەی هاوپێچی کامێراکەی بە یەدەی مۆنیکاکە لەکوشنی پشتەوە بەستبوو، تا هەستی پێنەکرێت نەکرێت". دووکەس لەو کچانەی کە داوایان لە ئاسایش لەسەر (د.ش) تۆمارکردووە، گوتوویانە کە (د.ش) هەرەشەی ئەوەی لێکردوون کە ئەگەر سێکسی لەگەڵ نەکەن و بری ٣٠٠٠٠ دۆلاری بۆ ئامادە نەکەن ئەوا دەنگ و وێنەیان بڵاودەکاتەوە.

هەڵگرتنی چەک و قسەکردن بەناو لایەنی پەیوەندیدارەوە

بەپێی زانیارییەکان (د.ش) بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ناسنامەیەکی ساختەی ئەمریکی هەڵگرتووەو دوو پارچە چەکیشی پێبووە. هەروەها هەندێ کەرەستەی کچانەی لەنێو مۆنیکاکە داناوە. لەدانپێدانانی خۆیدا (د.ش) دانی بەکارەکانیدا ناوەو ئەوەی خستووەتەروو کە هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنی پەیوەندیدار نەبووەو مۆڵەتی چەکهەڵگرتنی نەبووەو ناسنامە ئەمریکییەکەشی ساختەبووە"ناسنامەکەی بۆ ئەو مەبەستە بووە کە ویستوویەتی هەرکاتێ بچێتە ئەورووپا لەو رێگەیەوە مافی نیشتەجێبوونی پێوەربگرێت".

### کامێرامە بۆچی دانرابوو؟

لە دانپێدانانی (د.ش) دا هاتووە کە گرتە سێکسییەکانی بۆ دوو مەبەست بەکارهێناوە: یەکەمیان هەرکاتێ بیەوێت ئاگاداری ئەو کچانە بکاتەوە کە وێنەو دەنگی ئەوانی گرتووە، تا داوای سێکسیان لەگەڵ بکات. دووهەمیان بۆ ئەوە بووە کە لەو رێگەیەوە پارە بەدەستبهێنێت، وەک ئەوەی کە داوای لە کچێک کردووە ئەگەر ٣ دەفتەر دۆلاری بۆ ئامادە نەکات، ئەوا دەنگ و وێنەکەی بڵاودەکاتەوە.

### هەڵەی دایک و باوک؟

(د.ش) دانیبەوەداناوە کە دایک و باوکی نازی زۆریان داوەتێ و پەروەردەیەکی دروستیان نەکردووەو ئەمەشی بەهۆکارێک زانیوە کە ئەو تاوانەی ئەنجامداوە. سەرچاوەکەی ئاسایش ئەوەی خستەروو کە رۆژانە دایک و باوکی داوای بینینی کورەکەیان دەکەن و لەپێدانی سۆز بۆی بەردەوامن، لەکاتێکدا براکانی هەڵوێستی جوانیان هەیەو داوا دەکەن کە (د.ش) سزابدرێت و بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین کە چاویان پێبکەوێت. لەبارەی هەڵوێستی کەسوکاری ئەو کچانەی کە ئەو کورە هەرەشەی لێکردوون، سەرچاوەکەی ئاسایش گوتی باوک و دایکی کچەکانیان ئاگادار نەکردووەتەوە، تەنیا براکانیان ئاگادارکراونەتەوە، هەڵوێستی براکانی ئەو دووکچەی کە ئەو کورە هەرەشەی لێکردوون، ئەوەیە کە (د.ش) بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

### بە چەندین تۆمەت حوکم دەدرێت

سەرچاوەکەی ئاسایش پێشبینی دەکات کە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ٢١ بەهۆی ئەوەی کە بەبێ مۆڵەت(د.ش) ٢ پارچە چەکی جۆری (دەمانچە)ی هەڵگرتووە، ماوەی بەندکردنی لەشەش مانگ کەمتر نابێت. هەروەها بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ماددەی ٢٩٨ ناسنامەی ساختەی هەڵگرتووەو ئەوەش دادوەر بریاری ماوەی بەندکردنی بۆ دیاریدەکات. بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ٢٧٩ کە کامێرای بەنهێنی بەکارهێناوە، دادوەر بەو برگەیەشەوە بریاری بەندکردنی بۆ دیاریدەکات. بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل، دادوەر مافی بژاردن و بەندکردنی بۆ دادەنێت. بەپێی یاسای سزادانی عێراقی کە کاری بەدرەوشتی کردووە حوکمی بەندکردنی دەبێت. ئێستا رووداوەکە پەڕاوی تەواونەکراوەو لێکۆڵینەوە بەردەوامەو بەمنزیکانە پەڕاوەکە رادەستی دادوەری داگای تاوانەکان دەکرێ و لەوێ بریاری کۆتایی لەبارەی چارەنووسی (د.ش) دەدرێت. سەرچاوەکەی ئاسایش هۆشداری ئەوەیدا کە ئاسایش لەبەدواداچوون بۆ ئەو پرسانە بەردەوام دەبێت و ئەو کەسانەی کاری لەوجۆرە دەکەن دەستگیر دەکات و رادەستی یاسایان دەکات، تا بەتوندترین شێوە سزا بدرێن.

www.netewe.com

### کامێرای چاودێری گوندی ئینگلیزی هەولێر وێنەی پێ نەگیرا

# دوو وەنەوشەو قاسەی پارەی خاوەن کۆمپانیایەکی بەریتانی دزران

کۆمپانیایەکی بەریتانی تایبەت بە وەبەرهێنانی فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر جینۆسایدی کورد، کە بارەگاکەی لە گوندی ئینگلیزی شاری هەولێرەو بەفەرمانی سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، رێگەی پێدراوە کارەکانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دوو وەنەوشەی ئەو کۆمپانیایەو چەندین کەلوپەلیان دزراون و وەزیری ناوخۆش فەرمانی دەستگیرکردنی پاسەوانانی ئەو گوندەی دەرکردووە.

هەولێر

**کاری کۆمپانیا**

کۆمپانیای RWF، خاوەنەکەی (گوین ئیڤۆر رۆپیرس) هاووڵاتییەکی بەریتانییەو سێ ساڵ لەمەوپێش هاتووەتە هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەو زانیارییانەی وارڤین بەدەستی خستوون، کاری سەرەکی ئەو کۆمپانیایە بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتارییە لەبارەی جینۆسایدی کورد. ئەو کۆمپانیایە لەلایەن سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانییەوە فەرمانی کارکردنیان پێدرابوو. ئەو کۆمپانیایە لەدەستپێکی کارەکانیدا سەردانی ئەو شوێنانەی هەرێمی کوردستانیان کرد کە لەلایەن رژێمی پێشوو پرۆسەی جینۆسایدی تێدا ئەنجامدرابوو. بارەگای کۆمپانیاکە لەگوندی ئینگلیزی شاری هەولێرە. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، ئەوان بەنیازبوون بەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییە جینۆسایدی کورد وەک هۆڵۆکۆست بەجیهان بناسێنن و تێیدا ئەوە بخەنەڕوو، جینۆسایدی کوردەکانیش یەکێک لە گەورەترین رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لەسەدەی رابردوو لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە.

**کۆمپانیاکە دزی لێکرا**

بەپێی زانیاری وارڤین لەرۆژی ١٢-٨-٢٠١٠ دوو ئۆتومبێلی جۆری تویۆتا (وەنەوشە) کە تابلۆی ئۆتۆمبیلەکە ژمارەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەبووە، لەگەڵ قاسەی پارەدانانی کۆمپانیاکە بردراوە. ئەو رووداوەش لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بەهەند وەرگیراوەو تێیدا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی کردووەتەوە تا بەدواداچوونی بۆ بکەن.

**پشکنین و هێڵکاری**

گوندی ئینگلیزی دەکەوێتە رۆژئاوای باشووری قەڵای هەولێر و نزیکەی ٧٠٠ خانوو لەخۆدەگرێت. لەلایەن کۆمپانیای بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەو گوندەوە پاسەوانی تایبەتی لەدەرگاکانی چوونەژوورەوە بۆ دابینکراوەو هەروەها سیستەمی کامێرای چاودێری لەو گوندەدا هەیە. کۆمپانیایRWF دوو خانووی هاوسێی یەکتری هەیەو ژمارەی خانووەکانیشی ١٨٦_١٨٥ـە. لەکاتی چوونی پۆلیس بۆ پشکنین و هێڵکاری چۆنیەتی دزینەکە دەرکەوت دەرگای خانووەکانی ١٨٥_١٨٦ تێکشکێندراوە. ئەو کۆمپانیایە لەکۆی دووخانووەکە دوو گەراجی



www.netewe.com



خانووی خاوەن کۆمپانیاکە لە گوندی ئینگلیزی

فۆتۆ: وارڤین

هەیەو هەموو گوندەکە پەرژینی هەیە، بەڵام بەهۆی لەکارکەوتنی کامێرای چوونەدەرەوە، وێنەی رووداوەکـە تۆمارنەکراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی وارڤین بەدەستیخستوون، بەرپرسی ئۆفیسی کۆمپانیا دوو سویچی ئۆتۆمبیلەکانی لەچێشتخانەی کۆمپانیاکە دانـابـوو، دوو سویچی یەدەکیشی لەلای بەڕێوەبەری کارگێری کۆمپانیاکە بەناوی (ب.ح) دانابوو. ئەو دوو سویچەی لەچێشتخانەکە دانرابوون دزراون و ئۆتۆمبیلەکانی پێبراوە، هەروەها ئەو سندوقەی پارەشی لەنێو دادەنرێت، دزراوە.

## چۆنیەتی دزیکردنەکە

لەو کۆمپانیایە کۆمەڵێک کارمەند کاردەکەن و تەنیا یەک شوفێر بەناوی (ج.م) سەرپەرشتیاری شوفێری ئۆتۆمبیلەکان دەکات و رۆژانـە لە کاتژمێر ٩ بەیانی تا ٥ـی ئێوارە لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە. رۆژی پێش رووداوەکە تەنیا ئەو شوفێرە لەکۆمپانیاکە بووەو کارمەندانیتر لەو شوێنە نەبوون. رۆژی دوای رووداوەکەش (ج.م) هاتووەتەو بینیویەتی ئۆتۆمبیلەکان نەماون. شەوانە کۆمپانیاکە پاسەوانی نییەو تێکڕای گوندی ئینگلیزی لەلایەن ئاسایشی گەڕەکی بەختیارییەوە چاودێری دەکرێـت. (ج.م) سەرپەرشتیاری شوفێرەکانی کۆمپانیاکە، لەدایکبووی ١٩٦٨ـەو دانیشتووی گەڕەکی ٩٢ هەولێرە. لەبەردەم دادگا گوتەی وەرگیراوەو گوتوویەتی"کاتژمێر ٩ چوومە کۆمپانیاو بینیم ئۆتۆمبیلەکان نەمابوون و دەرگاکانی خانووی کۆمپانیاکەش شکێندرابوون، هەروەها دەرگای دوو ژووری گەراجەکان کە ئۆتۆمبیلەکانی تێدابوو، شکێندرابوون". ئەو گوتوویەتی کە ئۆتۆمبیلێکی جۆری نیسان لەبەردەم گەراجەکە وەستێنرابوو، بەڵام ئۆتۆمبیلەکانیان بەنێو باخچەی گەراجەکەدا دزیبوو.

لە ١٢-٨-٢٠١٠ چوار پاسەوانی دەرگاکانی گوندی ئینگلیزی لەدادگا ئامادەبوون و گوتەیان لێوەرگیرا. هەر چوار پاسەوانەکە نکۆڵییان لەوە کرد کە ئاگاداری رووداوەکە بن. ئەو پاسەوانانە ئەرکیان لەکاتژمێر ٨بەیانی تا ١١ شەوەو دواتر یەکێک لە پاسەوانەکان لە ١١ شەو تا بەیانی بەناوی (ئ.ن) ئێشکگری شەو دەبێت. لە گوتەی بەرپرسی پاسەوانەکان (ر.ک) هاتووە ماوەیەکە کامێرایی چوونەدەرەوەی دەرگای گوندی ئینگلیزی تێکچووەو چاکنەکراوەتەوە.

لەوبارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (وارڤین)ی راگەیاند"ئەو پاسەوانانە پاسەوانی تایبەتی ماڵەکان نین و ئەرکی ئەوان پاسەوانێتی دەرگا گشتییەکانی گوندی ئینگلیزییە".

سەرچاوەکە ئەوەشی خستەڕوو، مانگێک بەرلەو رووداوە پاسەوانەکان بەڕێوەبەری کارەکانی کۆمپانیای گوندی ئینگلیزییان ئاگادار کردووەتەوە کە کامێرای چوونەدەرەوەی گوندی ئینگلیزی لەکارکەوتووەو پێویستی بەچاککردنەوەیە".

"کەسێکی شارەزا لەکاری ئەوان دزیەکەی ئەنجامداوە"

بەرپرسی کۆمپانیاکە (گوین ئیڤۆر) لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣، بەدادگای راگەیاندووە کە دوو ئۆتۆمبیلە دزراوەکەی بە فەرمانی سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەو باجی تایبەتی هەبووە. گوین، گوتوویەتی کە مانگێک بەر لەو رووداوە چووەتە بەریتانیاو ئۆتۆمبیلەکان لە کۆمپانیاکە بوون و رۆژێک دوای ئەو دزییە لەلایەن (ب.ح) بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆمانیاکەوە کە ئێستا لە فەرەنسایە، لە رووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە"کاتێ هاتمەوە بینیم دەرگای کۆمپانیاکە شکێندراون و دوو ئۆتۆمبیل و قاسەی پارەکە، دزراوە". گوین هەروەها گوتوویەتی"گومانم لەکەس نییە، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە شارەزای کۆمپانیاکە بوون".

## وەزیری ناوخۆ بڕیارەکەی توندتر کرد

دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری بەندکردنی پاسەوانانی دەرکردو بڕیاریشیدا لە گشت بازگەو شوێنەکان چاودێری ئەو ئۆتۆمبیلانە بکرێت. بەڵام دادوەر لە ١٥-٨- ٢٠١٠ پاسەوانەکانی بە دەستبەری یەکملیۆن دیناری عێراقی ئازاد کـردووە، بـەڵام بە فەرمانی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جارێکیتر پاسەوانەکان بەندکراونەتەوە. لە ١٧-٨- ٢٠١٠ دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا نوێنەری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران کەسێکی شارەزا راسپێرێت بۆ دیاریکردنی کاتی لەکارکەوتنی کامێراکە. هەروەها داوای ئامادەبوونی پاسەوان و بەرپرسی کۆمپانیاو کارمەندەکانی کرد تا گوتەیان لێوەربگیردرێت. بەپێی زانیارییەکان

www.netewe.com

# ٣٧ دەفتەر دۆلارەکەی بانکـــی هەرێم چی بەسەرهات؟

لەسەرەتای مانگی ئازاری رابردوودا ٣٧ دەفتەر دۆلار لەبانکی هەرێم لەلایەن کەسێکەوە بەواژۆی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم رادەکێشرێت و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە واژۆی بریکاری وەزارەتی دارایی ساختە کراوە. پاش ئەو رووداوە لیژنەیەکی پەرلەمانی و لیژنەیەکی حکوومی و لیژنەیەکی وەزاری و دیوانی چاودێری سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەکێشەکە، بەڵام تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامی کۆتایی.

تایبەت

ئەندامی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بەو کێشەیە، د. بەشیر خەلیل حەداد بە (وارڤین)ی راگەیاند: "پاش ئەوەی وەک لیژنەی دەستپاکی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە لەو کێشەیە ئاگادار کراینەوە، ئەو برە پارەیە لە بانکی هەرێم راکێشراوەو گومانیشدەکرێت، دەستێکی ساختەی تێدا هەبێت. ئێمەش لەلیژنەی نەزاهە لیژنەیەکمان پێکهێنا بەسەرۆکایەتی من و ئەندامێتی هەر دوو پەرلەمانتار د. زانا حەمەرەئوف و ئەڤین عومەر".

سەبارەت بەچۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیە لە بانک و ئەو لایەنەی پارەکەی راکێشاوە، د.بەشیر گوتی: "ئێمە وەک لیژنە سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد و لەگەڵیان پرسەکەمان باس کرد. ئەو نووسراوەی پارەکەی پێ وەرگیراوە، واژۆی بریکاری وەزارەتی دارایی پێوە بووە، بۆیە ئێمە کە چووین نووسراوەکەمان نیشانی بریکاری وەزارەت دا و ئەویش گوتی ئەوە واژۆی من نییەو نووسراوەکەش نووسراوی من نییە. کەواتە شتەکە ساختە دەرچوو".

جگە لەو لیژنە پەرلەمانییە لیژنەیەکی وەزاریش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەکێشەکەو هەروەها سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمیش بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی دیکەی داوە بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی کێشەکەدا.

بەگوێرەی زانیارییەکان رۆژی ٣-٣-٢٠١٠ بەنووسراوێکی بریکاری وەزارەتی دارایی کە مێژووی ١-٣-٢٠١٠ بەسەرەوەیە، بڕی ٣٧ دەفتەر دۆلار لەبانکی هەرێم راکێشراوەو تائێستا ساغنەبووەتەوە بۆچی لەرۆژی روودانی ئەو تاوانەدا کامێراکانی چاودێری کارییان نەکردووەو ژمێریارەکان و سندوق داوای ناسنامەیان لەو کەسە نەکردووە، کە پارەکەی راکێشاوە. بەگوێرەی گوتەی دکتۆر بەشیر کارنەکردنی کامێراکان و داوانەکردنی ناسنامە، دوو پرسیاری جیدی لیژنەکەن و تائێستا وەک خۆی گوتی "ئەوەی راستی بێت ئێمە تائێستاش نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک، کە گەیشتینە ئەنجام بۆ رایگشتی باس دەکەین".

بریکاری وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رەشید تاهیر لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند: "واژۆی من ساختە کراوەو هەروەها نووسراوەکەش ساختە کراوە. لەرۆژی ٣-٣-٢٠١٠ پارەکە لە بانک راکێشراوەو رۆیشتووی نووسراوەکەش بەرواری ١-٣-٢٠١٠ لەسەرە".

رەشید تاهیر، روونیشیکردەوە "ئێمە حیسابی خۆمان لە بانک هەیەو چەندە پارە رابکێشین لەلای خۆمان تۆماری دەکەین. لەبەرامبەر ئەوەشدا بانک نووسراوێک (کەشفی بانک) بۆ ئێمە دەنێرێت و دەڵێت ئەو پارانە لەحیسابی ئێوە دەرچووە. ئێمەش لەگەڵ تۆماری نووسراوەکانی خۆماندا بەراووردی دەکەین. کە مانگ تەواو بوو، نووسراوەکەی بانکمان بۆ هات و ئێمەش بەراووردمان کرد، بینیمان کە ئەو ژمارەیە تەواو نییە. بۆیە یەکسەر گومانمان لێکرد و زانیمان کە شتەکە ساختەیە، بۆیە بەخێرایی هەر لەوەزارەتی دارایی لیژنەیەکمان بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەو پرسە پێکهێنا. لیژنەکە بەسەرۆکایەتی جەنابی وەزیر و ئەندامێتی سێ کەسی دیکەیەو دەستیان بەبەدواداچوون بۆ پرسەکە کردووە".

جگەلە سێ لیژنەکەی دیکە دیوانی چاودێری داراییش لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکە پێکهێناوەو بەگوێرەی زانیاری رەشید تاهیر، لیژنە وەزارییەکەیان "سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی وردەو لەئەنجامی کۆتایی نزیکبووەتەوە".

ئەو رۆژەی کە کەسەکە بەو نووسراوە ساختەیە ٣٧دەفتەر دۆلاری لەبانکی هەرێم وەرگرتووە کامێراکانی بانکی هەرێم کوژابوونەوە. لەوبارەیەوە رەشید تاهیر گوتی: "ئەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت. بەداخەوە نەک ئەو رۆژە، بەڵکو رۆژانی دیکەش کوژاوەتەوەو خەزنی نەکردووە".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی باڵا لەئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (وارڤین)ی راگەیاند، تەنیا رەشید تاهیر، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە قسە لەوبارەیەوە بکات و لیژنەکە هەندێک سەرەداوی دەستکەوتووەو هێشتا نەگەیشتووەتە ئەنجامی کۆتایی و ئەگەر لێکۆڵینەوە تەواو بوو ئەوا ئەنجامی لێکۆڵینەوە رادەگەیەنرێت.

www.netewe.com



# ڕەمەزان زەماوەندی هاوسەرگیری پەکخستووە

وارڤین – تایبەت: هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەمەزاندا، لەکۆمەڵگادا هەندێک دیاردەی نوێ دێنە کایەوە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕەمەزانەوە هەیەو لە گرنگترین ئەو دیاردانەی بە زەقی هەستی پێدەکرێت ئەنجامنەدانی ئاهەنگی هاوسەرگیرییە لەلایەن کوڕان و کچانەوە.

محەممەد فایەق لەهۆڵی ئاهەنگێڕانی بووکگواستنەوەی خانزاد باس لەوەدەکات لەماوەی مانگی ڕەمەزان یەک ئاهەنگی بووکگواستنەوە ئەنجامنەدراوە. ڕوونیشیدەکاتەوە شەوانەش ئامادەن هۆڵەکە بکەنەوە، بەڵام هیچکەسێک لە ڕەمەزاندا ئاهەنگی بووکگواستنەوە ئەنجامنادات.

هاوڕێ مەهدی، (٢٥ساڵ)، چەند مانگێکە خوێندنی تەواو کردووە، کچێکی کۆلێژەکەی خۆی دەستنیشانکردووە، دەڵێ:"ماڵەوەی ئێمە پەلەیانە بۆ ئاهەنگگێڕان، بەڵام ماڵی بووکەخان، ڕەزامەند نین ئاهەنگی کچەکەیان لەڕەمەزان بێت". هاوڕێ گوتی:"من ئامادەبووم شەو ئاهەنگ بگێڕم، بەڵام هەر ڕازینەبوون".

یارا نەشئەت (١٨ساڵ)، پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان ئاهەنگی گواستنەوەی کردووەو گوتی:"لەڕەمەزان ئاهەنگ ناکرێت، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کەم ئامادەکاریمان بۆ ئاهەنگەکەمان کرد".

ئەو گوتیشی:"لە ڕەمەزاندا کەس ناچێتە ئاهەنگەکان، ئەگەر وا نەبووایە ماوەیەک دوامدەخست".

یاسەمین ئەحمەد (٢٦ ساڵ) ئاماژە بەوەدەدات ماوەی سێ مانگە بەنیازی ئاهەنگی بەیەکگەیشتنە، بەڵام لەبەر هەندێک ئامادەکاری نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن، بۆیە ڕەمەزانی بەسەردا هاتووە. ئێستاش کەس بەوە ڕازی نییە لەم مانگی ڕەمەزانەدا ئاهەنگ بگێڕین. بە نیگەرانیەوە دەپرسێت"خۆ شەوان خەڵک بەڕۆژوو نییە، نازانم بۆ حەزیان لە ئاهەنگ نییە".

**ئاڤان فارس**

## لە هەولێر قاوەی کۆلۆمبی بخۆنەوە

وارڤین – تایبەت: خۆلیۆ ئۆسکار، هاووڵاتییەکی وڵاتی کۆلۆمبیایەو ماوەی ١١ ساڵە لە کوردستان ژیان بەسەر دەبات.

خۆلیۆ، ماوەی ٣ مانگە لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ئەویش کۆلۆمبییە لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی بچووکدا کە بریتییە لە کافتریایەکی خنجیلانە بەناوی (پریمیۆم کۆلۆمبیا کەفی) لەناو بازاری سۆفی مۆڵ لە هەولێر خەریکی پێشکەشکردنی قاوەی کۆڵۆمبین بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر.

خۆلیۆ بۆ ناساندنی قاوەی وڵاتەکەی لە کوردستان بەهاوکاری کۆمپانیایەک لە کۆلۆمبیا بە زمانی کوردی نووسینەکانی سەر کیسەی قاوەکەی وەرگێڕاوەو مانگانە لەو کۆمپانیایەوە قاوەی بە زمانی کوردی بۆ بەرێدەکرێت. خۆلیۆ دەڵێت:"وڵاتی ئێمە بە قاوە بەناوبانگە. ئامانجی من لەوەی کە بە کوردی لەسەر کیسەکان بنووسرێت ئەوە بوو کە بەرهەمی وڵاتەکەمان لە کوردستان باشتر بناسرێت. ئەمەش وەک دیارییەکە بۆ کوردستانیان".



خۆلیۆ و ماریا

فۆتۆ: وارڤین



www.netewe.com

# حکوومەت بەندەکانی هەموارکراوی یاسای باری کەسێتی جێبەجێ ناکات



ئاڤان فارس جاف

**کەوسەر بورهان ژنێکی تەمەن (٢٨) ساڵە، وەک خۆی گوتی ماوەی ٤ ساڵە بەهۆی نەگونجانیان بەیەکەوە، لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوە. گەنمڕەنگێکی چاو سەوزە، حەسرەتی ئەوەی لەدڵ دەرناچێت کە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی بژێوییەوە نەیتوانیوە کوڕە تاقانەکەی بگرێتە خۆی و بەخێوی بکات"هاوسەرەکەم کوڕەکەمی پێدام، بەڵام چونکە هیچم نەبوو نەمتوانی بەخێوی بکەم بۆیە نەمگرتە خۆم".**

تایبەت

تائێستا چەند برگەو مادەیەکی یاسایی باری کەسێتی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار کرا، لە دادگاکانی هەرێم جێبەجێناکرێت و هەرچەندە لە یاساکەدا بڕیار لەسەر هاوکاریکردنی ئەو ژنانە کراوە کە جیابوونەتەوە، بەڵام تائێستا حکومەت بودجەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە تەرخاننەکردووە.

یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان، لە ١٣-١١-٢٠٠٨ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکرا.

کەوسەر، باس لەوەدەکات تائێستا نەیزانیوە بەڕێوەبەرایەتییەک هەبێت بۆ پێدانی هاوکاری بەو ژنانەی لە هاوسەرەکانیان جیادەبنەوە"ئەگەر من سەرچاوەیەکی داراییم هەبوایە منداڵەکەمم بەخێو دەکرد". ئەوە تەنیا کەوسەر نییە بێئاگایە لەبوونی ئەو دامەزراوەیە، بەڵکو زۆرێک لەو ژنانەی جیادەبنەوە بێ سەرچاوەی دارایی ژیان بەسەر دەبەن و ژمارەیەک لە شارەزایانیش کێشەکان بۆ خودی یاساکە دەگێڕنەوە.

هاوکات دەرکردنی یاساکە بەلای پارێزەرانەوە بەئەرێنی وەسفدەکرێت، بەڵام ڕەخنە لە جێبەجێنەکردنی دەگیردرێت. پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام، ئاماژە بەوەدەدات کە لەپەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک یاسای گرنگ دەرچوون، بەڵام نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە."هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی هەموارکردنێکی باشبوو، لەبەرژەوەندی ژن دابوو، بەڵام لە ئاستی جێبەجێکردن کەمتەرخەمی تێدایە".

ئەوەی لەو ٢٨ مادەیەی کە لەو یاسایەدا هاتووە تائێستا جێبەجێنەکراوە، مادەی حەڤدەهەم لەبەشی دووهەم برگەی چوارەمە کە تێیدا هاتووە:"حکومەتی هەرێم چاودێری ژنی تەڵاقدراو، کە هیچ دەستکەوتێکی نەبێت، دەخاتە ئەستۆی خۆی، پارەیەکی مانگانەی لەلایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تەرخاندەکرێت، تا دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەرەخسێ، یاخود شوو دەکاتەوە".

ئومێد عەبدولسەلام، دەڵێ:"ئافرەتی تەڵاقدراو ئەو بڕە پارەیە وەرناگرێ، هەماهەنگی نییە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن، ئەگەر دادوەر ژنیش بنێرێت بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، هیچی پێنادرێت، چونکە بودجەی بۆ تەرخاننەکراوە".

ئومێد، ئەوەی بەکەمتەرخەمی لەقەڵەمدا و گوتی:"پێش دەرچوونی یاساکە لێکۆڵینەوەی ورد نەکراوە، لەبنەڕەتدا هەر پرۆژەیاسایەک دەردەکرێت دەبێ رای حکومەت وەربگیرێت و بودجەی بۆ دابنرێت، بەڵام دانەنراوە، چونکە بەپرسی حکومەت نەکراوە".

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەرگوڵ قەرەداغی، دەڵێ:"پێویست ناکات کاتێک یاسا دەردەکرێت پرس بەحکومەت بکرێت، ئەرکی حکومەتە بودجە بۆ ئەو برگەیە تەرخانبکات".

ئومێد عەبدولسەلام، ئاماژە بە کەموکورتییەکی دیکەی یاساکە دەکات و دەڵێ"سنووردارکردنی ژنی دووهەمیش، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن یاسای جوانمان هەیە بووە، چونکە ئەو یاسایە نەیتوانیوە رێ لە فرەژنی بگرێت، پیاوان دەچنە دەرەوەی هەرێم ژنی دووهەم دەهێنن. بۆنموونە ڕوودەکەنە دادگاکانی پردێ و مەخموور و دادگاکانی هەرێمیش ناتوانن تانەی لێبدەن، زۆرجار گرێبەست لە تکریتەوە دێ دادوەر وەریدەگرێت، کەواتە یاساکە بە کردەوە نەیتوانی فرەژنی قەدەغە بکات، پەلەپەل لەدەرکردنی ئەو یاسایەدا هەبووە".

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی عارف حیتۆ، لەوبڕوایەدایە تەرخانکردنی بودجە بۆ ئەو ژنانەی تەڵاقدراون زیاتر هانی ژنان دەدات بۆ ئەوەی جیاببنەوە"ئێمە کاتی خۆی کە ئەو

www.netewe.com

یاسایە دەرچوو، نووسراوێکمان بۆ وەزارەت و پەرلەمان نارد ئێمە ئەو ژنانەی دێنە ئێرە ئەگەر بێت و بودجە دابنێت، ئەوە هانی تەڵاقدەدات، بۆیە لەئێستادا تەنیا ٣٠ هەزار دینار وەردەگرن".

سەبارەت بەو پرسە قەرەداغی، بە نیگەرانییەوە دەڵێ"بەداخەوە ئەو بودجەیەی لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی هەیە زۆر کەمەو زۆرکات ئەو ژنانەی سەرچاوەی دارایییان نییە تووشی کێشەی زیاتردەبن".

چالاکوانی بواری ژنان گێلاس محەممەد لەرێکخراوی ئامێز، دەڵێ:"نەبوونی سەرچاوەی بژێوی زۆرکات لای ژن کێشە دروستدەکات، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی نییە". ئەو بە گرنگی دەزانێت حکوومەت بەو بڕگەیەدا بچێتەوەو بژێوی ئەو ژنانە دابینبکرێت.

جوان عومەر، ٣١ساڵ، ماوەی ٦ ساڵە لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوە ئێستا لەگەڵ دایکی ژیان بەسەردەبات، ئەو باس لەوەدەکات دایکیان بژێویان دابیندەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێ زۆر کات بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایییەوە تووشی کێشە بووە.

بەگوێرەی دوا ئامار، کە وارڤین دەستی خستووە، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ، کەلە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە دوو هەزار و ٩٤٦ حاڵەتی جیابوونەوە بەهۆکاری جیاواز هەبووە. لە بەرامبەریشدا بیست و دوو هەزار و ٨٤٥ مارەبڕین هەبووە.

هاوکات گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری دەڵێ، ڕێژەی جیابوونەوە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو کەمتر بۆتەوە، ئەمیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، هیچ بودجەیەک بۆ ئەو ژنانە تەرخاننەکراوە، بۆیە بەشێک لەو ژنانەی ئەگەر کێشەشیان هەبێ بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی جیا نابنەوە.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان شێروان حەیدەری، باس لەوە دەکات لەساڵی ٢٠٠٨ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن حکوومەتەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا، هەر بەش و ماددەو بڕگەیەکیش باسی وودجەی تێدا هاتبێ دەبێت وەزارەتی پەیوەندیدار جێبەجێ بکات.

شێروان، رای وایە ئەو بڕگەیە دەستەبەری ژیانی ئەو ژنانە دەکات کە جیا دەبنەوە لەهاوسەرەکانیان پێچەوانەی رای بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی، دەڵێ:"ئەو بڕگەیە لەخزمەتی ژن دایە، ئەرکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە جێبەجێی بکات".

ژنە پارێزەرێک بەگرنگی دەزانێت حکوومەت بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو ژنانە دابینبکات کە جیابوونەتەوە"بەشێکی زۆری هەموارکردنەکەی یاسای باری کەسێتی لە خزمەت ژن دایە. بەتایبەت ئەو بڕگەیە، لەگەڵ بارودۆخی ژنی کورد دەگونجێت، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ژنانە سەرچاوەی دارابییان نییە". داواشدەکات حکوومەت ئەو بڕگەیە جێبەجێ بکات.

مریەم کەریم، ئاشکرای دەکات زۆرکات ئەو ژنانەی داوای جیابوونەوە دەکەن، بنەماڵەکانیان هاوکارییان ناکەن و چونکە تائێستا لە کەلتووری کوردستاندا مایەی نەنگییە ئافرەت دوای جیابوونەوە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی و زۆربەی بنەماڵەکان دژی ئەوەن کچەکانیان جیاببنەوە.

www.netewe.com

# داوا دەکرێت لەباربردنی کۆرپەلە بە یاسا ڕێکبخرێت

**یاساکانی تایبەت بەلەباربردنی منداڵ، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن، لە وڵاتانی وەک چیلی، سلڤادۆر، نیکاراگوا، ماڵتا، لەباربردن بەهەموو شێوەیەک قەدەغەکراوە، بەلاّم لەوڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا، بەریتانیا، بەلژیکا، لەبارەی لەباربردنی کۆرپەلە لەلایەن دایکەکانەوە سنووردار نەکراوە.**

تایبەت

لە عێراقدا ئەم پرسە سنووردار کراوەو لەباربردنی منداڵ قەدەغەیە، تەنیا لەکاتی پێویست نەبێت. واتە ئەوکاتەی کۆرپەلە مەترسی بۆسەر ژیانی دایک دروستکردبێت، بەلاّم لەهەرێمی کوردستان تائێستا یاسایەک نییە ئەو لایەنەی ڕێکخستبێت. ئەمە لەکاتێکدایە، شارەزایان لەپێناو پاراستنی سەلامەتی ژنان دەرچوونی وەها یاسایەک بەپێویست دەزانن.

پسپۆڕی بواری سیاسەتی تەندروستی دکتۆر گۆران زەنگەنە، لەوبارەیەوە دەڵێ، هەر یاسایەک خزمەتی بواری تەندروستی کۆمەڵگا بکات جێگەی بایەخە، بەلاّم ئەوە ناشارێتەوە لە هەرێمی کوردستان کەمتر کار لەسەر لایەنی یاسایی تەندروستی تاک و کۆمەڵ کراوەتەوە"سیاسەتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا لایەنێکە، کەمترین کاری یاسایی تێدا کراوە، بەدەگمەن نەبێت، ئەو کایە گرنگە بە یاسا ڕێکنەخراوە".

سەبارەت بەیاسای لەباربردنی کۆرپەلە، زەنگەنە گوتی:"لێرە هیچ یاسایەکی ئەوتۆ بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارە نییە". وێڕای نەبوونی یاسا بەگوێرەی زانیارییەکان تائێستا توێژینەوەی ورد لەبارەی ژمارەی حاڵەتەکانی لەباربردن و ئاکامە تەندروستییەکانی و شوێنی لەباربردن دیار نییەو نازانرێت لەدەرەوەی نەخۆشخانەدا ژمارەی حاڵەتەکانی لەباربردن چەندە. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە کوردستان بەخۆیەوە بینییەوە، دکتۆر زەنگەنە دەڵێ"لەئێستادا یاسایەکی مۆدێرن لە هەمووکات زیاتر پێویستە".

هاوکات ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان دکتۆر پەریهان قوبلای دەڵێ:"هەموو کێشەکانی تەندروستی پێویستیان بەیاسا هەیە، زۆر گرنگە کێشەی لەباربردنی منداڵیش بە یاسا ڕێکبخرێت، بەلاّم تائێستا هیچ یاسایەک نییە، ئەو لایەنە ڕێکبخات، لەداهاتوودا پێویستە کار لەسەر ئەو لایەنە تەندروستییە بکەین و پرۆژەیاسایەکی بۆ پێشنیازبکەین".

بەگوێرەی توێژینەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ٢٠٠٣ ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، لەجیهاندا حاڵەتەکانی لەباربردن ٤٦ ملیۆن لەساڵی ١٩٩٥ بۆ ٤٢ ملیۆن لەساڵی ٢٠٠٣ کەمیکردووە.

توێژەران ئەو کەمکردنە بۆ بەکارهێنانی بەرگری لەسکپڕبوون دەگەڕێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە دەریخستووە، ڕێژەی لەباربردنی منداڵ لەو وڵاتانەی ئەو پرۆسەیە تێیدا قەدەغەیە نزیکە لەڕێژەی لەباربردن لەو وڵاتانەی کە قەدەغە نییە، واتە قەدەغەکردنی لەباربردن هیچ کارتێکردنێکی لەسەر ژمارەی ئەو ژنانەی پەنا دەبەنە بەر لەباربردن نەبووە.

توێژینەوەکە ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، نزیکەی ٩٧٪ی پرۆسەی لەباربردن لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکان ئەنجامدەدرێت و زۆرێکی حاڵەتەکانی لەباربردن بەشێوازی ناتەندروست ئەنجامدەدرێت و مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە دروستدەکەن، بەگوێرەی توێژینەوەکە ٦٧٪

www.netewe.com

هەزار ژن ساڵانە بەهۆی ئاکامە خراپەکانی لەباربردنەوە گیانلەدەستدەدەن و زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکانی مردن لەو وڵاتانە روودەدەن کەوا لەباربردنیان قەدەغە کردووە.

دکتۆر پەریهان، ئەوەشی روونکردەوە، لەهەرێمی کوردستان لیژنەی تایبەت هەیە، ئەو لیژنەیە بەهۆی بوونی کۆمەڵێک نەخۆشی کە کاریگەری هەبێت لەسەر باری تەندروستی ژنەکە دەتوانێت منداڵەکەی بۆ لەبارببات"بۆنموونە دوای چاودێرییەکی زۆر ئەگەر لەپشکنینەکان دەرکەوت، منداڵبوونەکە کاریگەی لەسەر باری تەندروستی دایک دەبێت، یان منداڵەکە ناتەواوە، یان دوای لەدایکبوون منداڵەکە ناژی، ئەوا ئەو لیژنەیە بڕیاری ئەوەدەدەن لەنەخۆشخانە منداڵەکەی بۆ لەباربەرن".

گوتیشی:"ئەو بابەتە زۆر فراوانە، پێویستە بەوردی کاری لەسەر بکرێت، ئیدی لەداهاتوودا پێویستە ئەو لایەنەش بخرێتەروو و یاسایەکی بۆ دابنرێت، چونکە زۆربەی ژنان لەدەرەوەی یاساو بەشێوەیەکی ناتەندروست منداڵ لەباردەبەن، ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە، لەسەر باری تەندروستی ژنەکەو رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە".

پزیشکی ژنان دکتۆرە ئاورینگ مەعروف، دەڵێ کە ئەگەر لەڕووی زانستییەوە سەیری ئەو لایەنە بکەین پێویستە یاسایەک هەبێت و رێگە بدات بەو ئافرەتانەی، دەیانەوێت منداڵ لەبار ببەن لەنەخۆشخانەیەکی تایبەت لەباریببەن"هەرچەند لەلایەنی ئایینیەوە قەدەغەکراوە، بەڵام ئەگەر ژنێک بیەوێ منداڵەکەی لەبارببات ئەوا ئەوکارە هەر دەکات لەدەرەوەی ئایین و یاساو بەرێگەیەکی ناتەندروست، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ژیان و تەندروستی ژنەکە".

گوتیشی:"هەر چەند تائێستا لەبارەی لەباربردنەوە ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە، بەڵام پێشبینیدەکرێت رێژەی لەباربردنی منداڵ زۆر بێت، واتا بەقەدەغەکردن کەمینەکردووە".

ئەندامی لیژنەی ژنانی پەرلەمان پەیام ئەحمەد محەممەد لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند، کێشەکانی ژنان زۆر زۆرە تائێستا لیژنەی ژنان تەنیا توانیویەتی یەک پرۆژە تاوتوێبکات و هیچ پرۆژەیاسایەکیان نییە بۆ رێکخستنی پرسی لەباربردنی منداڵ"دانانی پرۆژەیاسایەک بۆ ئەو پرسە تەنیا بەلیژنەی ژنان ناکرێت، بەڵکو پێویستە لیژنەی ژنان بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی تەندروستی، لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی پرۆژەیاسایەک بۆ پرۆسەی لەباربردنی منداڵ دابنرێت".

گوتیشی:"لەداهاتووهەوڵدەدەین چالاکانەترکار بکەین بۆ پرسەکانی ژنان و پرۆژەیاسایەکیش بۆ پرۆسەی لەباربردنی کۆرپەلە پێشنیاز بکەین و بەشێوەیەکی یاسایی رێکیبخەین چونکە لەباربردن کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و باری تەندروستی ژن هەیە".

بەبڕوای پەیام ئەحمەد، ئەو لایەنە پێویستە بەوردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاوبگیرێت بەتایبەت لایەنی ئایینی"لەکاتی دانانی پرۆژەیاسا پێویستە هەموو لایەنەکان لەبەرچاوبگرێت و نەوەک یاسایەک بێت، دواتر رووبەڕووی رەخنە ببێتەوە، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان دەژین".

**ساکار روستەم**




قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە سکی دایک

## زیاتر لە ٣ ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا تێدەپەڕێ

# بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان بەبێ یاسا کار دەکات

ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە٩-٧-٢٠٠٧ بەدروشمی (لەقۆناغی تۆمارکردنی سکاڵاکانەوە بۆ قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەکان) دامەزراوە، بەڵام تائێستا یاسایەکی تایبەت بەخۆی نییە. هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهۆکاری دواکەوتنی پرۆژەیاساکە دەزانێت و لیژنەی ژنانی پەرلەمانیش دەڵێن ئەوان بۆ باشترکردنی رەشنووسی پرۆژەکە پرسەکەیان دواخستووە، بەڵام سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی کوردستانەوە بەدوورینەزانی پرۆژەکە رەتبکرێتەوە.



ساکار رۆستەم

لەگەڵ ئەوەی رێژەی توندوتیژی دژبەژنان لە کوردستان لەزیادبووندایە، بەڵام تائێستا پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لەپەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکراوە، هەرچەندە زیاتر لەهەشت مانگ پێش ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. بەقسەی چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان بەبێ بوونی یاساو سیاسەتێکی دیاریکراو ناتوانێت داکۆکی لەمافەکانی ژن بکات.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان کوردۆ عومەر بە (وارڤین)ی راگەیاند کە تائێستا هیچ یاسایەکی تایبەت بەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان نییە، بۆیە ئەوان تا پەسندکردنی پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسا کۆنەکان کاردەکەن.

بەمەبەستی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ پەسندکردنی پرۆژەیاساکە کوردۆ گوتی:"ئەرکی لێژنەی ژنانی پەرلەمانە کار بۆ ئەوە بکەن کە ئەو پرۆژەیاسایە بەخێرایی و لەزووترین کاتدا پەسند بکرێت".

هەندێک لە چالاکوانانی ژن لەوبڕوایەدان لەچەند ساڵی رابردوودا ژنان بۆ چارەسەکردنی کێشەکانیان رێگەی دادگاو تۆمارکردنی سکاڵایان گرتووەتەبەر و ئەوەش بەپێشکەوتنێک لەرەوشی ژنان دەبینن، بۆیە دەرچوونی یاسایەک بۆ رێکخستنی ئەو بوارە بەپێویست دەزانن.

پرۆژەیاسای تایبەت بە"بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان" زیاتر لەهەشت مانگ پێش ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنەی ژنانی پەرلەمان خۆیان یاساکەیان دواخستووە.

سەبارەت بەپرسی دواخستنی پرۆژەیاساکە سەرۆکی لیژنەی ژنانی پەرلەمان گەشە دارا دەڵێ"هیچ هۆکارێکی دیکە بۆ دواخستنی پرۆژەکە نییە، خۆمان دوامانخستووە، بۆ ئەوەی باشتری بکەین". لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ باشترکردنی پرۆژەکە گوتی کە ئەوان هەوڵیانداوە کەمترین کەموکورتی تێدابێت، تا لە پەرلەمان بەسانایی پەسند بکرێت. سەرۆکی لێژنەی ژنانی پەرلەمان وەها درێژەی بەقسەکانی دا:"پرۆژەیاساکە لە خولی سێهەمی پەرلەمان خراوەتە بەرنامەی کار و لەو پرۆژەیاسایانەیە، کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەولەویەتی پێدراوە، ئەگەر پەسەندبکرێت ئەو یاسایە دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبەژنان".

سەبارەت بەهۆکاری دواکەوتنی پرۆژەیاساکە پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی کوردستان کە ئامادە نەبوو ناوی بهێنرێت بە (وارڤین)ی راگەیاند:"هەندێ لە پەرلەمانتارەکان پێیانوایە لەپرۆژەیاساکەدا کێشەی یاسایی هەیەو تێدا دەسەڵاتی ژن لەهەندێ برگەدا لە پیاو زیاترە، بۆیە ئەو پرۆژەیە دواخراوە". سەرۆکی لیژنەی ژنانی پەرلەمان دەڵێ:"پرۆژەیاسا کۆنەکە رەتنەکراوەتەوە، بەڵکو ئێمە تەنیا کارمان لەسەر ئەو دوو پرۆژیاسایە کردووە، یەکێک لەلایەن لێژنەی ژنان لە خولی دووهەم و ئەویتریان لەلایەن حکوومەتەوە ئامادەکرابوو و گۆڕانکارییەکمان تێدا کردووە، بەڵام پرۆژەیاسا کۆنەکە رەتنەکراوەتەوە".

گەشە دارا، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر دەرچوونی وەها یاسایەک بۆ رێکخستنی کاروباری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، گوتیشی:"دەرچوونی یاسا بەتەنیا گرنگ نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی یاساکە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەوکەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت گرنگە".

بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ رێکخستنی ئەو بوارە تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، کار بەیاسای سزادانی عێراقی دەکەن و

www.netewe.com

بەڕای شارەزایانی بواری یاسا زۆرێک لەمادەکانی ئەو یاسایە لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ ناگونجێن. گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست فەرهادی دەڵێ:"یاسای سزادانی عێراقیمان هەیەو تائێستا لە دادگاکان کاری پێدەکرێت، چونکە یاسایەکمان نییە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی". سەبارەت بەشەرعییەتی کارکردنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەکاتێکدا کارەکانی بەگوێرەی یاسایەکی تایبەت ڕێکنەخراون ئەو دادوەرە گوتی"لەگەڵ نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەڵام کارکردنیان یاساییە، چونکە بەبڕیاری فەرمی دامەزراوە".

ڕێکخراوەکانی ژنان هەوڵی بەدیهێنانی یەکسانی جێندەری دەدەن و لەوبڕوایەدان بەبێ بوونی یاسایەکی پشتیوان لە مافی ژنان و ڕێگر لەدووبارەبووونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی، ئەستەمە بتوانرێت ڕەوشی مێینە لە هەرێم باشتر بکرێت. ژنە چالاکوان شیلان حەمەنوری، جەخت لەسەر بایەخی یاسا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژن دەکات و دەڵێ"بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن، یاسا یەکێکە لەپاڵپشتییەکان". ئەو چالاکوانە ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە کاری بەڕێوەبەرایەتی تەنیا بەدواداچوون بێت و ئەوکارە بەئەرکی ڕێکخراوەکان دەزانێ و داوا دەکات حکومەت بەجیدی پشتیوانی لەدۆزی ژن بکات. شیلان، نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەنەنگ دەزانێ"ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ناتوانێت هیچ کێشەیەک لەکێشەکانی ژن چارەسەر بکات، چونکە بەهۆی نەبوونی یاسا زۆربەی تاوانەکان لەژێر چەند ناوێک وەک دابوونەریت، کەلتوور و سوڵحی عەشایری دەشاردرێتەوە، بەڵام دانانی یاساو بەسزاگەیاندنی ئەو کەسانەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئەو کەسانەی ئەو تاوانانە دەکەن". ئەو گوتیشی:"لای ئێمە کێشەی ژن خراوەتە پەراوێز و وەک پرسێکی لاوەکی سەیر دەکرێت، لەهەموو ناوەندەکان و لەعەقڵییەتی سیاسی کوردیدا و لای حکوومەت نەبووەتە پرسێکی گرنگ، کاتێک پرسێکی ژنان دێتە پێشەوە کومەڵێک پاساو دەهێننەوە وەک تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای خەتەنەکردن کە پێیانشەرم بوو لەناو پەرلەمان باسی بکەن". ئەو چالاکوانە وێڕای ڕەخنەگرتنی لەحکومەت و ناوەندەکانی بڕیار ئاماژەیدا، کە ئەگەر حکومەت پرسەکانی ژنان بەکێشەی نەزانێت و دانبەوەدانەنێت کۆمەڵگاکە کومەڵێک کێشەی هەیە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، ئەوا ناتوانرێت هیچ بۆ ژن بکرێت.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سەبارەت بەحاڵەتەکانی توندوتیژی دژبەژنان ژمارەیەک ڕێکخراو ڕەخنەیان لەئامارەکە گرت، شیلان حەمەنوری یەکێکە لەو چالاکوانانەی ڕەخنەکان بەهەند وەردەگرێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات"ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نەیتوانیوە توندوتیژییەکان کەمتر بکاتەوە". جەختیشی لەوەکردەوە"ئەگەر باسی کەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دەکەن، ئەوا چ یاسایەک و سیاسەتێکییان گرتووەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، لەکاتێکدا یاسایەکی تایبەت بە توندوتیژی لەبەردەستدا نییە".

ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەفراکسیۆنی گۆڕان زانا ڕەئوف حەمەکەریم، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهۆکاری دواخستنی پرۆژەیاساکە دەزانێت. گوتیشی:"ئەو پرۆژەیاسایە یەکێکە لەو پرۆژەیاسایانەی کە پێویستە لەدوای ئەم پشووە یەکلا بکرێتەوەو ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتین لەسەر ئەو پرۆژەیاسایەو دوایی دەینێرین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان تا وادەیەک بۆ گفتوگۆکردن و پەسندکردنی دیاری بکات".

سەرەڕای هەوڵەکانی لیژنەی یاسایی ئەگەری ئەوە لەئارادایە پرۆژەیاساکە ڕەتبکرێتەوە، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لەپەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە وارڤینی ڕاگەیاند"چاوەڕواندەکرێت پرۆژەیاسای توندوتیژی دژ بە خێزان ڕەتبکرێتەوە".



فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

ژنێک لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی پرسیار لە بێ یاسایی دەکات

www.netewe.com

# پزیشکی وارڤین

پ: من لانه سلێمان تەمەنم ٢٥ ساڵە، تووشی نەخۆشی برینی گەدە بووم، ماوەی چوارساڵە هیچ چارەسەری نەبووە، ئایا برینی گەدە پەیوەندی بەدەروونی مرۆڤەوە هەیە. چونکە کاتێک خەفەت دەخۆم باری تەندروستیم خراپتر دەبێت؟

دکتۆر سامان ئەنوەر پسپۆری دەروونی: بێگومان یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوونی مرۆڤ بەبرینی گەدە. کاتێک، مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکی و خەم دەبێ، ئەوا ئەو دڵەڕاوکێ و خەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی فەرمانی گەدەو درووستبوونی ئازاری گەدە. هەندێجاریش برینی دوازدەگرێ، بۆ چارەسەری برینی گەدە پێویستە سەرەتا لایەنە دەروونییەکەی چارەسەر بکرێت، چونکە ڕێگرە لەچاکبوونەوەی برینەکە، ئەمانە هەمووی پەیوەندی بەدڵەڕاوکی وخەمۆکی دەبێت، ئەگەر هاتوو چارەسەری حاڵەتە دەروونییەکەی بکرێت، ئەوا برینی گەدەکەی زۆر بەئاسانی چاک دەبێتەوە.

پ: من جوان عەبدوڵڵا، تەمەنم چل ساڵە منداڵدانم تووشی هەوکردن بووەو رووخسارم سوور دەبێتەوەو زیپکەی ورد دەردەکات و گورچیلەشم ئازاری هەیە، ئایە ئەمە پەیوەندی بەهەوکردنەکەی منداڵدانم هەیە؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان دکتۆر سامیە عەبدولکەریم: ئەو هەوکردنەی منداڵدان هیچ پەیوەندییەکی بەزیپکەی رووخسارەوە نییە. لەوانەیە چارەسەرێکت وەرگرتبێ بۆ نەهێشتنی ئەو هەوکردنە هۆڕمۆناتی تێکدابیت یاخود سووڕی مانگانەت تێکچووە ئەمە گومانی دروستبوونی زیپکەی لێدەکرێت و سەبارەت بە ئازاری گورچیلەت کاریگەری هەیە، چونکە کۆئەندامی زاوزێ و کۆئەندامی میز لەیەک نزیکن، واتە ڕێڕەوەکانیان لەیەکەوە نزیکن بێگومان کاریگەریان لەسەریەکتری هەیە.

پ: سارا هادی تەمەنم ١٧ساڵ بوو بۆ ماوەی سێ مانگ وەرزشم کرد، بۆ دابەزینی کێشم ٢٥ کیلۆم بەوەرزش کردنەکە هێنایەخوارەوە، بەڵام دوای وازهێنانم لەوەرزشکردن توشی ئینزیلاقی بڕبڕەی پشت بووم. ئێستاش تەمەنم ٢٠ساڵە ئایا هۆکاری تووشبوونەکەم دەگەڕێتەوە بۆ وەرزشەکە؟

دکتۆر نیاز لەبەشی چارەسەری سروشتی لەنەخۆشخانەی رزگاری: هەندێک وەرزشکردن هەیە ئەگەر بەناتەندروستی بکرێت دەبێتەهۆی چەندین نەخۆشی بۆ وەرزشوانەکە. وەک تێکچوونی جومگەکانی چۆک و ئینزیلاقی مل و بڕبرەی پشت. بۆیە پێویستە لەسەر بەرنامەیەکی پزیشکی وەرزش بکرێت پێوستە لەسەر وەرزشکردن بەردەوامبیت، چونکە وازهێنانی دەبێتە هۆی ئەو نەخۆشیانەی کە باسمان کرد. بۆ چارەسەری توشبوو بەئینزیلاقی بڕبڕەی پشت، دەبێ هەر بە وەرزشکردنەوە سەرقاڵ بێت، هەندێک وەرزشی تایبەت بەماسولکەکانی پشت هەیە چارەسەری دەکات.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان

تەلەفۆن:0662647813

warvin.press@yahoo.com



www.netewe.com

# بانگهێشتی چا خواردنەوە





کنێر عەبدوڵلا

هەر خواردنەوەیەک ئەتەکێتی تایبەت و ڕێساو یاسای خۆی هەیە. ئەگەر بانگهێشتی تایبەت بە چاخواردنەوە کرای، چۆن ڕەفتار دەکەی؟

بنەچەی دابونەریتی چاخواردنەوە بەریتانییە، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەسەندنی بەخۆوە بینیووەو بووەتە نەریتێکی باو لەگشت وڵاتانی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

بەکارهێنانی بەردەوام و بانگهێشتی چا خواردنەوە، زیاتر لەکاتی دوای نیوەڕۆیە. دەتوانیت کۆمەکخوازی ئەم جۆرە ئاهەنگانە بە چاخواردنەوەوە بکەیت. بۆ ئاهەنگگێڕان لەبۆنەیەکی تایبەت بەخۆت یان هەر تاکێکی خێزانەکەت یاخود هاوڕێکانت، بەتایبەت ئەو ئاهەنگانەی کە بتەوێت خەرجی تێچوونی کەم بێت.

ئەوجۆرە ئاهەنگانە، شێواز و ڕێسای ئامادەکردنی خۆی هەیە. لەڕووی مەبەست و کاتەوە، خواردنەکانی لەگەڵدا بەکاردەهێنی. دەستنیشانی کات: بەردەوام کاتی ئەمجۆرە ئاهەنگانە پاشنیوەڕۆ دەبێت.

ئەو بۆنانەی کە بانگهێشتی چاخواردنی بۆ دەکرێت:

- خوانی ئێوارە.
- ئاهەنگی هاوسەرگیری بچووک.
- لەدایکبوونی منداڵێکی نوێ لە خێزاندا.
- ئاهەنگی مووچە (دەستکەوت)
- کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڕێ یان هاوڕێیانێک کە ماوەیەک بێ نەتبینیبێت.
- جۆرەکانی ئەو خواردنانەی دەکرێت لەگەڵ چا دا پێشکەش بکرێت:
- شیرینی.
- نان و جۆرەکانی بسکیت.
- کێک.
- لەفەی جۆراوجۆر.
- شێوازی پێشکەشکردنی چا و خواردن.
- ئامادەکردنی خواردنەکە لە پێش هاتنی میوانەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، یان لەڕێگەی مێزێکی کراوە کە دروشمەکەی بریتییەلە "خۆت خزمەتی خۆت بکە" یاخود بەدانانی قاپی ئامادەکراو لەبەردەم هەر تاکێکدا.
- تەنیا شت کە دەکرێت پێشکەشی بکەین، چا تێکردنە، چونکە تۆ میوانی و شەرەفی ئاهەنگەکەی، بەڵام هەموو کاتی ئاهەنگەکە لەپێشکەشکردن و تێکردنی چادا خۆی نابینێتەوە. مافی خۆتە لەگەڵ هاوڕێکاندا چێژ وەربگریت بە وتووێژکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکان، لەبەرئەوەی لەبناغەدا سادەیەو گەر وانەبێ وەک هەر ئاهەنگێکی دیکە دووچاری کەنەفتکردن دێیت.

Kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com

# چۆن ئازاری ددانهاتنی منداڵەکانمان کەمبکەینەوە؟

لە قۆناغی دەرکەوتنی ددانە شیرییەکان دا، منداڵ کەمێک پلەی گەرمای جەستەی بەرزدەبێتەوەو کاتەکانی خەوی تێکدەچن. تۆبەی گریانەکانی زیاتر دەبن و زۆرێک لە دایک و باوکان هەست بەبێزاری و نیگەرانی دەکەن بەهۆی هەستنەکردنیان بەئازاری منداڵەکەو ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیانە بەرامبەر بەکۆرپەکەیان ئەنجامی بدەن لەو قۆناغەی تەمەنیدا کە بۆ منداڵەکەش ئازاردەرە.

قۆناغی هاتنی ددان لای منداڵ، قۆناغێکی سەخت و بێزارکەرەو زۆرینەی منداڵان لەکاتی دەرچوونی ددانەکانیاندا هەست بەئازارێکی زۆر دەکەن و پلەی گەرمای جەستەیان بەرز دەبێتەوەو ئارەزووی ئەوە دەکەن لەوکاتەدا بۆ کەمبوونەوەی ئازارەکانییان هەر شتێکی دەستیاندەکەوێت بیبەن بۆ دەمیان و خۆیانی پێوە خەریک بکەن. بێگومان رادەی ئازاری ددانهاتنیش لەمنداڵێکەوە بۆ منداڵێکیتر جیاوازە.

منداڵ کەی ددانی دێن؟

بەشێوەیەکی رێکخراو بەچەند قۆناغێک منداڵ ددانەکانی دەردەکەون و سەرەتا ددانەکانی بەشی خوارەوەی پێشەوەی لەنێوان مانگی چوار و حەوتەمی تەمەنیدا دێن و پاشان چوار ددانی بەشی سەرەوەی پێشەوەی دەمی لەمانگەکانی هەشت و نۆی تەمەنیدا دێن. پاشان لەمانگی دەهەمی تەمەنیدا بەشی سێهەم و چوارەمی ددانەکانی ریزی خوارەوەی دێن و کۆتا ددانی شیریشی لە تەمەنی ٣ ساڵیدا دێت.

چی بکەین بۆ ئەوەی ئازاری دەرکەوتنی ددانی منداڵەکانمان کەم بکەینەوە؟

لێرەدا پێویستە پەیرەوی چەند رێنماییەک بکرێت بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بتوانرێت ئازارەکانی ئەو منداڵە کەمبکرێنەوە کەلە قۆناغی دەرکەوتنی ددانەکانیدایە.

یەکەم: پارچەیەک قوماشی پاکوخاوێن و هەڵگیراو لەئاوی سارد بۆ ماوەی کاتژمێرێک، بخەرە بەردەستی منداڵەکەت بۆ ئەوەی بیخاتە سەر هاروەکانی و لەو رێگەیەوە کەمێک پلەی گەرمای هارووەکانی بێتە خوارەوە، بەڵام مەرجە قوماشەکە پارچەیەکی درێژ و گەورە بێت، نەک بچێتە قورگی و گرفتی بۆ دروستبکات.

دووەم: کرێمێکی تایبەت بە شەویلگەی منداڵان هەیەو رۆژانە دوو تا سێجار لەرێگەی پەنجەی دەستتەوە هەوڵی نەرمکردنی شەویلگەی منداڵەکەت بدە، بەڵام مەرجە پەنجەت پاکو خاوێن و شوشترابێت.

سێهەم: دوور بکەرەوە لە بەکارهێنانی دەرمان و ئەسپرین بۆ منداڵەکەت بەبێ رێنمایی پزیشکی تایبەت، چونکە بەکارهێنانی ئەسپرین کاریگەری لابەلا لەسەر تەندروستی منداڵەکەت دروستدەکات.

چوارەم: ئاگاداری ئەو پارچە پلاستیکیانە بە کە بۆ پاراستنی شلەمەنی بەکار دەهێنرێن و دەخرێنەناو بەفرگرەوەو لە رێگەیانەوە شلەمەنی دەدرێتە منداڵ. نابێ ئەو پارچە پلاستیکیانە بگەنە رادەی بەستن چونکە ناودەمی منداڵەکە ئازار دەدەن.

قۆناغی دوای دەرکەوتنی ددان: ئەو قۆناغە، هەستیارییەکەی لە قۆناغی دەرکەوتنی ددانەکان کەمتر نییەو پێویستە بەوردی چاودێری ددانی منداڵەکە بکرێت و لەرێگەی فڵچەیەکی تایبەت بەمنداڵان و بەکارهێنانی ئەو هەویرانەی ددان شوشتن کە لەگەڵ تەمەنی منداڵ دەگونجێن بایەخ بە پاک و خاوێنیان بدرێت و ددانەکانیان پاک بکرێتەوە.

هەروەها پێویستە لەو قۆناغەدا منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست فێری شوشتنی ددانەکانی بکرێت و دایک و باوک ئەو کارەی لا خۆشەویست بکەن و هاوکاری بکەن بۆ بەردەوامبوون لەسەری.

لەکۆتاییشدا پێویستە دایک و باوکان ئەوە لەبیرنەکەن کە بەشێوەیەکی دەوری ددانی منداڵەکەیان پیشانی دکتۆری پسپۆڕ بدەن، چونکە هەر کەموکورتییەک لە ددانەکانی منداڵ بەهەر شێوانێک رەنگە لەداهاتوودا کاریگەری بکاتە سەر ددانەکانی.

**سەرچاوە: دیجلە**



www.netewe.com

# نەخۆشییە زایەندییەکان چین؟



د. خالیس قادر

بەشی سێهەم

زەردویی ڤایرۆسی

ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر جۆری بی و سی

ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی جۆری بی

•خوێن و پێکهاتەکانی خوێن.

•ڕێگای دەرزی و سرنجی پیسبوو.

•کاری سێکسی.

•لیکی ناو دەم.

•چاندنی ئەندام.

•ڕێگای دیکە: شیری دایک، موس (لەلای سەرتاش) و نینۆکبڕ

نیشانەکان

لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە بەهۆی جیاوازی بەرگری لەش

لەوانەیە بێنیشانە بێت یان:

•بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ (٣٨-٣٩) پلە.

•هەڵێنج و ڕشانەوە.

•ژانی سک (لای ڕاست).

•خوراندنی لەش.

•پەڵەی پێست.

•میزی نەخۆش ڕەنگی دەگۆڕدرێت و خەست دەبێت.

•ژانی جومگەکان.

•گەورەبونی سپڵ و جگەر.

•بێهێزی و نەمانی ئارەزووی خواردن.

•جۆرەکانی هەوکردنەکە.

١- سۆی توند: نزیکەی لە ٧٠٪ توشبووان نیشانەکانیان لێ بە دیاردەکەوێت.

•لەهەفتەی ٣-١٣دژەتەن دەردەکەوێت، لەماوەی ٥ مانگ لە لەش نامێنن.

•لە ١٠٪تووشی درێژخایەن دەبن.

٢- سۆی بێنیشانە: ٢٠ — ٢٥ ٪ بێنیشانەن.

٣- سۆی درێژخایەن: ٥- ١٠٪ لە توشبووان دەگرێتەوە، کە لەوانەیە بێنیشانە یان نیشانەدار بێت.

واتە ڤایرۆسەکە بۆ ماوەی زیاتر لە ٦ مانگ لە لەشی نەخۆش دەمێنێتەوە، لەباری سۆی توند یان لەکاتی دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە.

دەستنیشانکردن

•بەڕێگەی تاقیگە (سیرۆلۆجی) دۆزینەوەی ئەنتیجینی ڤایرۆسەکە

یان دژە تەنەکە.

•تێستی پی سی ئار.

•تێستی فەرمانی جگەر.

•چاندنی شانەی جگەر.

خۆپارێزی

•دوورکەوتنەوەی لەکاری سێکسی لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری.

•بەکارهێنانی کۆندۆم.

•وەرنەگرتنی خوێن تەنیا لەکاتی زۆر پێویست و دڵنیا نەبێت.

•بەوریایەوە دەرزی و سرنج بەکاربهێنرێت.

•دوورکەوتنەوە لە ماددە بێهۆشکارەکان.

•بەکارنەهێنانی دەرزی و سرنجی بەکارهاتوو.

•کوتان، دژی ڤایرۆسی جۆری بی بەتایبەتی ئەوانەی جێگای مەترسین وەک خێزانی کەسی توشبوو، کارمەند و پزیشک، کارمەندی تاقیگە، ئەوانەی کاری سێکسی دەکەن.

ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر جۆری سی

•لە ٧٠-٨٠ تووشبووان بەرەو باری درێژخایەن دەڕۆن.

•بەڕێگەی گوازتنەوەی خوێن و پێکهاتەکانی دەگوازرێتەوە.

•بەڕێگەی سێکس دەگوازرێتەوە بەڵام کەمتر.

•بەڕێگەی دەرزی (مادە بێهۆشکارەکان).

خۆپارێزی

١.دوورکەوتنەوە لەوەرگرتنی خوێن و پێکهاتەکانی تەنیا لەکاتی زۆر پێویست و دڵنیا لە پاکی خوێنەکەدا نەبێت.

٢.دوورکەوتنەوە لەمادە بێهۆشکارەکان.

٣.بەکارهێنانی کۆندۆم.

٤.دوورکەوتنەوە لە کاری سێکس لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری.

٥.بەکارنەهێنانی دەرزی و سرنجی بەکارهاتوو.

www.netewe.com



# لەکوردستان لایەنــی

تایبەت

تائێستا لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەو هاوڵاتییانە نییە، نەخۆشی دەروونییان هەیەو بەگوێرەی گوتەی شارەزایان نەبوونی یاسایەک بۆ رێکخستنی ئەو بوارە وایکردووە"زۆرجار مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێن و دادوەرێکی پەرلەمانتاریش لەوبڕوایەدایە بوونی وەها یاسایەک کاریگەری زۆری لەسەر رەوتی دادگاییکردن لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

پڕۆژە یاسای تایبەت بەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە لەلایەن رێکخراوی (هارتلاند ئەلایەنسی) ئەمریکی بۆ پێداویستی مرۆیی و مافی مـرۆڤ، لەگەڵ وەزارەتــی تەندروستی حکوومەتی هـەرێـم و لیژنەیەکی هاوبەش لـەهـەردوولا بۆ مـاوەی سێ مانگ وتووێژی لەبارەوە کراوە.

لـە ٩ی ئـابـی ٢٠٠٩ دا لـە کۆنفرانسێکدا بەئامادەبوونی وەزیری تەندروستی، نوێنەرانی رێـکـخـراوی هارتلاند ئەلایەنسی ئەمریکی، پەرلەمانتار و پزیشکی پسپۆڕی دەروونـی لەهەولێر، سلێمانی و دهۆک لەگەڵ نوێنەری ئەنجومەنی نیشتمانی تەندروستی دەروونـی عێراق پڕۆژەیاسای تەندروستی دەروونی تاوتوێ کرا.

بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوە ئەمەریکییە دکتۆر ئەحمەد محمەد ئەمین، لـەوبـارەیـەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند، پڕۆژەیاسای تەندروستی دەروونی یەکەم پرۆژەی رێکخراوەکەیان بووە، پێشتر بە زمانی عەرەبی پێشکەشکراوەو دواتر کراوەتە کوردی و هەوڵدراوە دەوڵەمەندبکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت پێشکەشی پەرلەمان بکرێت.

سەرەڕای بایەخی دەرچوونی ئەو یاسایە بۆ هەموو ئەوانەی نەخۆشی دەروونـیـان هەیە، ئەو پڕۆژەیە بە نیسبەت ژنانیشەوە بایەخی خۆی هەیە ئەو بەرپرسە گوتی:" پڕۆژەیاساکە راستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆ بۆ ژنان گرنگە، چونکە نەخۆشخانەی سـۆز لـە سلێمانی گەورەترین نەخۆشخانەی ژنانە کار لەسەر ئەو یاسایە دەکەن ئەگەر لە پەرلەمان دەربچێت".

رێکخەری پرۆژە لەرێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس پـارێـزەر شیلان عـەزیـز دەڵــێ، لـە هەرێمی کوردستان، تائێستا یاسایەک نییە بۆ پاراستنی مافی ئەو کەسانەی کێشەی دەروونییان هەیەو گوتی:"پێویستبوو زووتـر ئەو پرۆژەیاسایە دانرابایە، بەڵام لەئێستاشدا زۆر گرنگە یاساکە دەربچێت و جیبەجێبکرێت".

لەزۆر وڵات یاسای تایبەت بەو توێژە هەیەو ئەوانەی پڕۆژەکەیان گەڵاڵە کردووە سوودیان لە یاسای چەند وڵاتێک بینییوە"بۆ دانانی ئەو پرۆژە یاسایە سوودمان لە یاسای میسری و یاسای عێراقی کەلە ٢٠٠٤ دانراوە، وەرگرتووە".

بەهۆی ئەوەی لەرابردوودا هەرێمی کوردستان بەچەندین واقیعی تاڵدا گوزەری کردووە ئەگەری ئەوە لەئارادایە ژمارەی ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە زۆر بێت"لەوانەیە بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکەمان بگرێتەوە". بۆیە دەرکردنی هـەر یاسایەک بتوانێت بـواری تەندروستی لەهەرێم رێکبخات بەلای دکتۆر گۆران زەنگەنە، پسپۆڕ لەبواری سیاسەتی تەندروستی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە"لەهەرێمی کوردستاندا سیاسەتی تەندروستی، لایەنێکە کەمترین کاری یاسایی تێدا کراوەو بەدەگمەن نەبێت، ئەو کایە گرنگە بە یاساو رێسا رێکنەخراوە".

ئەو پسپۆڕەی بـواری سیاسەتی تەندروستی رەخنەی لە فەرامۆشکردنی ئەو کەسانە گرت، کە نەخۆشی دەروونییان هەیە"مافەکانی ئەو

www.netewe.com



# دەروونی پشتگوێخراوە

کەسانەی تووشی نەخۆشی یا کێشە یا تەنگەژەی دەروونی هاتوون پێشێلکراون و جاری وا هەیە تەنانەت مامەڵەی مرۆڤیشیان لەگەڵ ناکرێت، بۆیە ئەو بوارە پێویستی بە یاسا هەیە، بۆ ئەوەی رێکبخرێت و پێشێلکارییەکان کەمبکرێنەوە". دکتۆر زەنگەنە، تەنیا دەرکردنی یاساکانی پێ گرنگ نییە، بەڵکو جێبەجێکردنیان بە گرنگ دادەنێت.

ئامانج لەدەرکردنی ئەو یاسایە، پاراستنی مافی نەخۆشی دەروونییە، بەڕوونی مافەکانی ئەو توێژە لە یاساکەدا دیاریکراوەو سەرپێچیکاران رووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەکاتەوە. د. زەنگەنە دەڵێ"یەکێکی دیکە لە بایەخەکانی ئەو یاسایە، ئەوەیە رێسایەکی گشتی داناوە بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی گشتی لە وەزارەتی تەندروستی کە چاودێری دەزگا دەروندروستیەکانی کوردستان بکات و رێسای تایبەتیان بۆ دەربکات". داواشی لە پەرلەمانی کوردستان کرد کار بۆ پەسندکردنی پرۆژەیاساکە بکات.

سەرەڕای کارکردنی زۆر لە پرۆژە یاساکەدا، بەڵام هێشتا گلەیی لە پرۆژەیاساکە هەیە. پزیشکی دەروونـی نزار عیسمەت تەیب، رەخنەکانی لە پرۆژەیاسای تەندروستی دەروونی لە دوو خاڵدا کۆدەکاتەوە"لەو پرۆژەیاسایەدا باسی تەندروستی دەروونـی منداڵ نـەکـراوە، ئەمەش پێویستە لەداهاتوو بۆ پرۆژەیاساکە زیاد بکرێت، لەلایەکی دیکەوە زۆر باسی تەندروستی دەروونـی لەناو کۆمەڵگا نەکراوە، ئەمەش لایەنێکی گرنگە، زیاتر باسی نەخۆشخانەکان کراوە".

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دادوەر رزگار محەمەد ئەمین، وێڕای ئاماژە کردنی بەپشتگوێخرانی ئەو پرۆژەیاسایە گوتی:"زۆر گرنگە ئەم پرۆژەیە ببێتە یاساو فشار بخرێتەسەر حکوومەت بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بیخاتە بواری جێبەجێکردن".

گوتیشی:"پرۆژەکە پێویستی بەدەستکاری هەیە لەڕووی دارشتنەوە، هەندێک وشە هەیە لەشوێنی خۆی بەکارنەهێنراوەو هەندێک پێناسەی کەمە، بەڵام سەرەتایەکی باشە".

دادوەر رزگار، تاوان و لایەنی دەروونی بەیەکەوە دەبەستێتەوە"تاوان زۆر پەیوەندی بە لایەنی دەروونـیـیـەوە هەیە، چونکە کەسێک لایەنی دەروونـی تەندروست و ئاسایی بێت ئەوا تاوان ناکات و لەگەڵ ئەوەش تاوان بۆ خۆی کاریگەری هەیە بەسەر باری دەروونی و دوو شتن کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە، تاک چەند باری دەروونی شێوا ئەوەندە زیاتر بەرەو تاوان دەچێت".

گـوتـی:"گـرنـگـیـنـەدان بـە نەخۆشی تاوانبار لەڕووی دەروونییەوە کێشەی یاسایی و ویژدانی دروستدەکات لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگا، ئەگەر لایەنی دەروونـی رەچاو بکرێت ئەوا دەتوانرێت تاوانەکان لەسەر کەسەکان زۆر کەمبکرێتەوە ئەگەر تاوانبارەکە نەخۆشی دەروونی هەبێت".

دادوەر رزگـار، گوتیشی:"پێویستە شوێنێکی دیاریکراو بۆ چاودێریکردنی ئـەو نەخۆشانە هەبێت، هەروەها پێویستە پزیشکی دەروونی لەهەموو فەرمانگەکانی چاکسازیدا هەبێت".

**ساکار رۆستەم**

www.netewe.com

# منم عەزیزی وەیسی



وێنەکان جەمال پێنجوێنی

# سمێڵم دەتاشم

تایبەت

هونەرمەند عەزیز وەیسی ئاشکرای کرد کە لەلایەن دەرهێنەر بەتوانای سینەماکاری کورد، بەهمەن قوبادی، داوای لێکراوە بەشداری لە فیلمێکی نوێیدا بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بەهمەن داوای لێکردووە کە سمێڵی کورت بکاتەوە. عەزیزیش دەڵێ:"نەک تەنیا کورتی دەکەمەوە، بەڵکو ئامادەم بیتاشم".

### ریتمی خێرای بۆ دڵخۆشی گەل هەڵبژاردووە

هونەرمەند عەزیز وەیسی، بەر لە ١٧ ساڵ لەکاتی گۆڕینەوەی بەندکراوانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ئاهەنگی پێشوازی بەندکراواندا لەرۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی بەگۆرانی ریتمی خێرا کرد و بۆی دەرکەوت کە گەل حەزی لەو شێوازەیە. ئەو دەڵێ:"٢٤کاسێتی گۆرانی سلۆم هەیە، بەڵام ستایلی خێرام بۆ دڵخۆشی گەل هەڵبژاردووە. لەهەرێمی کوردستان بەهەمانشێوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، گۆرانی بەستایلی خێرا دەڵێم، چونکە گەلی کورد زۆر کارەساتی ئەنفال، کیمیاباران و ئەشکەنجەدانی بینیووە. دەمەوێ بەو ریتمە جارێکیتر خەڵک بهێنمەوە پێکەنین و روو لەخۆشی بکەنەوەو تووشی خەمۆکی نەبن".

### لەبەر سەما کردن رەخنەی لێ گیراوە

سەمای عەزیز وەیسی، لە هەڵپەرکێکانیدا بووەتە جێی سەرنجی ئەوانەی کە حەز بەدەنگی ئەو هونەرمەندە دەکەن و سەمایەک لە بەرگی فۆلکلۆری کوردیە. سەماکەی وایکردووە منداڵ، گەنج و بەتەمەنەکان سەرسامی بن."گرنگە هونەرمەند لە کلیپدا وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو رۆڵی هەبێت. کاتێ بۆیەکەمجار لە کەناڵی کوردسات بەگوتنی گۆرانی"بەچەندی" دەرکەوتم، خەڵک پێیانگوتم چۆن دەبێ هونەرمەند وا لە گۆرانیدا هەڵپەرێت و قسەی ناشرینیان پێگوتم، بۆیە ناچاربووم دووجار ژمارەی مۆبایلەکەم بگۆڕم، بەڵام ئێستا زۆرترین داواکاری خەڵک سەماکردنمە".

### لە١٥ ساڵیدا ژنی هێناوە

عەزیز وەیسی، دوور لە کاری هونەری لەژیانی گەنجێتیدا زۆر ئازاری چێشتووەو دەڵێ خۆشی لەژیانی ئەو تەمەنە نەبینیوە"لەجگەرە فرۆشییەوە بگرە تا کاری فرۆشتنی جوانکاری ژنان و پیاوانم کردووە. دواتر دەستم بەکاری هونەری کرد. چێژم لە خۆشەویستی نەبینی و هەر لە ١٥ ساڵیدا ژنیان بۆهێنام، چونکە نەریتی ئەوکات وابوو".

### حەزی لە پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانییە

عەزیز دەڵێ:"ئەگەر پۆستێک هاتە پێش خۆم بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی هەڵدەبژێرم، تا پاکوخاوێنی هەرێمی کوردستان بپارێزم و واز لە گۆرانیگوتنیش ناهێنم".

### (راپ)یش دەڵێ

عەزیز، لەسیدیە تازەکەیدا گۆرانییەکی راپی بەشێوەزاری کەلهوڕی گوتووەو گۆرانییەکەشی هی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمید حەمیدییە. ئەو بەنیازە لە وڵاتی تایلەند کلیپ بۆ ئەو گۆرانییە بکات، چونکە وەک باسیکرد لێرە هیچ گرووپێکی راپ نییە بۆ کاری کلیپ یارمەتی بدات" ئەوەی کە هەشە ئامادەنییە ئەوکارە بکات".

### "هەرمێ هەڵوژەو قەیسی منم عەزیزی وەیسی"

عەزیز وەیسی بەنیازە بەرهەمە تازەکەی بەناوی"هەرمێ و هەڵوژەو قەیسی، منم عەزیزی وەیسی" وەک جەژنانەیەک لە جەژنی رەمەزاندا پێشکەشی هاووڵاتییانی کوردستان بکات. ئەو لەو گۆرانیەدا خۆی بە کچێک دەناسێنێ کەلە گوندێک هەرمێ و هەڵوژەو قەیسی دەفرۆشێ و عاشقی دەبێت. عەزیز، دواتر لەرێگەی نەخشەی کوردستانەوە گوندەکە دەدۆزێتەوە. بەپێکەنیەوە دەڵێ"ئەگەرچی زۆر دڵرەق بوو، بەڵام هەر بەدەستم هێنا".

### سمێڵی دەتاشێت

کارێکی دیکەی عەزیز وەیسی بەشداریکردنی لە فیلمێک بەناوی"ئەو دووانە بوو" کە باسی خۆشەویستی دەکات و ١٠ خولەک بەشداری کردووەو بەمنزیکانە نمایش دەکرێت. بەقسەی عەزیز، سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی، داوای لێکردووە لە فیلمێکی تازەیدا بەشداربێ و رۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا بگێڕێت، بەڵام بەهمەن، پێیگوتووە دەبێ سمێڵت کورت بکەیتەوەو لەبەرامبەریشدا عەزیز وەیسی، ئامادەیی پیشانداووە و دەڵێ:"لەپێناو دڵخۆشیکردنی هاووڵاتییان و خزمەتکردن بە هونەری کوردی، ئامادەم سمێڵ و برۆیشم بتاشم".

### هونەرمەندی دەنگخۆش دەناسێنێت

عەزیز وەیسی، بەدوێت گۆرانییەکی لەگەڵ کچە گۆرانیبێژ (نارینا کوردی) بەناوی "ئەز حەلیام"گوتووە"ئەو کچە دەنگی خۆشە، بۆیە داوام لێکرد گۆرانییەکم لەگەڵ بڵێت و بۆ ئەو مەبەستەش شیعرێکی (حەمەسەعید برایم)مان هەڵبژاردو لەلایەن فامیلی فەنیشەوە کلیپمان بۆ دەکرێت". عەزیز، دەیەوێت بە بەشێوەزاری کرمانجی گۆرانی بێژێ و ئاشکراشی دەکات کەلە بادینان ١٠هەزار دانە لەسیدیەکی فرۆشراوە. بۆیە بڕیاریداوە لە هەر سیدیەکدا دوو گۆرانی بە شێوەزاری کرمانجی

www.netewe.com

**ژن میوەیەکە لە بەهەشت ئەوەندە باشە ئەگەر تۆ لای خوا باشبیت، ئەوکات لە بەهەشتدا ئەو میوەیەت پێدەدرێت**



بلێت، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو لەو بوارەدا ئەوەیە کە شاعیری باشی کرمانجی ناناسێت تا بەریتمی ئەو شیعر بنووسێت.

### "ژن میوەی بەهەشتە"

لەزۆرترین گۆرانیەکاندا سوودی لە ئاواز و شیعری فۆلکلۆری بینیووەو مەبەستیشی پاراستنی بەرهەمی کلاسیکی کورد بووە، بەڵام زۆرجار لەسەر دەقە فۆلکلۆرییەکان تووشی کێشە بووە. وەک لە کلیپێکدا کە وەسفی کچێک دەکات و دەڵێ"ماچ و دینار بستێنە". عەزیز، لەوبارەیەوە دەڵێ:"داوای لێبوردن لە ژنان دەکەم ئەگەر لە گۆرانییەکدا باسی ژنم کردبێت و بەجۆرێکیتر گوزارشتی لێ کرابێت. ئەو شیعرانەی گوتوومە فۆلکلۆربوونە. لە گۆرانییەکدا دەڵێم"ماچ و دینار بستێنە"ئەمە مانای گرانی ماچی کچەکە دەگەیەنێت نەوەک کارێکیتر، تۆ بەپارە ماچی کچان بکڕیت". لەروانگەی عەزیز وەیسی، ژن میوەیەکە لە بەهەشت ئەوەندە باشە ئەگەر تۆ لای خوا باشبیت، ئەوکات لە بەهەشتدا ئەو میوەیەت پێدەدرێت.

### رۆژانە دەتوانێ ١٠ کاتژمێر گۆرانی بلێت

ئەو نایەوێت هیچ دەقێک بلێ کە خەمگین بێت، تەنیا ئەو گۆرانیانە دەڵێ کە بۆ هەڵپەڕکێ دەستدەدەن و بەگوتەی خۆی رۆژی وا هەبووە ١٠ کاتژمێر گۆرانی گوتووە"ئەگەر هەڵپەرکێکە بەدڵم بێت لە گۆرانیگوتن ناوەستم". عەزیز ئەوکاتانەی کە بەتەنیایە سیناریۆ بۆ کارەکانی دەنووسێت.

### ١ ملیۆن کەس دێنە کۆنسێرتی رەزازی

عەزیز وەیسی، نایشارێتەوە هاووڵاتییانی کوردستان پاڵپشتی هونەرمەندانیان ناکەن. نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە ئێرانییەکان بۆ کۆنسێرتی موعین ئەسفەهانی روویان لە دوبەی کرد"کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هانی هونەرمەندەکانیان دەدەن. تەنیا بۆ ئاهەنگی جەمشید لەهەرێمی کوردستاندا، نزیکەی ٤ هەزار کوردی رۆژهەڵات هاتنە باشوور. ئەگەر هونەرمەند ناسری رەزازی بێتە سنە کۆنسێرتێک سازبدات، ئەوا ١ ملیۆن کورد بەشداردەبێت، بەڵام ئەگەر ناسر لێرە کۆنسێرت بکات ١٥ کەس ناچێت". بەڕای عەزیز وەیسی، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لێرە هونەرمەند و گۆرانیبێژ لەیەکتری جیاناکرێتەوە. عەزیز، دەڵێ کۆنسێرتێکم بۆ یەکێتی لاوان لە هەولێر سازکرد هاتن بەخۆڕایی بوو، ٢٠ هەزار کەس ئامادەبیوو، بەڵام ئەگەر ئەو کۆنسێرتە بە پارەبووایە ٥٠٠ کەست نەدەهات.

### بەدەم هەڵپەرکێوە خەڵات دەبەخشم

عەزیز وەیسی، بەردەوام زەردەخەنەی هەیە، بەڵام کاتێ کە رووداوێکی ناخۆش دەبینێ دەگری. ئەو ئێستا لەگەڵ کۆمپانیای هەنس کاری خێرخوازی دەکات. کاری ئەو کۆمپانیایە دابەشکردنی شتومەکە بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و لەکاتی دابەشکردنی کاڵاکاندا عەزیز، دڵی خەڵک دەداتەوە. ئەو کاتێ سەردانی ماڵێک دەکات حەز ناکات کەمدەرامەتی ئەو ماڵە پیشانبدات"بەدەم هەڵپەرکێوە شتیان پێدەبەخشم و دڵیانخۆشدەکەم".

# ڕێگری لەخۆکوشتن

خۆکوشتن یەکێکە لەدیاردەکانی نێو کۆمەڵگاکان و دەتوانین بڵێین هەموو کۆمەڵگایەک بەڕێژەی جیاواز پشکی خۆی بەردەکەوێت. بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکان خۆکوشتن دیاردەیەکی نوێ نییەو لەدێرزەمانەوە هەیەو لەهەموو سەردەمێکدا کەسانێک هەن لەدوای مردن دەگەڕێن و بەتەنیا هۆکاری دەزانن بۆ خۆرزگارکردن لەمەینەتییەکانی ژیان.

توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە ب هەڵکشان و زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن لەسەرتاسەری جیهاندا دەکەن. لەیەکێک لەسەرژمێرییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) دەرکەوتووە، ڕێژەی خۆکوشتن لەجیهاندا ساڵانە دەگاتە ٨٠٠ هەزار تا ٩٠٠ هەزار حاڵەت بۆ ئەوەی هۆکارەکانی چارەسەرکردن و ڕێگرتن لەخۆکوشتن یان خۆسووتان لەلایان ئافرتەوە بزانین (د. تاڤگە عەلی ) پسپۆڕی نەخۆشی دەروونی دەڵێ: بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە پێوستە سەرەتا هۆکارەکانی پەنابردن بۆ ئەو کارە بزانین ئینجا هەوڵدەین بۆ ڕێگرتن و ساردکردنەوەی ئەوکەسە تا پەشیمان ببێتەوە لەو بڕیارە هەڵەیەی کەدەیدات.

ئەو کەسەی بڕیاری خۆکوشتن یاخود خۆسووتان دەدات بۆ ئەو چەند هۆکارەی خوارەوە دەگەڕێتەوە.

*هۆکاری دەروونی PSYCHIATRIC FACTORS

A تێکچوونی کەسایەتی PERSONALITY DISORDER

B تێکچوونی خود (مزاج) MOOD DISORDER

C خواردنەوەی ناشایەنی کحولی ALCOHOL MISUSE

D ئالوودەبوون DRUG MISUSE

E شیزو فرینیا SCHIZOPHRENIA

F نائومێدی لە ژیان HOPELESSNESS

*هۆکاری کۆمەڵایەتی SOCIAL FACTORS

A کارنەکردن UNEMPLOYMENT

B هەژاری POVERTY

C جیابوونەوە ( تەڵاق) DIVORCE

D ناکۆکی ناو خێزان SOCIAL FRAGMENTATION

E ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە باسکردنی خۆکشتن

F تەنیایی SOCIAL ISOLATION

*هۆکاری بایۆلۆژی GENETIC FACTOR

A هۆکاری چینایەتی

بۆ ڕێگرتن لەوئافرەتەی کە دەیەوێت خۆی بکوژێ یان بسووتێنێ، پێویستە لەم کاتەدا ئەو ئافرەتە چیبکات بۆ ئەوەی لەبڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە"د.تاڤگە دەڵێت: ئەوکاتەی ئافرەتێک هەوڵی خۆکوشتن یان خۆسووتان دەدات. بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت خۆی سارد بکاتەوە، چونکە لەوکاتەدا بیرکردنەوەی زۆر ئاڵۆزە ئاراستەکانی بیرکردنەوەی تەنیا بۆ ئەو بڕیارە هەڵەیە دەچێت ناتوانێت بەڕاستی بیربکاتەوە، بەڵام لەسەر کەسانی دەوروبەری پێویستە زۆر ئاگاداری بن. بەردەوام چاودێری بکەن، چونکە ئەوکەسەی بڕیاری لەناوبردنی خۆی دەدات هەوڵدات لەشوێنێکی تەنیا بێت بۆ ئەوەی کەس لێی ئاشکرا نەکات".

دکتۆر ئەم ڕێگانەی خوارەوە بەباشترین شێوە دەزانێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

١-بوونی خزمەتگوزاری دەروونی بەشێوەیەکی زیاتر.

٢-کەمکردنەوەی کەرستەکانی خۆکوشتن.

٣-کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری دژ بەخۆکوشتن.

٤-پشکنین ودۆزینەوەی ئەوکەسانەی، کە بیرۆکەی ئەنجامدانی خۆکوشتنیان هەیە تا دکتۆری دەروونی چارەسەری بکات.

٥-باسنەکردنی شێوەکانی خۆکوشتن لەراگەیاندنەکان، چونکە دەبێتە ڕێگایەکی فێرکاری بۆ ئافرەتی دیکە.

## چارەسەر یاخود ڕێگرتن لەخۆکوشتن

بڕیاری خۆکوشتن، تەواو بابەتێکی تایبەتە بەخودی خاوەنەکەی، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرەتاوە بەهێمنی کار لەگەڵ کەسەکەدا بکرێت، سەرزەنشت نەکرێت و پێش پرسیارکردن دەربارەی خۆکوشتن پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵدا دروست بکرێت. چارەسەر یا ڕێگرتن لەخۆکوشتن بەپێی حاڵەتەکان یا ئەو پێنج ئاستەی هەیەتی دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەمشێوازانەی خوارەوە مامەڵە لەگەڵ کەسەکاندا بکەین:

ئەگەر کەسێک هەستی خۆکوشتنی هەبوو پێویستە:

- بەکراوەیی و ڕاستەوخۆ لای ئەوکەسانەی متمانەی پێیانە قسە بکات دەربارەی ناخی خۆی.
- لەزووترین کاتدا سەردانی پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی بکات.
- بەردەوام بێت لەسەر ڕێنماییەکانی پزیشک و تیمی چارەسەرکردن.



www.netewe.com

### ئاوڕێک لەمێژووی موزیک

# جاکۆمۆ پوچینی

**سامان عەلی سابونچی**

مردنی پوچینی ( لوکه ١٨٥٨/١٢/٢٢ – بروکسێل ١٩٢٤/١١/٢٩)، ئازارێکی قوڵی دام، هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم کە نەتوانم چیدی مرۆڤێکی ئاوا گەورە نەبینمەوە. بۆ من شانازیەکی گەورەیە کە سەرنجیم راکێشابێت... ئارنۆڵد شۆنبێرگ ARNOLD SCHÖNBERG (١٩٥١ – ١٨٧٤) داهێنەری بەناوبانگی موزیکی نەمساوی).

بنەماڵەی پوچینی، زۆربەیان موزیسیان بوونەو سەرپەرشتی ئۆرکێسترای کەنیسەی دۆمۆی لوکەیان کردووە (شارێکی سەر بەهەرێمی تۆسکانای ناوەڕاستی ئیتالیایە).

"جاکۆمۆ ئەنتۆنیۆ دۆمێنیکۆ میکیێلێ سێکۆندۆ مەریا پوچینی"، لە ٢٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٥٨، لەخێزانیکی هەموو موزیکزان دێتەدنیاوەو پێنجهەم دەبێت لەشەش منداڵی خێزانەکەیان، هاوڕێیەکی خێزانەکەیان پێناسەی ماڵەکەیانی، بەبۆکسێکی گەورەی موزیکی کردووە.

کاتێک میکێلێی باوکی دەمرێت، جاکۆمۆ تەمەنی پێنجساڵان دەبێت. پاشان دەنێردرێتە لای خاڵی "فۆرتوناتۆ ماجی"، بۆ بەردەوامبوون لەخوێندن، جاکۆمۆ منداڵێکی لەسەرەخۆ و هێمن بووە، بەڵام خاڵێکی زۆر توڕەو توند بووە لەهەڵسووکەوت لەگەڵیدا. لەتەمەنی چواردە ساڵیدا دەتوانێ بەهۆی لێدانی ئۆرگ لە کەنیسەی لوکە، داهاتێکی ئابووری دابینبکات بۆ خێزانەکەی و لەهەمانکاتیشدا، چەند لولەیەکی ئۆرگەکە دەدزێت و دەیفرۆشێتەوە تا پارەیەک بەدەستبهێنێت بۆ کڕینی جگەرە، پاشتر پێیدەزانرێت و سەرزەنشت دەکرێت.

جاکۆمۆ بۆ یەکەمجار لەژیانیدا، لەساڵی ١٨٧٦ دا لەگەڵ هەندێک لەهاوڕێکانی، ڕێگایەکی دووردەبڕن بەرەو شاری پیزاو یەکەم ئۆپێرا دەبینێت، ئەویش "ئایدا"ی جوزێپێ ڤێردی (١٨١٣ – ١٩٠١) GISEPPE VERDI دەبێت و زۆر بەوکارە سەرسام دەبێت. دوای چەند ساڵێک دەڵێ "کاتێک ئەوکارەم بینی هەستم کرد، کە پەنجەرەیەکم بەڕوودا کراوەتەوە بۆ چوونەناو ئەو هونەرە" و دەست بەنووسینی یەکەم کاری ئۆپێرا دەکات.

لەساڵی١٨٨٠ تا ١٨٨٣ "لوکە" جێدەهێڵێت و بەرەو میلانۆ دەچێت، لەلایەن شاژن مارگەریتە سەڤۆیا MARGHERITA DI SAVOIA (١٨٥١– ١٩٢٦) وە لەسەر داوای دایکی زەمالەیەکی ١٠٠ لیرە لەمانگێکدا بۆ ماوەی ساڵێک وەردەگرێت بۆ خوێندن لە کۆنسەرڤاتۆریۆی میلانۆ. دوای ساڵێک کە ئەو یارمەتیە تەواو دەبێت، لەلایەن دکتۆر "چێرۆ" وە هاریکاری دەکرێت بۆ بەردەوامبوون لەخوێندن، ئەو چەند ساڵەی خوێندنی بەنەبوونی و هەژاری بەسەردەبات، لەگەڵ ماسکانی هاوڕێی (١٨٦٣ – ١٩٤٥) PIETRO MASCAGNI دواتر ئەویش بوو بە موزیکدانەر و سەرپەرشتیاری ئۆرکێسترا. بەیەکەوە لەژوورێکدا دەژیان.

بۆ کۆتایی خوێندنی، سەمفۆنیەکی– ئاڵۆز دەنووسێت بۆ ئۆرکێسترا، کە بەشێوەیەکی پۆزەتیف ئەو کارەی هەڵسەنگێندرا. "پۆن کیێللی (١٨٣٤ – ١٨٨٦)" AMILCARE PONCHIELLI مامۆستای بەردەوام سەرسام بووە بەتوانای بیرکردنەوەی پوچینی لەکاری دراماتیکی و پەیمانی دەداتێ، کە هاریکاریبێت بۆ پەیداکردنی بابەتێک بۆ ئەوەی بیکاتە ئۆپێرایەک






www.netewe.com

و لەم پەیمانەش پاشان"لێڤیللی" دەنووسێت، بۆ بەشداریکردن لەپێشبرکێیەکدا لەساڵی ١٨٨٤ دا و خەڵاتەکەش بەدەستناهێنێت. لەساڵی ١٨٨٩ دا، دووهەم ئۆپێرا بەناوی"ئێدگار" لەهەمان"تیاترۆی دال ڤێرمێ"، پێشکەشدەکات و پێشڤەچوونێکی ئەوتۆ لە توانستی کارەکەیدا نابینرێت بۆ ناوبانگدەرکردن، بەهۆی لاوازی ئەو بابەتەی هەڵیبژاردبوو بەسەرهاتەکەی بکاتە ئۆپێرا.

دوای چەندین ساڵ بەردەوامبوون لەخۆپێشخستن و بەدواداچوون لەبوارەکەیداو دوای چوار ساڵ کارکردن "مانۆن لێسکاوت" پێشکەشدەکات، کە پێشڤەچوونێکی سەرنجراکێش لەکارەکەیدا بەدیدەکرێت و لە ساڵی ١٨٩٦ دا لە تۆرینۆ، خەڵکدا. دواکاریشی"توراندۆت" کە تەواو نەکرا.

پوچینی، هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنێکدا"ئێلڤیرا جێمینیانی" پێکدەهێنێت، کە هاوسەری بازرگانێکی لوکە دەبێت و کورێکی لێی دەبێت. لەساڵی ١٨٩٦ دا و بەیەکەوە لەو خانووەی پوچینی، کە لەساڵی ١٨٩١ دا کڕیبووی لە"تۆرێ دێل لاگۆ" ژیان بەسەر دەبەن، هەروەها وەک هەستێک و یادگاری ئەو خانووەشی کڕییەوە، کە تێیدا لەدایک ببوو.

لەساڵی ١٩٠٩ دا بەهۆی دڵپیسکردنی هاوسەرەکەیەوە کە گوایە پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ کچێکدا پەیداکردووە، دەبێتە کێشەیەکی دادگاو بەخۆکوشتنی کچەکە کۆتایی دێت و پاشان بڕیاری دادگاش بێتاوانی کچەکە دەسەلمێنێت. بۆ بروکسێل و لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ دەکەن و سەرکەوتوو دەبن، پاش ماوەیەکی کەم بەهۆی وەرگرتنی چارەسەری زۆرەوە، دڵی لاواز دەبێت و ماڵئاوایی لەدنیای ئۆپێرا دەکات بەیەکجاری و دواکاری"توراندۆت"جێدەهێڵێت کە ساڵی ١٩٢٦ دەستی بەنووسینی کردبوو. پاشان لەلایەن فرانکۆ ئالفانۆ(١٨٧٥– ١٩٥٤) FRANCO ALFANO کارەکە تەواوکرا، "توراندۆت" لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی پوچینی دادەندرێت و رەخنەگران بە باشترین کار و بلیمەتی پوچنی لە بواری داهێناندا هەژمار دەکەن.

دوای ڕێورەسمێکی شایستە لە بروکسێل، تەرمەکەی رەوانەی میلانۆ (ئیتالیا) دەکەنەوەو





ێئۆپێرای" لا بۆهێم" پێشکەشدەکات. بەشێوەیەک سەرکەوتن بەدەستدێنێت، کە بەسەر هەموو کارەکانیتریدا سەرکەوتوتر دەبێت و بەباشترین ئۆپێرانووس لەوکاتەدا هەژمار دەکرێت.

ساڵی ١٩٠٠ "لاتۆسکا" لەشاری ڕۆما پێشکەشدەکات، بەهۆی مۆرکە مێژوییەکەیەوە، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت، لەکاتێکدا هەمانکار لەئینگلتەرا، دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت.

پێش مردنی لەساڵی ١٩٢٤ دا، سێ ئۆپێرای زۆر بەناوبانگی نووسی بەناوەکانی"مەدام بوتێرفلی" لە ساڵی ١٩٠٤ دا، بەگشتی بە یەکێک لەسەرکەوتنەکانی دەژمێردرێت."جاننی سکیکی" لەساڵی ١٩١٨ دا، بەزیرەکترین و بەزەوقترین کاری دەژمێردرێت و بەوکارەی زۆر ناسرا لەناو پوچینی، دەبێتە خەمێکی گەورەو کاریگەری ئەو کارەساتەی بۆ چەند ساڵێک بەسەرەوە دەمێنێت.

دوای ساڵێک بەسەر ئەو بەسەرهاتەدا لەساڵی ١٩١٠ دا ئۆپێرایەک دەنووسێت، بەناوی"کچەکەی خۆرئاوا" و لە نیویۆرک نمایش دەکرێت و کارێکی بێوێنە دەبێت و کاریگەری لەسەر بینەرانی دادەنێت، بۆ ئەو شێوازی دابەشکردنە موزیکیەو هارمۆنیە بەهێزەی لەگەڵ کارەکەدا گونجاندبووی.

جاکۆمۆ پوچینی، لەساڵی ١٩٢٣ دا دەچێتە شەقامی ڕێجۆ نیشتەجێ دەبێت و هەر لەو ساڵەدا، تووشی شێرپەنجەی قوڕگ دەبێت، بەهۆی کێشانی بێوێنەی جگەرەوە، دەچێتە مۆسۆلینی (١٨٨٣ – ١٩٤٥) BENITO MUSSOLINI، گەورە دیکتاتۆری مێژووی ئیتالیا، کە ئەوکاتە سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا دەبێت، لەناو پەرلەماندا بەمردنی پوچینی ماتەمینی نیشتمانی رادەگەیەنێت لە سەرانسەری ئیتالیادا، هەر هەمانرۆژ وەک ڕێزلێنان لەناو پەرلەماندا بەسەرپەرشتی"مایسترۆ ئارتورۆ تۆسکانینی" بەشی سێهەمی"ئێدگار"ی پوچینی لێدەدرێت. سەرەتا پوچینی لە گۆڕستانی خێزانەکەیان دەنێژرێت، دوای دووساڵ بەسەر مردنیدا روفاتەکانی دەهێننەوەو لەناو ماڵەکەی خۆیدا لە"تۆرێ دێل لاگۆ" دەینێژن و بەمردنی هاوسەرەکەشی لەساڵی ١٩٣٠ دا، ماڵەکەی کرایە مۆزەخانە.



www.netewe.com

## نیشتمان بێنەوا:

# بۆ جوانترین بوونەوەری دنیا دەنووسم

لەپایتەختی وڵاتی بێسەرو شوێنکراوەکانداو لەمەملەکەتی ئەنفالستاندا و لە دونیای بێماڵئاواییکردن لەکچە ئازیزدارەکاندا، هێشتا ژیان بوونی خۆی دەسەلمێنێ و خۆی دەناسێنێ. لێرە ئەدەب و هونەری کورد بەتایبەت دونیای شیعر بوونی هەیەو سیمایەکی جوانی نەخشاندووە، لەم دونیایەدا بەدەیان شاعیری کوڕو کچ بوونی هەن و شیعر دەنووسن بۆ"جوانی سروشت، خۆشەویستی نیشتمان، خۆشەویستی بەرامبەرەکانیان"یەکێک لەو کچە شاعیرانە، نیشتمان جەمیل جیهاد، ناسراو بە"بێنەوا"یە.

گەرمیان

وارڤین: چ هۆکارێک وایلێکردی بچیتە ناو دنیای شیعرەوە؟

نیشتمان: دنیایەکە بۆ لەدایکبوونێکی دیکە، پەیامێکە بۆ نوێبوونەوەی عیشق. بۆ بەئاگابوون لەئازارەکانی روحو نووسینەوەی نەهامەتییەکانی ژیان و کێشانی تابلۆی فیراق. ئەمانەو چەندین مانای جوانی دیکە هۆکار بوون بۆ ئەوەی، بێمە نێوجیهانە جوانەکەی شیعرەوەو ئەلفو بێی شیعر بمنووسێتەوە. لەپۆلی سێهەمی سەرەتاییەوە دەستمکردووە بەخوێندنەوەی شیعرو لەگەڵ شیعردا ئاشناییم پەیداکردووە ئەویش لەڕێگەی باوکمەوە، کە زۆر هاندەرم بوو بۆ ئەوەی خوێنەرێکی جدی و قووڵی شیعر بم. باوکم خۆی زۆر شیعر دۆستە، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی شیعر نووسینم بۆ سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣) دەگەڕێتەوە.

وارڤین: تێڕوانینت بۆ شیعری ئێستاو رابردوو چۆنە؟

نیشتمان: شیعر لەهەموو کات و ساتێکدا تاموچێژی خۆی هەر ئەبێ، ناتوانین بڵێین تەنیا شاعیرانی دوێنێ یان شاعیرانی ئەمڕۆ. لەراستیدا دەقە شیعرییەکانی دوێنێ جێگای شانازین بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ. شاعیرێکی وەکو نالی کە بۆ خۆی قوتابخانەیەکی شیعری گەورەیە ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێ و هیچ زەمانێک تاموچێژی شیعرەکانی مەحوی و وەفایی و...تاد کەمناکاتەوە، بەڵام لەئەمڕۆشدا دەقی زۆر جوانمان هەیە، کە دیسانەوە زەمەن کاریگەری لەسەر نابێت. وەکو قەسیدەی گۆڕستانی چراکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس کە غەدری ئەنفالی تێدا نووسیوەتەوە.

وارڤین: بەڕای هەندێک کەس شیعر چەکێکە بۆ بەدیهێنانی خەونی قۆناغێکی تەمەن، بەتایبەتی قۆناغی هەرزەکاری. تۆ چی دەڵێی؟

نیشتمان: نە. پێموانییە، ئەمە رای منە ئەگەر واشبێ ئەوا پێموانییە. چونکە من خۆم شیعر دەنووسم، کەواتە منیش وەک لاوێک لەنێو ئەو فەزایەدام ئەگەر پێموابێت، شیعر بووە بەئامرازێک بۆ کۆمەڵێ مەرامی تاکرەوی ئەوا بێگومان دەبێ لەخۆمەوە تەماشای ئەوانی دیکە بکەم ئینجا بڕیار بدەم.

وارڤین: زۆربەی شاعیران بەژن و باڵای ژن هانیاندەدات بۆ نووسینی شیعر. تۆ چی هانت دەدات بۆ نووسینی شیعر؟

نیشتمان: شیعرنووسین بەسەر ئافرەتداو شیعرنووسین لەزمانی ئافرەتەوەو بەهەستێکی ئافرەتانەوە دوو شتی لەیەکتر جیاوازن. کاتێک شیعر دەنووسم هەمیشە ئەوەم لەبەرچاوە، کە ژنم، هەوڵی منیش ئەوەیە لە شیعرنووسیندا چۆن بتوانم هەستی ئافرەتبوونم بنووسمەوە بۆ ئەوەی کەسێک کە دەقێکم دەخوێنێتەوە یەکسەر بزانێت ئەو دەقە هی ئافرەتێکە نەک پیاوێک ئەمە مەبەستی منە. دواتر نووسینەوەی واقیعی ژیانی ئافرەت واتە عیشقی ئافرەت و خەم و حەزەکانیەتی. نووسینەوەی سەرجەمی ئەمانە مانای ئەوەیە کە من بەزمانی ئافرەت دەنووسم نەک بەسەر ئافرەتدا.

وارڤین: تۆ پێشتر نامەت لە رۆژنامەی رێوان دەنووسی، بەڵام دوای ماوەیەک نەما بۆچی. ئەو نامانەت بۆ کێ دەنووسی؟

نیشتمان: ویستم لەنامەکانی کچە گەرمیانییەکەوە نیشانی بدەم، کچە گەرمیانییەکان تەنیا گریان و رۆڕۆ نازانن خۆشەویستی و عیشق و دەربڕینی ئەویندارانەش دەزانن.

چەند ساڵێک دەبێت نامە دەنووسم، بەڵام بە پەرشوبڵاوی بڵاوم دەکردەوە، تا بۆیەکەمینجار گۆشەیەک لەژێر ناونیشانی (فەنتازیاکانی کچێک) لە گۆڤاری بانەڕۆژ (١٠) زنجیرەی لێ ڕۆیشت، بەڵام

www.netewe.com



نیشتمان جەمیل جەهاد (١٩٨٩) ناسراو بە (بێنەوا).
دەرچووی ٢٠٠٩-٢٠١٠ دەروونناسییە لەکولێژی پەروەردەی خانەقین.
لەبواری شیعر و ڕۆژنامەگەری کار دەکات.

لەبەر قسەوقسەڵۆکی هەندێ خوێنەر، کە بەڕاستی خوێنەری کوشندەبوون نەمتوانی لەو گۆڤارە ئازیزە گۆشەکەم بەردەوامبێت، ناچار دامخست، بەڵام دوای ماوەیەک بەخۆشحاڵی لەرۆژنامەی ڕێوان دیسانەوە درێژەم پێدا بە ناونیشانێکی دیکە (نامەکانی کچە گەرمیانییەک) کە تائێستا بەردەوامە.

ناچارنیم بۆ کەسی ڕوونبکەمەوە، بۆ کێی دەنووسم، بەڵام لەبەشی سەرەوەی گۆشەی نامەکانی کچە گەرمیانییەک نیشاندراوە، بۆ جوانترین بوونەوەری دونیا نامەکانم دەنووسم، دیارە جوانترین بوونەوەری دونیاش ئەو کەسەیە کە لەمانای ڕاستەقینەی وشەکان تێدەگات.

ئەوە تێڕوانینی خوێنەرە. بیرمان نەچێت، خوێنەری ڕاستەقینە هەیەو خوێنەری کوشندەش هەیە، خوێنەری کوشندە ئەوەیە، کەوا بیردەکاتەوە، بۆ مەعشووقەکەمی دەنووسم، دەڵێم ئایا تەنیا نیشتمان خۆشەویستی هەیە نامەی بۆ بنووسێ سەرەڕای مۆبایل، ئینتەرنێت و ئەو هەموو هۆیەی پەیوەندییە قابیل نییە کچێک پێویستی بەرۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بێت بۆ ئەوەی پەیامی خۆشەویستی خۆی بنێرێ بۆ خۆشەویستەکەی.

خوێنەری ڕاستەقینەش ئەوەیە وا بیردەکاتەوە، گۆشەیەکی جوانی ئەدەبییە. ئەمە ئەزموونێکی تازەیە بەنیسبەت ئەدەبی کوردییەوە لەبەرئەوەی زۆر کەم نامەی شێوە پەخشانمان هەیە ئەمە بەبەراورد لەگەڵ شیعردا، بێگومان بۆ کچێک لەم کۆمەڵگە تەقیلدییەدا ڕووبەڕووی هەندێک قسەوقسەڵۆک دەبمەوە، بەڵام ئەوە گرنگە، کە باوەڕم بەخۆمە بۆ درێژەدان بەشێوازێکی نوێی ئەدەبی.

لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، پیاوێکی (٥٢) ساڵ لەپاش بڵاوکردنەوەی نامەی (ئەگەر ڕقیشت لێم بێت من ئەو ڕقەم خۆشەوێ.. ئەزانی بۆ؟؟ چونکە هی تۆیە) تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیگوتم لەبیرمنایە گریابێتم، بەڵام کە نامەکەتم خوێندەوە، دەستم بەگریان کرد، بڕوام نەکردووە ئافرەتێک هەبێ هێندە ئەویندارانە لە ئەوینی ناخی بدوێ.

وارڤین: ئەو کەسەی لەگەڵ وشەکانی ناو دێڕە شیعرەکانتدا بوونی هەیە کێیە؟

نیشتمان: چەند جارێکیش ئەمەم گوتووە ئەوەی هەوێنی شیعرەکانمە جوانترین بوونەوەری دونیایە، وابزانم جوانترین بوونەوەری دونیاش شایانی ئەوەیە کە شیعرو نامەی بۆ بنووسم، قەرزداری ئەوینی ئەوم. چونکە ئەگەر ئەو ئەوینە هەژێنەرە نەبێت ئەوا مەحاڵە بتوانم یەک دێڕیش بنووسم.

وارڤین: وەک کچێک کێشەو گرفتت بۆ دروستنەبووە لە کاتی کارکردنتدا؟

نیشتمان: بێگومان کێشەش دروستبووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە باوەڕم بەوە هەیە، کە دەیکەم. ئەمە لەهەموو ئەو هێزانە بەهێزترە، کە ئەبێتە کۆسپ لەبەردەممداو هیچ کێشەیەک نامترسێنێت و چۆکم پێدانادات.

دەبێت ئەوەش بزانین، هەر کارێک ناوازە بێت، هەزمکردنی ئەستەمە، بۆیە ئەگەر بڵاوبوونەوەی هەر شیعرێکم یان نامەیەکم کێشە دروستبکات ئەوا دەبێت دڵخۆشبم بەوەی شتێکی ناوازەم نووسیوە.

وارڤین: بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە شیعرەکانت چاپ بکەی؟

نیشتمان: وەک بیر کردنەوە بیرم لێکردووەتەوە نەک تەنیا شیعرەکانم، بەڵکو نامەکانیشم، بەڵام جارێ هەر بیرکردنەوەیەو نەبووەتە پراکتیک. بیرماننەچێ بیرکردنەوە قۆناغێکی جیاوازەو لە پێشەوەی قۆناغی پراکتیکە.

ئەم کورتە شیعرە کە بۆ مامۆستا شەیما جەمالی هاوڕێی ئازیزم نووسیمە لەساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا.

جەژنی لەدایکبوون
لەم جەژنەدا
چ دیارییەکت بۆ بێنم
تا ناسک بێت وەک هەستت و
پەشۆکاو بێ وەک
دڵی خۆم!!!
لەگەڵ نەسیمی سەحەردا
گورزێکی هەناسەی گەرمم
دەنێرم بۆ داگیرساندنی مۆم!!

**ئا/ هاوڕێ گەرمیانی**

www.netewe.com

# چ مکیاژێک لەگەڵ پێستتدا دەگونجێت؟



خانمی بەڕێز یەکەم ڕێگایەک، کە پشتی پێببەستیت بۆ هەڵبژاردنی مکیاژی گونجاو لەگەڵ کەسایەتیت، جۆری پێستتە، ئایا پێستی تۆ وشکە، چەورە یاخود ناوەندییە؟

کەرستەکانی ئارایشکردنی خانمان و ڕازاندنەوەیان جۆراوجۆرن و هەریەکەیان بەگوێرەی سروشت، ژینگەو جۆری پێستەکان جیاوازییان هەیەو لەکاتی ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوەدا پێویستە خانمان هەمیشە ئەو جیاوازییانە لەبەرچاوبگرن و تەنیا سەیری ڕەنگەکان نەکەن.

ئەگەر پێستی تۆ پێستێکی وشکە ئەوا بێگومان ئەو کەرستانە بۆ تۆ شیاون، کە زیاتر چەورییان تێدایە، یاخود لەشێوەی شلەو گیراوە درووستکراون. ئەو کەرستانە هەرچەندە بەکارهێنانیان ئاسانە، بەڵام گرفتیان ئەوەیە لەبەردەم پلەی گەرمای بەرزدا خۆناگرن و دەبنەمایەی سەرئێشە بۆ خانمان.

بەڵام ئەو خانمانەی پێستیان چەورە، ئەوا پێویستە ئەو کەرستانە بەکاربهێنن کە چەورییان کەمەو زیاتر لەشێوەی قەڵەم دروستکراون، باشتریش وایە ڕاستەوخۆ ئەو قەڵەم و کەرستانە لەسەر پێستیان تاقینەکەنەوە، بەڵکو لەڕێگەی پارچەیەک قوماشەوە کاری ئارایشتەکە ئەنجامبدەن و سەرەتا ڕەنگەکان

www.netewe.com

لەسەر پارچە قوماشەکە دابنێن و دوایی بیخەنەسەر پێستیان.
سەبارەت بەو خانمانەی پێستیان ناوەندییە، واتە نە زۆر چەورەو نە وشک، پێویستە ئەو کەرستەو مکیاژانە بەکاربهێنن، لەشێوەی پۆدرەو کرێم دروستکراون و بۆ بەری چاویشیان دەتوانن لەرێگەی فڵچەی تایبەتەوە ئارایش بکەن و بەجوانترین شێوە خۆیان برازێننەوە.
لەکاتی مکیاژکردندا تا چ ئەندازەیەک رەنگ بەکاردەهێنیت؟
پێویستە لەکاتی مکیاژکردندا رەنگی ئەو مکیاژانە هەڵبژێریت، کە لەگەڵ پێستتدا دەگونجێن و مکیاژکردنەکەت جوانی بەروخسارت ببەخشێت نەک بگاتە ئەو رادەیەی جوانی و سروشتی روخسارت بشێوێنێت. واباشترە سەرەتا بەکارهێنانی رەنگەکان لەسەر پێستی دەستت ئەزموون بکەیت و رەچاوی جیاوازی نێوان پێستی دەست و روومەتت بکەیت.
شێوازی مکیاژکردنیش کاریگەری لەسەر پلەی رەنگی مکیاژەکە هەیە. بۆ نموونە هەندێک لە خانمان چەندجارێک لەسەر یەک، مکیاژەکە دووبارەدەکەنەوە بێگومان ئەوکارە دەبێتە هۆی زاڵبوونی رەنگەکان و ئافرەت رەنگ و جوانی سروشتی خۆی لەدەستدەدات.
لەمکیاژکردندا خاڵێکی دیکە جێگەی بایەخە ئەویش پرسی رەچاوکردنی ژینگەو ئەوکاتەیە، کە مکیاژەکەی بۆ دەکەیت. بۆ نموونە سبەینان پێویستە مکیاژێکی تەنک بکرێت، بەڵام لەئێواراندا رەنگە پێویست بکات مکیاژەکە تۆختر بێت چونکە پلەکانی رووناکی بەرەو نزمبوونەوە دەچن و هەروەها پێویستە جۆری مکیاژەکە گونجاو بێت لەگەڵ رەنگی ئەو جلوبەرگەی بۆ دەرەوە دەپۆشرێت.
سەبارت بەمیکاژکردن لەوەرزەکاندا ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هاوین وەرزێکی گەرمەو لەرووی رەنگەوە دەوڵەمەندە، بۆیە پێویستە مکیاژێکی تەنک بکرێت، بەڵام زستان بەپێچەوانەی هاوینەوە دەکرێت بۆ ئارایشتکردن و رازاندنەوەی زیاتری دەموچاو رەنگی تۆخ مکیاژی تۆختر بکار بهێنرێت.




www.netewe.com

# داستانی سورمێ

## گوزارشت لە ئازایەتی کچە کوردێک دەکات



"من تو دڤێی تو خەربەند بی یان خولامێ خەربەندا بی، ئەز نزانم بۆچی من تو دڤێی، لێ دزانم ئەگەر تو نەبی دڤێت ئەڤ نەبم". ئەم گوتەیەی سەرەوە، قسەی"سورمێ خان"ی کچی"خەلیل ئاغا"یە کە بە "خورشیدی چاو بەخاڵ"ی دەڵێ. ئەم چیرۆکە لە زنجیرە درامایەکدا لەلایەن رادیۆی کوردی بەغداوە لە ساڵی ١٩٧٨ پێشکەشکراوەو لە زنجیرەکەدا هونەرمەند ڤیان مایی، رۆڵی"سورمێ خانی" بینیووە.

بەرەڤان ئەحمەد

دهوک

چیرۆکی سورمێ خان و خورشیدی چاو بەخاڵ، ساڵانێک بەرلەئێستا کراوە بەدرامای رادیو و خاوەنی جەماوەرێکی زۆربووە. بەلای هەوادارانی ئەو فیلمەوە تام و چێژێکی تایبەتی هەبووە، ڤیان مایی، دەڵێ:"چیروکی ئەم فیلمە لەلایەن براکەم جەعفەر مایی، نووسراوەو لە سترانێکی فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە.

لەناوەرۆکی ئەو فیلمەدا، ئاغایەکی کورد بەناوی (خەلیل ئاغا) دەیـەوێ بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی خۆی، کچەکەی بدات بە کوڕی دەسەڵاتدارێکی عەجەم، بـەڵام کچەکە رازی نابێ و لـەدڵـەوە عاشقی غوڵامێکی باوکی، کە (خەربەندی دەوران)ی پێگوتراوەو ناوی (خورشیدی چاو بەخاڵ)ە دەبێت".

سورمێ خان، بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، پەنا دەباتە بەر میری ئێزدییەکان لە شاری بائەدرێ، بەو هۆیەوە میری عەجەمەکان هێرش دەکاتەسەر شاری بائەدرێ.

ئەم فیلمە رۆڵی پاکی و نەبەردی کچی کورد پیشاندەدات، هەرچەندە لەسەرەتادا سورمێ خان، تەنیا ئاگاداری جوانی و ئەڤینی خۆی بووە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رووداوەکان وردە وردە دەبێتە کچێکی شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێز، خورشیدی چاو بەخاڵیش، بەهەمانشێوە دەبێتە جەنگاوەر و شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز، کاتێ عەجەم هێرش دەکاتەسەر میری ئێزدییەکان، یەکگرتنێکی نەتەوەیی، بەبێ گوێدانە جیاوازی ئایینی و هزری بەیەکەوە بەرگری لە خاک و پیرۆزییەکانیان دەکەن. وەک ڤیان گوتی:"ئەم یەکگرتن و بەرگریکردنە هیوای هەموو تاکێکی دڵسۆزی کوردستانە".

ئـەگـەرچـی٣٢ ساڵ بـەسـەر پێشکەشکردنی ئەم زنجیرە درامایە لەرادیۆی کوردی بەغداد تێپەڕیوە، بەڵام وەک پرۆژەیەک هێشتا لە بیر و هزری ڤیان مایی، دا ماوەتەوەو دەیەوێ ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە کوردییە بکاتە فلیمێکی سینەمایی.

ئاماژە بەوەش دەدات کە دوای ساڵانی١٩٨٠ هەوڵیداوە ئەم داستانە کوردییە بکاتە فیلمێکی سینەمایی، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەعس، رێگەیان پێنەداوە. بۆیە دوای ئەوەی ڤیان، لەئەورووپا سینەما دەخوێنێت گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئێستا ئامادەییەکی تەواوی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە هەیەو هیوای وایە بتوانێت لەژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردستاندا ئاواتەکەی بهێنێتەدی.

ڤیان مایی، تەنیا دەرهێنەری ژنە لە دەڤەری بادینان، تائێستا ٣ فلیمی بەرهەمهێناوە ئەمە چوارەمە. فیلمەکانی ڤیان ناویان (گەڤۆکا سپی، مەرگ و نامووس، دیدارەکا بێ ژڤان)ە. ڤیان بەتایبەت لەدووتۆی دوو فیلمی گەڤۆکا سپی و مەرگ و نامووس دا گوزارشت لە کوشتنی



www.netewe.com





ژنان و کێشە نامووسییەکان و ئێش و ئازاری ژنانی کوردستان دەکات. ڤیان، بەو فیلمانە بەشداری لەچەندین فێستڤاڵی ناوخۆیی و بیانیدا کردووە.

ڤیان دەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر زومی کامیراو کامێرای چاوی خەڵک، بۆلای دیرۆک و رەسەنایەتی و ناسنامەی کورد، بگەڕێنینەوە. بەگوتەی ڤیان، ئەم فیلمە یەکەم پرۆژەی سینەماییە کەلە سەر میرێکی کورد ئامادە دەکرێت."راستە کارەساتی جەرگبڕو زۆر گەورە رووبەڕووی نەتەوەکەمان بووەتەوە، بەڵام ئەو کارەساتانە لەئازادی و جوانی و بەرخۆدانی میللەتی کورد و لاوک و حەیرانەکانی گەورەتر و زۆرتر نین".



سیمبولی فیلمی سورمێ، هێزی پاک، کاری چاکەو لەم فیلمەدا میری ئێزدییەکان، نموونەی رەسەنایەتی و بناغەبوونی خەسڵەتەکانی گەلی کوردە.

بە بۆچوونی ڤیان، ئەم فیلمانە بۆ پاراستنی یەکبوونی ئێمە وەک نەتەوە، گرنگن چونکە زور پیلان بۆ لەناوبردنی میللەتی ئێمە دانروان. بەڵام بەرخۆدان و عەشقی ئێمە بۆ ئازادی، میللەتەکەمان بە سەربەرزی ماوەتەوە".

چەندین ئەکتەر و هونەرمەندی ناسراوی کورد، بەشداریان لەم فلیمەدا کردووە، وەک هونەرمەند دیار دێرسم، زۆزان، سیپەل ئەردۆگان، لەیلا و کاڵێ و زەردەشت.

دیار دێرسم، لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین گوتی:"تا ئێستا بە گۆرانیگوتن خزمەتی میللەتی خۆم کردووە، بەڵام دەمەوێ بە سینەماش خزمەتی زیاتر بکەم".

دەرهێنەری ئەم فیلمە ڤیان مایی، تیشک دەخاتەسەر رۆڵی ژن کە سێ ژن رۆڵی سەرەکی دەبینن. لەو فیلمەدا سیپەل ئەردۆگان، ئەکتەری ناسراوی تورکیا، رۆڵی سورمێ خانی کچی ئاغا، هونەرمەند زۆزان، رۆڵی ژنی میر و هونەرمەند لەیلا، رۆڵی مامان، دیار دێرسم، رۆڵی خورشیدی چاو بە خاڵ، هونەرمەند زەردەشت رۆڵی میری ئێزدیان و سەلاح رێکانی رۆڵی خەلیل ئاغایان پێدراوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی کچەکانی فیلمی خورشیدی چاو بە خاڵ لە باکووری کوردستانەوە هاتوون، لەمبارەیەوە ڤیان مایی، رەخنە لە کچانی شاری دهۆک دەگرێت"کەسیان ئامادەنین، کاری نواندن بکەن. ناتوانم برۆم بەزۆری دەستی کچانی شاری دهۆک بگرم و لە ماڵەوە دەریانبهێنم، پێویستە کچانی دهۆک خۆیان بوێر بن و بێنەنێو ئەم بوارەوە".

دیمەنەکانی فلیمەکە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان وێنەکراون، وەک دەڤەرەکانی، بارزان، لالش، قەڵای هەولێر و دهۆک.

ئەم فیلمە بەهاری ئەمساڵ وێنەگیراوە، ئێستا قۆناغی وێنەگرتنی تەواوبووە، تەنیا مۆنتاژ و دانانی موزیکی ماوە. ڤیان داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات، لەم رووەوە هاوکاری بکەن.



www.netewe.com



# پیانۆژەن




**سیروان ڕەحیم**

**ناوی فیلم: پیانۆژەن**
**ناوی ئۆرژینال: The Pianist**
**سیناریۆ: ڕۆنالد هارڤود**
**دەرهێنان: ڕۆمان پۆلانیسکی**
**بەرهەمهێنەر: ڕۆبێرت بێنموسا، ڕۆمان پۆلانیسکی، ئالاین سارده**
**وڵاتانی بەرهەمهێن: فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، پۆلۆنیا**



ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٢
درێژی: ١٤٣ خولەک
کامێرا: پاول ئێدلمان
مۆنتاژ: هەڤێ دو لوزە
موزیک: ڤێژجیەچ کیلار
زمان: ئینگلیزی، ئەڵمانی
وەرگری خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین دەرهێنان، باشتری ئەکتەری سەرەکی و باشترین سیناریۆ
وەرگری دارخورمای زێڕن، لە فێستیڤاڵی کان، ساڵی ٢٠٠٢ بۆ باشترین فیلمی فێستیڤاڵەکە

www.netewe.com



# شەڕ ناتوانێت جریوەی ژەنین بکوژێت

سەرەتایەک:

پیانۆژەن، فیلمێکی درامایە سەبارەت بە هۆلۆکۆست. هۆڵۆکۆست، وشەیەکی گریکییە، واتەی ئازار، یان کارەساتی گەورە دەگەیەنێت. هۆلۆکۆست پرۆسێسێک بوو رژێمی نازی لە ئەڵمانیا لەکاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا ٥،٦ بۆ ٦،٣ ملیۆن جوولەکەی تێدا کوشت. نازییەکان لەچوارچێوەی پڕوپاگەندەی بەسیستەمی خۆیان بەنێوی ئانتی سامییتیزم"دژەسامی" بەشێوازێکی دڕندانە ئەو ژمارە زۆرەی جوولەکەیان قڕ کرد. بێگومان قڕکردنەکان بەشێوەیەکی زۆر خێراو لەئۆردوگاکانی دەستبەسەرکردندا جێبەجێ دەکران یان لە تاقیگەگەلی تایبەتی نازییەکاندا.

چیرۆکی راستەقینە یان بەسەرهاتی یەکێک لەو جولەکانە لەکاتی شەڕی جیهانیدا کە خەڵکی وڵاتی پۆڵۆنیا بوو، ساڵی ٢٠٠٢ دەبێت بەبابەتی فیلمی پیانۆژەن. ڤلادیسلاو شپیلمان"١٩١١-٢٠٠٠" پیانۆژەن، موزیکچێکەر و نووسەر بوو، هونەرمەندێک بوو بە رەگەز جوولەکە. ئەو پیانۆژەنێکی دەستڕەنگین بوو. لە رادیۆی وارشۆ پایتەختی پۆڵۆنیا کاری دەکرد، پیشەی ئەو پیانۆژەنین بوو. کاتێک نازییەکان ئەو وڵاتە داگیردەکەن، ئەم پیانۆژەنەو کەسوکاریشی بەرەو ئۆردوگا راپێچدەکەن و دەستبەسەر دەکرێن. شپیلمانی پیانۆژەن هەموو خێزانەکەی لەدەستدەدات و دایک، باوک، دووخوشک و برایەکی دەبن بەخۆڵەمێشی ناو هۆڵۆکۆست، بەڵام خۆی بەشێوەیەکی پەرجووئاسا رزگاری دەبێت، پاش شەڕ لەهەمان شوێن، لەرادیۆی وارشۆ دەست دەکاتەوە بەپیانۆژەنین.

ناوی دووهەمی ڤلادیسلاو، شپیلمانە، وشەکە لە زمانی ئەڵمانیدا بە واتەی ژەنیار دێت. رێکەوتێکی چەند جوان و هاوکات سەرنجڕاکێشە کە ژەنیار دەبێت بەو پیانۆژەنە دەستڕەنگینە.

فیلمی پیانیست باس لە چیرۆکی ئەو پیانۆژەنە پۆڵۆنییە بە رەگەز جوولەکەیەو مانەوەی سەرسوڕهێنەرانەی دەکات لە شەڕدا.

ناوەڕۆکی فیلمەکە:

کاتێک ساڵی ١٩٣٩ لەشکری نازییەکان دەگاتە وارشۆ و داگیری دەکەن، ڤلادیسلاو شپیلمان لەرادیۆی وارشۆ پیانۆ دەژەنێت. بەر لەگرمەی تۆپەکانی ئەو لەشکرە بێئامانە، دەنگی پیانۆیەک هەست ختوکە دەدات، مرۆڤ مەست دەکات و شەپۆلەکانی ئەو دەنگە دەروونی مرۆڤ پڕ دەکەن لەچێژی رەنگین. چ ژەنیارێکە دەشێ بەو شێوە نایابە پیانۆ بژەنێت؟ ئەوە نەوای پیانۆکەی شپیلمانە. ئەوە پەنجەکانی ئەوە وەکو رەنگاڵە بەسەر پیانۆکەیەوە لە سەما دان. بەڵام هەر زوو ئەو نەوا ناسکانەی پیانۆ بێدەنگ دەکرێن و سەمای ئەو پەنجانەی شپیلمان لەگۆ دەخرێن. وارشۆ دەبێت بە شەڕگەو نازییەکان یەکسەر پەلاماری جوولەکەکانی ئەو شارە دەدەن. سەرباری دەسنیشانکردنی جوولەکەکان و چەوساندنەوەو سووکایەتیپێکردنی بەردەوام پێیان، پاشتر شپیلمان و خێزانەکەی، وەکو هەموو جوولەکەگەلی ئەو شارە، چواردەوریان لە گێتۆکانی نازیگەلدا دەگیرێت و چیتر ناتوانن ئازادانە هەڵسووکەوت بکەن. گێتۆکانی وارشۆ بەو گەڕەکانە دەگوترا کە لەناو وارشۆدا ئامادەکران، هەرچی جوولەکەی شارەکە هەبوو، لەوێدا دەستبەسەر کران و لەلایەن نازییەکانەوە چواردەوریان دیواربەند و تەلبەند دەکرا و

www.netewe.com



دیمەنێک لەشاری وارشۆ لەکاتی قرکردنی جولەکەکان

ڕێگەی هاتووچۆیان لێدەگیرا.

شپیلمان لەرادیۆی وارشۆوە ڕۆژانە گوێی خەڵک پڕ دەکات لە نەوای ڕەنگین. دیمەنێکی چەند کاریگەرە، چەند لەهەستەوە هەڵدەقوڵێ کاتێک دەنگی تۆپەکان نزیکتر دەبنەوە، بەڵام شپیلمان سەرقاڵی پیانۆژەنینەو نایەوێت دەستبەرداری نازدانی پیانۆکەی ببێت. کارمەندەکانی هاوکاری رادەکەن، بەڵام شپیلمان بەردەوامە لە ژەنین، تا بینای رادیۆ و ستۆدیۆکەیشیان بەر تۆپ دەکەوێت و خۆیشی بە سووکی بریندار دەبێت، ئەوسان بەناچاری دەستبەرداری پیانۆکەی دەبێت.

نـەوای دڵگیری پیانۆکەی ئـەو دەستپێکی فیلمەکەیەو بەدوایدا دەنگی تۆپەکان هەموو شت دەشێوێنێت.

شپیلمان کاتێک بەناچاری لەگەڵ تۆپبارانی نازییەکاندا رادیۆ بەجێدەهێڵێت"دۆرۆتا" دەبینێت. لەناو ئەو جەنجاڵی، ڕاکەڕاک و گیرۆدەییەدا، ئەو خانمە دەبینێت کە سەرسامی ژەنین و ئەڤینداری پیانۆکەیەتی. ئەو خانمە کە خۆیشی چەلۆژەنە، دواتر ئاشنایەتییان دەبێت بە کۆمەکێکی گەورە بۆ ئەم پیانۆژەنە.

شپیلمان دەچێتەوە ماڵەوەو دەبینێت هەموو ئەندامانی خێزان لە غەمێکی قووڵدا، دەبینێت ئـەوانـیش دۆشـداماون. پـاش چـەنـدرۆژێـک جوولەکەکانی وارشۆ، دەستنیشاندەکرێن، یەکی پەتێک دەکرێتە قۆڵیان کە ئەستێرەی شەش گۆشەیی جوولەکەی پێوەیە. هەموو جوولەکەیەک ناچار دەکرێت ئـەوە لە قـۆڵ بکات. هەموو جوولەکەیەک ناچار دەکرێت بەسەر شۆستەدا ڕێنەکات، لەوانیتر جیا بێت و بەردەوام لەبەرچاو بێت. شپیلمان و ئەندامانی خێزانەکەیشی ناچارن پەیڕەوی هەمان ڕێسا بکەن. کارەسات ئەوە بوو جوولەکە ناچارکرابوون کاتێک سەربازی ئەڵمانی ببینن سەری خۆیان نەوی بکەن.

لەمانگی دەی ١٩٤٠ دا ٣٦٠ هەزار جوولەکەی شارەکە ڕاگوێزی ناو گێتۆکان دەکەن.

ژیانی ئـەو ساڵانـەی شپیلمان لە گێتۆکانی نازییەکاندا، ژیانێکە پڕ لەچەوساندنەوە، دوور لەمامەڵەی مرۆڤانەو ژیانێکە لەهەموو ساتێکیدا مرۆڤ مەرگ بە ئـاوات دەخوازێت. پیانۆژەنی هەست نـاسـک، دەردی برسێتی دەچێژێت، ئازار دەکێشێت، کۆڵکێشی و کرێکاری سەختی پێدەکرێت، منداڵ بەبەرچاوییەوە دەکوژرێن و مرۆڤ لە برسا بەلادا دێت. درندەیی نازییەکان بەرانبەر بەجوولەکە بەشێوەیەک بووە پێناسە ناکرێت. ئـەوان لەسەر یـەک پرسیار، لەسەر یەک ڕستە، لەو گێتۆیانەدا مرۆڤی بێدەسەڵاتیان کوشتووە. نازییەکان لە ئـازاری ١٩٤٢ دا ئەو جوولەکانەی وارشۆ بەرەو تاقیگە دەنێرن. دیارە شپیلمانیش لەناویاندایە. بـەڵام بەشێوەیەکی پەرجووئاسا ئەو ڕۆژە شپیلمان گل دەدرێتەوەو سواری ئەو شەمەندەفەرە ناکرێت کە خەڵکەکە بەرەو تاقیگەکان دەگوازێتەوە. هەرچەندە خۆی نایەوێت لە کەسوکاری دابڕێت، بەڵام پیاوێک بـەزۆر لایـدەداتـە لاوەو گلیدەداتەوە. کاتێک شەمەندەفەر دەکەوێتە ڕێ، دیمەن و دەنگی جەرگبڕ هەن، هاواری ژن بۆ فەرزەن و دەنگی فیتۆی شەمەندەفەر تێکەڵاو دەبن و کەشێکی سامناک دروست دەکەن.

شپیلمان لەوساتەوە خێزانەکەی لەدەستدەدات و جارێکی دیکە یەک نابینێتەوە. خۆیشی دەستدەکات بەکارێکی سەختی سەپێندراو بەسەریدا، دیارە کاری سەخت لەژێر ستەمی نازییەکاندا. بەڵام کاتێک نازییەکان بڕیاردەدەن ڕۆژانە دووکەس لەجوولەکەکان خۆیان بچنە بـازاڕی شارەکەو پێویستی و کەرەستەی خواردن بۆ گیراوەکان بهێنن، شپیلمان تکا لە یەکێکیان دەکـات تا نامەیەکی بۆ بگەیەنێت بـەدەسـتـی"دۆرۆتـای چەلۆژەن". ئەو خانمە نامەکەی پێدەگات، شپیلمان بەهیوای ئەوەوە هەڵدێت و لەکاتوشوێنی خۆیدا بەو خانمە دەگات. دۆرۆتای میهرەبان و بوێر، نموونەی خانمێکی چەلەنگ و ژیاندۆستە کە ژیانی خۆی و هاوسەری دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە بۆ پاراستنی ئەو پیانۆژەنە. ئەمە لەکاتێکدا دۆرۆتا دووگیانە. خانمی چەلۆژەن شپیلمان دەباتە شوێنێکی دڵنیاو ماوەیەکی زۆر بە کۆمەکی ئەو خاتوونە لەو خانووەدا دەمێنێتەوە.

لە باڵەخانەیەدا شپیلمان دەبێت بەبینەری ڕووداوەکانی وارشۆ. بێدڵی و هۆڤێتی سەربازەکانی نـازی بـەڕوونـی دەبینێت، بۆیە هـەم ترسی لێدەنیشێت و هەمیش ناچارە خۆی بپارێزێت. ئەو لەو باڵەخانەیەوە دەبینێت نازیگەل چۆن خەڵک دەکوژن، تەرمەکانیان دەسووتێنن و بێخەمیش بەسەریانەوە نانی خۆیان دەخۆن. دەبینێت چۆن هاندیکاپ لە ئاپارتمانەوە فڕێدەدەنە خوارێ.

تا ماوەیەک دۆرۆتا دەتوانێ خواردن بە شپیلمان بگەیەنێت، پاشان لەیەکتر دادەبـڕێـن. کاتێک پیانۆژەن بەناچاری ئەو ماڵە بەجێدەهێڵێت و دەچێتە شوێنێکیتر و لەوێیشەوە بۆ شوێنێکیتر. لەمانگی هەشتی ١٩٤٤ بـەدواوە ئیتر هەموو پەیوەندییەکانی دەپچڕێن. ئیتر برسێتی زۆری بۆ دەهێنێت. شەڕیش هەر لەگەرم بووندایە. وارشۆ بووە بەکەلاوەیەکی وێران. شپیلمان بەرلە کۆتایی

www.netewe.com

شەڕ ڕەنگڕووی مرۆڤی بەتەواوی لەدەستداوە. برسێتی و سەرما برستیان لێبڕیوە. لە دووتوێ بنمیچێکی ماڵە وێرانەیەکدا خۆی حەشار داوە. شپیلمان لەو ساڵانەدا بەکێڵگەکانی مەرگدا دەهات و دەچوو، ڕێی دەکەوتەبەر دەروازەی کوشتن و پەرجووئاسا ڕزگاری دەبوو. غەم، نا دڵنیایی و دڵەڕاوکێی بەردەوام ساباتی ترسناکی سەری بوون. پیاوێکی لە پیانۆ دابڕاو و لە ژیان هەڵکەندراو، بەڵام سێبەرەکانی ترس هەرگیز وایان نەکرد ئەو پیانۆ لە بیر بکات. هەمیشە پەنجەکانی وەکو ئەوەی لەڕووبەری پیانۆکەیدا بن، لەجووڵەی بەردەوامدا بوون، تەنانەت بەبرسێتی و بەسەرمای کوشندەیش، بۆ؟ چونکە ئەڤیندارێکی گەورەی موزیک و پیانۆ بوو. ئەو خوازیار بوو بۆ موزیک و بۆ پیانۆژەنین بژی.

زستانی ساڵی ١٩٤٥ شپیلمان برسێتی پەرێشانی دەکات. لەو کەلاوەیەدا کە خۆی حەشار داوە، ڕۆژێک بۆ شتێک دەگەڕێت کە بیخوات، هەرچی بێت، تەنیا بخورێت. لە حەشارگەکەی دێتە خوارێ، دەچێتە چێشتخانەی ماڵەکە، قوتوویەکی گەورە دەدۆزێتەوە. بەچەقۆیەک خەریکی کردنەوەی دەبێت، بەڵام هەرچەند دەکات بۆی ناکرێتەوە. تا قوتووەکەی لەدەست بەردەبێتەوە. قوتوو گلۆر دەبێتەوەو دەڕوات، ئەمیش بەدوایدا. ئەمی برسی هیچ نابینێت، ئاگای لە دەوروبەری نییە، کاتێک قوتو دەگیرسێتەوەو ئەم دەستی بۆ دەبات، چی ببینێت، سێبەری ئەفسەرێکی نازی کە دەستی لەسەر پیانۆیەک داناوەو بەسەرییەوە ڕاوەستاوە. چ ساتێکی تاڵ و مەرگهێنە. ئەو هەموو ساڵە لەدەستی نازییان رابکەو ئێستا بەو چەشنە سانایە بکەوە دەستیان. بەڵام ناکرێت نەتەوەیەک، گەلێک هەر هەمووی مرۆڤخۆر و قرکەر بن. هەمیشە کەسانێک هەن دڵیان پڕە لە ئەڤین و ژیاندۆستی. پیانۆژەن سەر هەڵدەبڕێت و بێئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات، ئەم ئەفسەرە لەو پۆلە مرۆڤە بێت لە شوێنی خۆی وشک دەبێت. کاپیتان هۆزەنفێلد لە شپیلمان دەپرسێت، تۆ کێیت؟ لێرە چ دەکەیت؟ ئایا پێویست بە وەڵام دەکات؟ پیانۆژەن لە ڕەوشێکدا نییە پێویست بێت ئەو پرسیارانەی ئاراستە بکرێت. کاپیتان هۆزەنفێلد پاش ئەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە لە شپیلمان دەبیستێت، ئەم پرسیارەی لێدەکات:"جوولەکەی؟"، شپیلمان بە"بەڵێ" وەڵامی دەداتەوە. کاپیتان لە پۆلی ئەو کەسانەیە ژیاندۆستن، نەک سەرکردەی شەڕ، بۆچ ئەم پیاوە دڵاوایە بووە بە ئەفسەر؟ پیاوێک نەوای پیانۆی بۆ گرنگە، نەک گرمەی تۆپ و دەنگی دەستڕێژ. ئیدی چ دەکات لەو شەڕگەیە؟ ڕەنگبێ خودای موزیک و جوانی ئەم فریادڕەسەی بۆ پیانۆژەن ڕەوانە کردبێت؟

کاپیتان هۆزەنفێلد دەپرسێت: چ کارەی؟ وەڵام: پیانۆژەن. دەفەرموو ئاوازێک بژەنە، کاپیتان هۆزەنفێلد بەپیانۆژەنی پەرێشان دەڵێت. ئەویش سەربارى ئەو پەرێشانییەی خۆی دەست دەکات بە ژەنینی پارچەیەک لە بالادی ژمارەی یەکی شۆپان*، ئەو پارچە موزیکەی کە پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی گەورەی خەڵکی پۆڵۆنیا"لە نۆڤەمبەری ١٨٣٠"دا" دژی داگیرکاری ڕووس دانرا بوو. موزیکەکە هێمایە بۆ ئازادی پۆڵۆنیا. کاپیتان هۆزەنفێلد، سەرسامانە گوێ لەو ژەنینە دەگرێت و دەکەوێتەژێر کاریگەری ئەو ژەنیارەوە. دیمەنی پیانۆژەن لەو ڕەوشەدا، برسێتی و پەرێشانی، ئەوە دەردەخات کە موزیکڤانەکەی هەناوی چەند زیندووە. ئەم دیمەنە بارگاوی بەدیمەنی ئەفسەرێکی تێر و پۆشتەی ئەڵمان، ئەفسوونی لێدەبارێت. دەمانخاتە.بیری ئەوەی هەن بەشێوە ئاوەدانن بەڵام لەهەناودا وێران، هەیشن وەک ئەوساتەی پیانۆژەن ڕووت و برسی، بەڵام بەهەست و بە ئەڤین چەند ئاوەدان!









پاش ئەوەی کاپیتان هۆزەنفێلد پرسیاری لێدەکات هیچت بۆ خواردن هەیە؟ پیانۆژەن دەڵێت، تەنیا ئەوە، ئاماژە بە قوتوەکە دەکات. کاپیتان دەڕوات و شوێنەکە بەجێدەهێڵێت. کاتێک کاپیتان هۆزەنفێلد دەگاتەوە مەڵبەندی کارەکەی دەبینین چ کاپیتانێکی بەدەسەڵات و پلەبەرزە. ئەو پاش کەمێک دێتەوە لای پیانۆژەن و خواردنی بۆ دەهێنێت. کاپیتان هۆزەنفێلد، خواردنەکە دەدات بە شپیلمان و ئەویش پاش ئەو هەموو کاتە دەستی لەخواردنی خۆش، بەسوود و پاک گیر دەبێت. چ ساتێکی کاریگەرە لەم بەسەرهاتە ڕاستەقینەیەدا، کێ باوەڕ دەکات؟ ئەمە خەونە یان ڕاستی! چ ساتێکە شپیلمان پەنجەی، کە ئاوازی لێ دەبارێت، دەکاتە ناو شیرینییەکەو دەیخاتە دەمی! پەرێشانی و گیرۆدەبوونی مرۆڤ! چەند سەختە کاتێک بەو جۆرە پێویستمان بە خۆراک دەبێت. چەند ستەمە کاتێک دڵڕەقانە مرۆڤ برسی بکرێت. هەموو ئەو شتانە لەو ساتەدا لەسیمای پیانۆژەندا دەبیندرێن، ئەوساتەی تامی شیرینییەکە دەکات. تا ئەو ڕۆژەی لەشکری ڕووس دێن و نازییەکان وارشۆ بەجێدەهێڵن، ئەو ئەفسەرە خواردنی پیانۆژەن دابیندەکات.

ڕۆژی کۆتایی کە یەکتری تێدا دەبینن، کاپیتان لە پیانۆژەن دەپرسێت:"ئەرێ بەڕاست کە هەموو شت تەواو بوو چ دەکەیت؟"ئەویش دەڵێت:"دەڕۆمەوە سەر کارەکەی خۆم، لە ڕادیۆی وارشۆ پیانۆ دەژەنم". کاپیتان هۆزەنفێلد کە تا ئەوساتە هەر بە"جوولەکە"بانگی کردووە، دەپرسێت:"ناوت چییە؟" وەڵام "شپیلمان"(وەکو پێشتر گوتمان واتە ژەنیار). کاپیتان هۆزەنفێلد دەڵێ:"ناوێکی چەند گونجاوە لەگەڵ تۆدا!".

بەرلەوەی بۆ دواجار بڕوات پاڵتۆکەی دادەکەنێت و دەیدات بە پیانۆژەن. ئەویش دەپرسێت:"ئەی خۆت؟" کاپیتان دەڵێت:"پاڵتۆی ترم هەس".

www.netewe.com

کاپیتان بە پیانۆژەن دەڵێت:"رووسەکان نزیک کەوتوونەوەو ئەوەندەی نەماوە". ئەوەندەو دەڕوات.
پاش ئەوەی رووسەکان دەگەنە وارشۆ، پیانۆژەن دێتە دەرێ و ئەوەندەی نامێنێت بەهۆی ئەو پاڵتۆیەوە کەلە بیری کردووە چ بەڵایەک و چ هێمایەکی ترسناکە لەبەریدا، ژیان لەدەست بدات. بەئاستەنگێکی زۆر لەدەستڕێژی رووسەکان رزگاری دەبێت.
چەند رۆژێک پاش ئازاد بوونی پیانۆژەن، کاپیتان هۆزەنفێلد دەبینینەوە، بەڵام بەدیلی لەدەستی رووسەکاندا، یەکێک لەوانەی لەوێوە تێدەپەڕن و رقی خۆیان بەسەر دیلەکانی ئەڵماندا بەجنێوی جوداجودا دەڕێژن، دەڵێت:"ژیانی منتان وێران کرد، کەمانچەکەمتان سووتان و هتد" کاپیتان کە گوێی لەو قسانە دەبێت هەڵدەستێت و قسەی لەگەڵ دەکات، لێی دەپرسێت:"شپیلمان دەناسیت؟"پیانۆژەن؟ بێگومان دەیناسم. کاپیتان دەڵێت:"دە من کۆمەکی ئەوم کرد و دەنگی منی پێبگەیەنە". کاتێک ئەو کەسە داوا لەکاپیتان دەکات ناوی خۆی پێ بڵێت، سەربازێکی رووس خۆی دەگەیەنێت بەکاپیتانی دیل و نایەڵێت ورتەی لە دەم بێتە دەرێ. بەو جۆرە دەنگی کاپیتان هۆزەنفێلد هەرگیز بەو پیانۆژەنە ناگات کە چ فریادڕەسێک بوو بۆی.
کاپیتان هۆزەنفێلد ساڵی ١٩٥٢ لە زیندانەکانی سۆڤیتدا دەمرێت و ڤلادیسلاو شپیلمان-یش لە ٦, ٧, ٢٠٠٠دا لە وارشۆ، لە تەمەنی هەشتاوهەشت ساڵیدا دەمرێت.

ئاستی هونەری:
پیانۆژەن، فیلمێکە بەوردی و شێوازێکی هونەری باڵا چەوساندنەوەو پاشان قڕکردنی جوولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە دەگێڕێتەوە. بەرهەمێکە لەئاستێکی وەهادا بەرجەستەکراوە بینەر بە یەکجار تەماشاکردن دەستبەرداری نابێت. راستییەکەیشی هەر وەهایە پیانۆژەن یەکێکە لەو فیلمانەی شایانی زۆرتر لەجارێک تەماشاکردنەو دەبێ چەند جارێک بچینەوە لای.
دیارە هەر جارەو بەهیچ جۆرێک لەتەماشاکردندا لەئاست و بڕی چێژوەرگرتن نایەتەخوارێ. بەپێچەوانەوە هەرجارەو چێژی خۆی هەیەو هەرجارە بینینێک، شتگەلێکی ورد لە بەرهەمەکەدا سەرلەنوێ دەبینین کە پێشتر دەرفەتی بینین یان هەستپێکردنیان نەبووە. بۆ؟ چونکە لەبەرهەمەکەدا وردەکاری، زانیاری، دیمەن و رستەی گرنگ ژمارەیان زۆرە.
دەرهێنەر رۆمان پۆلانێسکی"١٩٣٣" کە دەرهێنەرێکی فەرەنسی- پۆڵۆنییە، کارێکی کردووە بینەر سەرسام دەکات. ئەو لەرێگەی پیانۆژەنێکەوە شەرێکی سەخت و قڕکردنێکی پڕ مەرگەسات دەگێڕێتەوە. ئەگەر نەواکانی شپیلمان، ئەگەر سەمای پەنجەکان و هونەرە باڵاکەی نەبووبا، ئەم بەرهەمە گران لەسەر دڵ و ویژدان رادەوەستا، بەڵام ئەو نەوایانە پشووی رەنگین و ناقبەری نایابن لە کارەکەدا، کە بێگومان دەرهێنەر لێزانانە بەکاری هێناوون.
فیلمی پیانۆژەن، بەرهەمێکە سەرەڕای جوانی و چێژبەخشین، زۆریشی لێوە فێر دەبین.
* فریدەریک شۆپان"١٨١٠-١٨٤٩" موزیکچێکەر و پیانۆژەنی پۆڵۆنی، یەکێک بوو لە پیانۆژەن و موزیکڤانە گرنگەکانی سەدەی نۆزدە. کەسێکی زۆر گرنگی مێژووی موزیکە لەپۆڵۆنیا.
وێنەی ئەرشف. دووگێتۆی وارشۆ بە پردێک پێکەوە گرێدراون. ساڵی ١٩٤٢
ڤلادیسلاو شپیلمان لەناو خێزانەکەیاندا
پۆستەری فیلمەکە
کاپیتان و پیانۆژەن
لە وارشۆی وێرانەدا



www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٣/٢١-٤/٢٠

ئەمڕۆ هەست بەڕەشبینی دەکەیت، چونکە یەکێک لەهاوڕێکانت ئەوپڕۆژەیەی بەرنامەت بۆ داڕشتبوو ڕەتیدەکاتەوە. لەڕووی خۆشەویستییەوە پێویستە زیاتر دەست لەداواکانت هەڵگری بەرامبەر خۆشەویستەکەت، تاکو پەیوەندییەکەتان زیاتر بەهێز بێت.

## گا



٤/٢١-٥/٢٠

کۆمەڵێک کاری زۆر لەکارە سەرەکییەکەی خۆت دوورت دەخەنەوە، بۆیە پێویستە ئاگاداری کارەکەت بێت، لەماوەیەدا بیر لەخۆشەویستی مەکەرەوە، بۆ هەندێک ئامانجی دیکە هەوڵەکانی خۆت بەگەڕ بخە.

## دوانە



٥/٢١-٦/٢١

لەڕووی کارەوە قۆناغێکی باشت بڕیووە، بەڵام هەوڵی زیاترت پێویستە، لەڕووی خۆشەویستییەوە ئەمڕۆ زۆر بەهێزتر دەردەکەویت.

## قرژاڵ



٦/٢٢-٧/٢٢

ئەوەندە بیرمەکەرەوە، پێویستە زیاتر بابەتی بیت، نێوانی تۆ و خۆشەویستەکەت لەکاتێکی خراپدا گـوزەر دەکـات، پێویستە هەوڵبدەی ئەمکاتە خراپە تێپەڕێنی.

## شێر



٧/٢٣-٨/٢٢

بوارێکی زیاتر بەهاوڕێ و نزیکەکانت ببەخشە، تا بیروڕاکانیان دەربڕن، هەڵسووکەوتت بەرامبەر خۆشەویستەکەت گۆڕاوە، ئەمەش بووەتە هۆی ترسی ئەو.

## گوڵەگەنم



٨/٢٣-٩/٢٢

پێویستە ڕێگەی دیکە بۆ بەڕێوبردنی کارەکانت بدۆزیتەوە، ئەگینا ڕووبەڕووی کێشە دەبیتەوە، پێویستە دەستپێشخەری بکەی لەبەخشینی خۆشەویستی بەهاوسەری ژیانت.

## تەرازوو



٩/٢٣-١٠/٢٣

لەڕووی کارەوە ئەمڕۆ بۆ تۆ زۆر قورس دەبێت، بەهۆی ئەو هەڵەیەی کردووتە. ئەوەندە لۆمەی خۆشەویستەکەت مەکە لەسەر ئـەو هەڵانەی کردوویەتی.

## دووپشک



١٠/٢٣-١١/٢١

کارەکەت تووشی بێتاقەتیت دەکات، بۆیە هەوڵبدە بۆ دۆزینەوە کارێکی دیکە، کە زیاتر سوودی بۆت هەبێت، ژمارەیەکی زۆر خەڵک سەرسامن پێت، بۆیە هەوڵبدە لەخۆت نەگۆڕێی.

## کەوان



١١/٢٢-١٢/٢١

زیاتر دیبلۆماسی بە لەکارکردن و هەڵسووکەوتت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت نەرمونیان بە، چونکە پێویستی بـەسۆز و لاوانـدنەوەی تـۆ هەیە، بەتایبەتی لەئێستادا، چونکە باری تەندروستی وەک پێویست نییە.

## گیسک



١٢/٢٢-١/١٩

ئاگاداری خۆت بەو هەڵەی زیاتر مەکە تاکو زیـان بـەکـارەکـەت نـەگـات، داوای هاریکاری لەخۆشەویستەکەت بکە، چونکە لەم ماوەیەدا زۆر پێویستت بەوە.

## سەتڵ



١/٢٠-٢/١٨

وردبین بەو بەسۆز بڕیار مەدە، پێویستت بەزیاتر بابەتیبوون هەیە، خۆشەویستەکەت چاوەڕێت ناکات، بۆیە پەلە بکە لەبڕیاردان، چونکە گومانت لێدەکات.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

تـۆ مرۆڤێکی بـــەردەوام بیر لـەسـەرکەوتن دەکەیتەوە، ئەمخاڵەش بـەرەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجەکان ئاراستەت دەکات، لـەڕووی خۆشەویستییەوە ئەوەندە خۆپەرست مەبەو زیاتر سۆز بەخۆشەویستەکە ببەخشە.

www.netewe.com

# U & G Lady Saloon

Uğur Gökhan

ئارایشگای U & G لیدی

U & G ليدي صالونْ

صالوني توركي







سشوار - پرچ بڕین
- مێش - ڕازاندنەوەی
بووک - مەکیاژدانانی
قژ - خاوێنکردنی
نینۆکی دەست و پێ و
درێژکردنی نینۆکەکان -
تاتۆی برۆ - تاتۆی لێو







ناونیشان: هەولێر - عەنکاوە - شەقامی
قەسرا بەرانبەر ریستورانتی ئێڤری دەی

شامپۆی
سروشتی مایرا
بۆ ڕێگرتن لە
هەڵوەرینی قژ
و بەهێزکردنی



Tel: 0750 303 8892
E-mail: u_gladysalloon@hotmail.com

www.netewe.com

# HPUST

HAWLER PRIVATE UNIVERSITY FOR SCIENCE & TECHNOLOGY

زانکۆی هەولێری تایبەت بۆ زانست و تەکنەلۆژیا

جامعة هەولیر الخاصة للعلوم والتكنولوجيا

## زانكۆی هەولێری تایبەت بۆ زانست و تەكنۆلۆژیا

### بەشەكانی زانكۆ

- ★ ئەندازیاری نەوت
- ★ شیكردنەوەی نەخۆشیەكان
- ★ بەشی زانستی دارایی و بانكەكان
- ★ بەشی بەڕێوەبردن و كارگێری
- ★ ئەندازیاری ژینگە
- ★ كۆلیژی یاسا
- ★ بەشی بازارگەری
- ★ بەشی ژمێریاری

زانكۆ دەرچووانی بەشەكانی زانستی و وێژەیی و بازرگانی وەردەگرێت

مەلبەندی سەرەكی : هەولێر / حەی عەسكەری / شەقامی نەورۆز

لقی عەنكاوە :عەنكاوە / پشت شاری یاریەكان

07700448178-07503110381-0662645661

لقي سليَماني : 07701524548 - 0533122156

لقی دهۆك : شەقامی نوهدرە : 07504591147



E-mail : info@hpust.com

www.netewe.com











# کۆمپانیای ئاليا

ALYA

بۆ دەرگای و جوانکاری ناوماڵ

- دەرگای ژوور
- دەرگای مدخل
- پارکێکی ئەرز
- کاغەزی دیوار
- کــــەوەنتەر

بریکاری کۆمپانیاکانی( BAY DOOR · Door Art · Erismann · BAY FLOOR )ـی تورکی

هەولێر: ڕێگای کۆیە-نزیك نەخۆشخانەی ڕەسولی تایبەت

07507115311- 07507115211

ALYA.CO

www.netewe.com





